دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصلح جەلالی

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

هاوکاری
التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

پێنج شەممە ٢٧/١١/١٩٨٦ ژمارە ٨٦٧
١٢ لاپەڕە
بە ٥٠ فلسە
الخميس ٢٧/١١/١٩٨٦ العدد ٨٦٧

لەم ژمارەیەدا

● وتەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن دا.
● چەند وتارو رەپۆرتاژ دەربارەی قیستیفالی مەربەدو رۆژی شەهید.

سەرکردە صدام حسین سەرلە وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن دەدا

ئامانجی راگەیاندنمان دەرخستنی راستی یە

لاراك بووبە خۆڵەمێش

هەڵۆ نەبەردەکانمان ١٢٥٠ کیلۆمەتر دەبڕن و بەندەرو شۆستەی بارکردن و ئەنباری نەوت و کەشتیەکان دەسووتێنن

هێزی پاڵەوان و نەبەردی ئاسمانیمان سەرکەوتنێکی مەزن و دیاریان تۆمارکرد کە دەخرێتە سەر سەرکەوتنە مەزنەکانی هەڵۆ پاڵەوان و نەبەردەکانمان بۆ تێك و پێك دانی بنەمای دەستدرێژیەکانی ئێران.

ئەوەبوو پاش نیوەڕۆی سێشەممە فڕۆکەوانە دلێرەکانمان ڕێگایەکی ئەوتۆیان بڕی کە پتر لە هەزارو دووسەدو پەنجا کیلۆمەتر لە سنووری نیشتمانەکەمانەوە دوورە بۆ ئەوەی دەست لە بەندەری لاراك و ئەو ئەنباری نەوت و شۆستەی بارکردنی نەوت و شت و مەك و گومرایانی نێو دوورگەکە بووەشێنن و ئاگری هەق و مافیان تێبەربدەن و خاپووریان بکەن و مژدەی سەرکەوتنی گەورەو مەزن بۆ سەرەکی بەڕێز صدام حسین و گەلی نەبەردی عیراق بهێننەوەو بە ساغ و سەلامەتی بۆ خاکی نیشتمان بگەڕێنەوەو ئەوە بچەسپێنن کە هەموو دەزگایەکی دوژمن و بنەمایەکی ئابووری دوژمن لە دەستی باڵای گەلی عیراقەوە بەدوور نین و ئەم کارە پاڵەوانیەتە دەبێتە وێردی سەر زمانی جیهان و بە درێژایی ڕۆژگار لەبیر ناچێتەوە.

ئەمەو لەلایەکی تریشەوە پەنجاو چوار فڕۆکەی جەنگیی عیراق بەیەك جار چەند هێرشێکی توندوتیژیان کردووەتە سەر چەند دەزگاو شوێنی گرنگی سەربازیو سوپایی دوژمن لە قووڵایی خاکی ئێران دا، ئەوە بوو هێرشەکانیان ئەم دام و دەزگایانەیان گرتەوە:

وێران کردنی سەدو پەنجا ئەنباری چەك و تەقەمەنی لە سەربازگەی دیزفول، هێرش بردنە سەر بنکەی دوو یەگانەی سوپایی ئاسمانی لە دیزفول، هێرش بردنە سەر سەربازگەی (دکوا)و وێران کردنی، هێرش بردنە سەر ئێستگەی شەمەندەفەری ئەندیمەشك کە بۆ گواستنەوەی سوپایی بەکار دەهێنرێت، هێرش بردنە سەر بنکەی مووشەکی زەمین بە ئاسمانی هۆك لە دیزفول و لە هەموو ئەم هێرشانەدا شوێن دەستی پاڵەوانە دلێرەکان دیاربووەو ئاگریان تێبەرداوون و وێرانیان کردوون و بە ساغ و سەلامەتی بۆ خاکی نیشتمان گەڕاونەتەوە.

جگە لەوەی کە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی نەبەردمان چەندین هێرشیان کردووەتە سەر سەنگەری هێزەکانی دوژمن لە هەموو کەرتەکانی جەنگ کە تەنیا سێ شەممە ژمارەی هێرشەکانیان گەیشتووەتە (١٦٤)

بروانە ل١١

سەرەکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دووپات دردەوە کە ئەیاندن لای ئێمەو لای ئەوانیش کە ئیشی تیا دەکەن چونکە هەمان تێڕوانینیان هەیە، بریتی نیە لە حاڵەتێکی پروپاگەندە کردن بەڵکو بریتیە لە حاڵەتێکی دەربڕینی ڕاستی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و .. بریتیە لە حاڵەتێکی خولقاندنی بارو دۆخی شیاو بۆ ئەوەی کارێکی وا بکا هۆکارەکانی هێز لە بواری ڕاگەیاندندا کارێکی ڕاست بکەنە سەرژیان و بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی بۆ کەرتی ڕاگەیاندن دانراون.

هەروەها لە کاتی سەردانیا لە وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن و قسەکردنیا لەگەڵ کارکەرەکانیا جەنابی سەرەکی فەرمانده وتی.. لام وایە هەست بە هەڵسەنگاندنی سەرکردایەتی دەکەن بوتان لە هەموو درێژەیەکی ئەو کارانەتانا کە هەموو ڕۆژێ دەیکەن چ ڕاستەوخۆ بە هۆی ئەوانەوە کە پێوەندیان هەیە یا بە هۆی نوێنەرەکانتانەوە.

هەڵسەنگاندنی سەرکردایەتیش لە سەر هیچ بنیات نەنراوە بەڵکو لە سەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەو عەمەلی دەوری نیشتمانپەروەردانەتان دانراوە لەم قۆناغە ناسکەی ژیانی عیراقدا.

ئەنجا سەرەکی بەڕێز وتی ڕاگەیاندن دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لەوەدا کە کارێکی وا بکا سەرباز نیشانە بپێکێ بە هۆی ئامادە کردنی

بروانە ل١١

عیراق بە ئەنجوومەنی ئاسایش ڕادەگەیەنێت کە ڕژێمی ئێران لە بۆردومان کردنی گەرەك و ناوچە شارییەکان بەردەوامە

عیراق بە ئەنجوومەنی ئاسایش ڕاگەیاند کە ڕۆژی دووشەممە ئێران چەند هێرشی دەستدرێژییانەی نوێی کردووتە سەر ناوچە شارییەکانی عیراق.

لە نامەیەك دا کە نوێنەری هەمیشەیی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان دا بەڕێز عصمت کەتانی پێشکەش کردووە کە شاری بەسرەو قەزای قورنەی هەمان پارێزگا ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لە لایەن توێخانەی دوورەمەودای ئێرانەوە بۆردومان کراوە.

لە نامەکەدا کە بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (خافییر بیرێز دی کویلار) دراوەو بە سەر ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش دا دابەش کراوە هاتووە ئەو بوردومانە بووەتە هۆی شەهید بوونی دوازدە هاوڵاتیی شاریو بریندار بوونی چل و حەوت کەسی تر.

سەرەڕای خاپوورکردنی دوو خانووبەرەو زیان گەیاندن بە هەشت خانووی ترو نەخۆشخانەیەك و بیست و سێ ئۆتۆمبیل.

سوپاس

سوپاسی مامۆستا بەکر محمود رسول دەکەین بەناردنی چەپکێ گوڵ کە لەیادی لەداییك بوونی گۆڤاری بەیان دا بۆ دەستەی نووسەرانی تاردوە.

هەروەها سوپاسی ئەو مامۆستایانە دەکەین کە چەپکە گوڵیان ناردوە یاخود بەتەلەفۆن پیرۆزباییان بەم بۆنەیەوە لێکردوین.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەیان

ئەردەن لە گەڵ عیراقدایە

مەلیك حسین مەلیکی ئەردەن دووپاتی کردەوە کە ئەردەن تەك عیراقدایە لەبەرگری یە دادوەریانەی دژ بە دەستدرێژی ئێران.

هەروەها مەلیك حسین تێڕوانینی عەرەب دا وەك یەکن سەبارەت بە مەسەلەی چەك دان بە ڕژێمی ئێران لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ئەویش لەو کۆبوونەوەدا کە لە شاری عەمان بە ئەنجامی گەیاندبوو تەك وەفدی کۆنگرسی ئەمریکا دا بە سەرەکایەتی ڕۆی دایسن کە ئێستا سەر لە ئەردەن دەدات.

ڕەفسەنجانی سەر لە نوێ ددانی پێدا دەنێت

لەو وتانەی ڕۆژی دووشەممە بەزمانی ڕەفسەنجانییەوە بڵاو کراونەتەوە ددانی بەوەدا ناوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەکی بە ئێران داوە.

لە هەوڵێکیدا بۆ داپۆشینی ئەم ڕیسوایە وتوویەتی ئەو چەکانەی واشنتۆن بۆ ئێرانی ناردوون مووشەکی هۆکی دژ بە فڕۆکەیان تێدا نەبووە.

شایانی باسە کە ڕەفسەنجانی یەکەمین کەس بوو بەر لە سێ هەفتە دەنگ وباسی ئەو چەك ناردنەی بڵاوکردەوە.

بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدەوە

شەهید لە دڵ و ویژدانی هەموومانداید

لە یەکی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێك دا، هەموو عیراقییەکان بەشکۆو ڕێزەوە یادی شەهید دەکەنەوەو، گوڵ و بون لەسەر کڵکۆی شەهیدان دادەنێن و دەپڕژێنن و، وا چەند ڕۆژێکی تر ئەو یادە ڕۆژە پیرۆزە سەرلەنوێ سەرمان لێدەداتەوەو، لەو ڕۆژەدا لە هەموو لایەکی نیشتمانی سەرەك صدام حسین دا، گەورەو وردو درشت ڕێزو شکۆی خۆیان سەبارەت بە شەهیدان دەنوێنن و لەناو دڵ و ویژدانی خۆیان دا دەیانژێننەوەو هەرگیز لەیادیان ناکەن.

شەهیدیش بووەتە ڕەمزێکی زۆر مەزنی عیراقییەکان، بۆ ئەو قوربانیو خۆبەخت کردنەی لە پێناوی سەربەرزیو سەرفرازیی خاکەکەیدا داویەتیو، دژ بە دوژمن و کینە لەسکان ڕاوەستاوەو گەوی شەهیدبوونی بۆ خۆی بردووەتەوەو، بەهەشتی بەرین و ناوی نەمریی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

وەنەبێت شەهید لە ڕاوەستان و سەربەرزیدا درێغیی کردبێت و لەبیر بچێتەوە، نا.. نا، شەهید ئەو کەسەیە کە بە پڕ دڵ و گیانەوە هێزی داوەتە خۆیو مەرگی بە چۆك دا هێناوەو ڕوو بە ڕووی چەپەڵ ترین هەوڵ بووەتەوە کە ئامانجی سەرکوت کردنی گەل و خاکەکەی بووە، بۆیە ئەو خوێنە

بروانە ل ١١

وتەی هاوکاری

کردارێکی مەزن و دەست وەشاندنێکی مەردانە

دوای ئەوەی هەڵۆ نەبەزە قارەمانەکانمان دوورگەی نەوتی (خەرج)و (لافان)و (سری)یان هەڵتەکاندو بە ڕژێمی ئێران و هاوپەیمان و ئاغاکانیانیان سەلماند کە هیچ مەلبەندو دەزگایەکی نەوتیو ئابووریو پیشەسازی ئێران هەرچەندێك دوورین لە دەست هەڵۆنەبەزەکانمان قورتاریان نابێو بەئاسانی دەتوانن لە ناویان بەرن وەك لە ناویان بردن.

ئیتر ئێران کەوتە ئامادەکردنی دوورگەی (لاراك) کە دەکەوێتە دەروازەی خوارووی کەنداوی عەرەب و دوورترین شوێنی تەنگی هورمزەوەو هێشتا ئەوەندە نەوتی لێوە نەناردبوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا ئەوانەی کە هەر بەجنسیە عەرەبن کەوتەوە تەپڵ لێدان و وەك ئەوەی موعجیزەیەکیان بەجێهێنابێ دەستیان کرد بە بەندو بالوڕەلێدان کە ئیتر گوایا لەمەودوا بە ئاسانی نەوتی خۆیان بۆدەرەوە دەنێرن و لەبەر ئەوەی کە ئەم دوورگەیە (١٢٥٠) کیلومەتر لەسنووری عیراقەوە دوورە فڕۆکەی عیراقی ناگاتیو لە لێدان بەدوور دەبێ.. لەگەڵ خۆیان دا هەندێ زورنالیدەری بێگانەش لەرێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە کەوتنە بلوێرلێدان کە گوایا ئەم کاردە واتە کرداریئامادە کردنی لاراك بۆ نەوت ناردن کرداریکی گەلی گەورەو بە بەهرەیەو ئیتر ئێران یەکجاری نەوتی خۆی لەدەست فڕۆکەکانی عیراق ڕزگارکردوە..

وادیارە ئەم بەندو بالوڕە لێدەرانە باش لە توانای عیراق نەگەیشتبون و نەیاندەزانی کە توانای ئێمە لە رادە بەدەردو ئەوەی بەخەیالی ئەوان دا نایە ئێمە لە دەستمان دێ.. بۆیە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەوان و بەگشت جیهانی بسەلمێنین ئێمە چین لەسەر ئامۆژگاری سەرکردەی مەزنمان صدام حسین هەڵۆ دلێرەکانمان بەکۆمەڵی فڕۆکەود نیشتنە سەر دوورگەی لاراك و هەرچی تانك و شۆستی نەوت بارکردن و ئامرازی ناو دوورگەکە بوو لە بنیان هەڵتەکاندو ئەوەی ئەوان و هاوپەیمانەکانیان بە موعجیزەیەکی گەورەیان دادەنا لە ماوەیەکی گەلێ کورت دا ئاگری تێبەربووو دۆکەڵی ئاسمانی ناوچەکەی دایۆشی بەم جۆرە لاراکیشیان خۆمان خۆش و هەرچیەکیترو

بروانە ل١١

بەرهەڵستکارییەکی توندی دژ بە سیاسەتی خومەینی

هاشمی ڕەفسەنجانی بەناو سەرەکی ئەنجوومەنی شوورای ئێران ددانی بەوەدا ناوە کە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەنی بەرهەڵستکاریی سیاسەتی خومەینی دەکەن کە سەرزەنشتی کردن سەبارەت بە بیرو ڕاکانیان لە بارەی سیاسەتی ڕژێمەوە.

وتووشیەتی ژمارەیەك لەو ئەندامانە ڕایان سپاردووە نارەزایی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەت و هەڵسیو کەوتەکانی خومەینی پێ ڕابگەیەنێت و زۆربەشیان نارازین سەبارەت بەوەی خومەینی جنێوی پێ داوون.

هەروەها ڕەفسەنجانی بیانووی بۆ جنێوەکانی خومەینی دژ بە ئەندامانی ئەنجوومەنی هێناوەتەوە بە لاف لێ دانی ئەوەی گوایە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی ئەنجوومەن دەنگی خۆیان دژ بە سیاسەتی ڕژێم و دژ بە خومەینی ئاشکرا کردووە.

حافظ أسد چوارمین لایەن بووە لە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆن و تاران و تەل ئەبیب دا

گۆڤارێکی میسری دووپاتیکردەوە کە پەیوەندییە نهێنییەکانی ئەمریکا تەنیا تەك ڕژێمی ئێران دا نەبووە بەڵکوو لێپرسراوانی ڕژێمی سووریایشی گرتووەتەوە.

گۆڤاری (صباح الخیر)ی هەفتانە لە وتارێك دا پەردەی لەسەر ڕووی ئەوە لاداوە کە موخابەراتی ئەمریکا ولیەم کیسی‌ی سەرەکی خۆی لە سەرەتای تەمووزی ڕابوردوودا بە ئەرکێکی نهێنی بۆ دیمەشق ناردووە تا ئەو ڕێککەوتنە نهێنییە جێبەجێ بکات کە جێگری سەرەکی موخابەراتی ئەمریکا جەنەرال فرنۆن والتزمر تەك حافظ أسددا لەکاتی سەردانەکەیدا مۆری کردبوو.

ڕێککەوتنەکە لە نێوان حافظ أسدو فرنون دا ئەوەی تێدایە کە ڕێ بدرێت هێزەکانی سوریا بچنە بەیروتی ڕۆژ ئاواوە تەك چەند ناوچەیەکی خوارووی لوبنان دا بۆ گەمارۆدانی هێزە فەلەستینیەکان و لەناوبردنیان شان بە شانی ڕێککەوتنێکی ئاسایشیانە لە نێوان ڕێکخراوی بەکرغێگیراوی (امل)و زایۆنیی دوژمن دا.

یۆنان و دانیمارك هەوڵی ئەوە دەدەن پەناهێنەرەکانی ئێران ڕوو نەکەنە ئەو دوو وڵاتە

چەند ئەفسەرێکی سەربازی لە ناوچەی ئەفرۆسی باکووری ڕۆژهەڵاتی یۆنان دا وتوویانە دەورییەکانی سەرسنوور کە ژمارەیان پەرەی سەندووە بەریان لە پەناهێنەرە ئێرانییەکان بریوەتەوە کە لە سنووری تورکیاوە بۆ یۆنان دەپەڕنەوە.

وتووشیان لە ماوەی مانگێك دا ئەو پەناهێنەرانە پتر لە بیست جار هەوڵیان داوە بچنە یۆنانەوە بەڵام ئەشك گرەکانی قابلیان کردوون بگەڕێنەوە دواوە.

لە هەمان بوارەوە دانیمارك لەم دواییەدا چەند مەرجێکی داناوە بۆ دەستکەوتنی ڤیزە بەڕێژەی پەناهێنەرەکانەوە ئەویش بۆ کەم کردنەوەی قەوارەی کۆچ کردن کە حکوومەت وتویەتی قەوارەکەی بە ڕادەی قەوارەی لە دایك بووانە لەو وڵاتەدا.

Institut Kurde de Paris

لە حەوتەمین فیستیڤاڵی مەربەد.دا:

شیعر بۆ نەبەردیی عیراق سروود دەڵێت

● پتر لە دوو هەزار شاعیرو نووسەرو ڕەخنەگر لە هەموو لایەکی جیهانەوە، حەوتەمین فیستیڤاڵی ـ مەربەد ـ لە بەغدا لە ماوەی نێوان (٢٢)ی تشرینی دووەم تا (١)ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ پێشوازییان لێ دەکات.

هەڵگرانی وشەی سەربەست کۆرانییان بە باڵای بەغدای جوان دا وتەوە کە بەم زەماوەندو شاییەی (مربەد)ە ڕایهێناوون کە بوومتە ڕەووشتێکی ساڵانە هەموو شاعیران لە هەموو نەتەوەو ئایینێک بۆ ماوەی دەڕۆژ بەیەک دەگەن و بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە دەوری کوانووی ئەوین لە بەغدای بووکە شارەکەی عیراق دا کۆ دەبنەوە.

هەموو شتێک لێرەدا جوان و ڕازاوە بوو هەمووان پێشوازییان لە وانەی کرد کە هاتوون بگرە گوڵاڵەیش. بارانیش بگرە جەنگاوەرەکانیش لە سەنگەرەکانیان و لەپشتەوەی سەنگەرەکانی بەرەوە.

لە ڕۆژی دەست پێکردنی فیستفاڵەکەدا، لەو ڕۆژە تشرینییە هەتاوییەدا، گەرووی مەربەدییەکان ئامێزیان بۆ بەغداو خۆڕاگرتنی دانیشتووانی بەغداو چاوتێریی گەلی نەبەردی عیراق کردەوە.

بەڕێز لطیف نصیف جاسم بەوتەیەکی دەربڕینەر سڵاوو ڕێزلێنانی سەرکردایەتیو گەلی پێڕاگەیاندن و گوتی:

«خۆم بە بەختیار دەزانم کە ڕۆژان زوو تێپەڕین تا ماوەمان بدات دووبارە لەم شوێنەدا بەیەک بگەیەینەوە تا سەرنجی دەم و چاوی پڕ لە موژدەتان بدەین. تا لەو هونراوانەی دەیلێنەوە... بەرگوێمان بکەوێت و لە هەستتان بەرانبەرمان هەست بەو سەرچاوەی هێزو وزە گیانییە مەزنە بکەین لە ڕووبەڕووبوونی

ئەوان وتیان بەر لەوەی کۆچی لای یەزدان بکەن. کەواتە درووودیان لێ بێت و بەهەشتی نەمری جێیان بێت. بەهۆی قوربانیدانیان و بەهۆی ئەو خوێنە گەشەوە کە خاکی عیراقیان پێ ئاودێری کرد تا ئازادو سەربەست بێت ئەوا ئێمە لێرەدا کۆدەبینەوەو. شیعر دەڵێین و وشەی سەربەست و دڵنیاو بەهێز دەڵێین تا لە بیری ڕۆژگاردا بچەسپێت و بەرگی بەردەوامیو نەمری بپۆشێت.

لە کۆتایی وتەکەیدا دووبارە سوپاسی ئامادەبوونی کرد هیوای سەرکەوتنی فیستیڤاڵەکەی خواست.

لە یەکەمین ڕۆژی پێش دەست پێکردنی فیستیڤاڵەکەدا مەربەدییەکان سەریان لەیەکێك لەبەرەکانی جەنگ داو هونراوەکانیان خوێندەوەو. زۆر لەشاعیران ڕاستکۆیی خۆیان نەشاردەوە سەبارەت کارتێکردنی سەر دانەکەو ئەوە بوو هونراوەکانی چاو بەزبڵێنێکی مەزن بوو بۆ ئەو پاڵەوانە نەبەردانە.

● لە ڕێگای فیستیڤاڵی مەربەددا چەندین ئێوارە کۆڕو بەیانییە کۆڕێش بۆ خوێندنەوەی شیعر تەرخان کرا سەرەڕای دانیشتنە ڕەخنەییەکان کە چەندین نووسەرو ڕەخنەگری عیراق و چەندین وڵاتی تری عەرەب قسەیان تێدا کرد.

وەفدەکانیش سەریان لە مەڵبەندی هونەریی صەدام دا بۆ بینینی ئەم مەڵبەندە شارستانییە گەورەیە. مەرەمەکە سەریان لە شاری (حەدبا)دا کە چەندین ساڵ لە ڕووی فارسە داگیرکارەکان دا ڕاوەستا تا شیعر لە نێوان شارستانیەتی نەمرودو شایەنی نەمری ڕۆژگاردا بڵێنەوە. جگە لەوەی کە سەریان لە شاریئ بابل و کەربەلاو نەجەف دا.

● ذکریات محمد حسن ●

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن سەرەکی دەستەی باڵای میهرەجانی مەربەد چاودێریی چەند چالاکییەکی کرد کە لە پەراوێزی فیستیڤاڵەکەوە ئەنجام دران.

ئەوەبوو وەزیری بەڕێز پێشانگای پێنسەد کتێبی دەزگای گشتیی ڕۆشنبیریی سەر بە وەزارەتەکەی لە هۆڵی ئۆتێلی مەنسوور میلیا کردەوە، هەروەها پێشانگای دەزگای نیشتمانیی بڵاوکردنەوەی لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی مەربەددا لە هۆڵی ئۆتێلی مەریدیان دا کردەوە.

جگە لەوەی بەڕێزی بە تەنگی ئەوەوە بوو هەموو ڕۆژێك بامادەی هۆڵی شیعر خوێندنەوە ببێت و گوێ لە دەنگی هونراوەی شاعیرەکان بگرێت و لە نزیکەوە هەواڵیان بپرسێت و لە تەندروستییان دڵنیابێت.. ئەمەیش جێی ڕێزو سوپاسە لەلایەن وەزیری بەڕێزەوە.

چاوکەوتنی شاعیرەکانی مەربەد بە جەنگاوەرە عیراقیەکان لە بەرەکانی جەنگ دا ڕووداوێکی گەورەبوو لە مێژووی شیعرو ئەدەب دا، گەرانەوەیەکی ڕاستەقینەش بۆ جەوهەری شیعری عەرەبی کە گیان و ژیانی خۆی لە نەبەردیی پاڵەوانان و ڕۆژگارەکانی ئەوسای عەرەب وەردەگرێت.

لەو چاوپێکەوتنەدا هەست و نەستی شاعیران وورووژاو هەموویان هەستیان بەو دەست کورتییە کرد کە هونراوەیەکی وا بنووسن بگاتە پلەو پایەی ئەو داستانەی سەربازە دڵێرەکان بە خوێن و عارەق و گڵێنەی چاویان تۆماری دەکەن.

هەمووان بە دووی ئەلف وبێیەك دا دەگەڕان ئەوەبوو لە ووشە.. دارژاوەکانی ژیانی بەرەکانی جەنگ دا دۆزییانەوە.. لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگاوەرە عیراقییەکان دا..

لەوێدا وازیان لە کێش و سەروا هێناو بە ئەوپەڕی سەرسوڕمانەوە گوێیان لە دەنگی هونراوەیەك دەگرت تەك دەنگی تۆپخانەو گیژەی گوللەدا یەکیان دەگرتەوە.

بەم چەشنە شۆڕە سوارانی تفەنگ و هونراوە یەکیان گرتەوەو هەموو دڵێك لە خۆشیدا شاگەشکەی کرد بەو هەتاوەی لە بەرەوە پرشنگی بەسەر دیوانی شاعیران دا پرژاندو گەرماو هیوای پێ بەخشین.

دەستدرێژیی خومەینی ـ زایۆنیی تاوانکاردا کە مەبەستی وڵاتەکەتانە کە عیراقە.

وتیشی: ئێوە چەندین برای شاعیری وەك خۆتان هەیە چامەکانیان بە لوولەی تفەنگ دەنووسن. لەوانەیش هەیانە نەبەردیی شەهیدبوون لەبەر دەکات و بەهەشتی یەزدانی دەستگیر

دەبێت و، داستانێکی هونراوەیی نایاب و نەمر بەجێ دەهێڵێت. لە داستانی گلگامش جوداواز نەبێت. یان لە چامەی شاعیرە گەورەکانی مێژووی عەرەب جوداواز نەبێت. ئەوەیش داستانی شەهیدیو نەبەردییە. چامەکانی نەبەردی دەخرێنە سەر ئەو چامانەیەتان کە لەم فیستیڤاڵەکانتان دا دەیانڵێن و، لە مێژووی نەتەوەدا تۆمار دەکرێن. شەهیدان لەلای یەزدانی خۆیان زیندوون و دەژین. گومانیشی تێدا نییە کە گوێ لە چامەکانتان دەگرن و بەراووردی نێوان ئەوانە دەکەن کە دەیڵێن و ئەوانەی

ئەرێ ڕژێما خومەینی حەلال و حەرامی دزانیت...؟

مختار فائق

ئەو کەسێ هویر ڤەکۆڵیت دسەروبەرێ شەڕێ عیراقی یێ ئیرانیدا.. دێ بدرستی بۆ خویاو ئاشکەرا بیت کو سیاسەتا ئیرانێ دبەردەوام بونا شەڕێدا دژی عیراقێ یا گەهشتیە قوناغەکا ڤرت و ڤالا وبێ ووج و قازانج.

ئەڤ چەندە ژگەلەك لایان ڤە یا هاتیە بنەجیهـ کرن ئەوەی سەرێ شەڕێو هەتا نهۆ.. نەکو هەر ل دەلیڤێ مەیدانا شەڕێدا.. بەلکی دهەمی دەلیڤێت دێداو نەخاسمە دەلیڤێ ئابورێو نەخاسمە ژی پشتی وان دربێت دژواریت فروکەڤانێت مەیێت خورت و زیرەك بۆ سەر وان کارگەهو عمبارێت ئابورێو بازرگانیو دام و دەزگەهێت نەفتا ئیرانی.. کو ئەڤان دربێت دژوار کارەکێ دژوارێ مەزنێ کریە سەر هێزو شیانا ئیرانێ یا عەسکەرێو ئابورێو خو کۆمەلایەتی ژی.. چنکو برس و دەست کورتی نەخۆشی هندا بەلاڤ بۆی دئیرانێدا کو یابۆیە ئەگەرا پەیدابونا داکەتن و بێهیڤیو بێ ئومێدیێ دناڤ کورێت ملەتێت ئیرانێدا.

هەروەسا وەل ئیرانێ هاتیە کۆ نەشێت پروگرامێت خۆو نەخشێت خۆ بێت دژمنکارێ بجهـ بینیت دژی عیراقێ.. ئەڤێ چەندێ ژی یا بۆیە ئەگەرێ پەیدابونا نەکامیو هەڤرکیەکا مەزن لناڤ بەرا ئەندامێت مەزنێت رژێما خومەینی بۆ هاتنا وان بۆ سەر حوکمی.. هەرچەندە ئەو بخۆژی نهو باش دزانن کو کورسیا حوکمی یا سست بۆی دێ لڤان نێزیکا شکێت و هەرفیت و وان ژی هەمیا دگەل خۆ دێ وێران کەتن.

ئەو قەسەو قەسەلۆکێت رژێما خومەینی بخۆ دبێژن و سەرفە سەرفە دیاردکەن و هەرەشەی پێ دبەنە سەر ئەمریکاو دبێژنێ شەیتانێ مەزن.. لێ لراستیا وان ئەو ژبن پەردەی دەستێ خۆ درێژدکەن بۆ ئەمریکای داکو چەکی بدەتە وان وئەو سەرەدانا ماکفارلێن پێ رابۆی بۆ تەهرانێو ئەو پێشوازیا وان بۆ ماکفارلێن کرێو پشتی هنگی هنارتنا چەك و تفاقێ ئەمریکی بۆ ئیرانێ بریکا بەندەرا (ئیلات) یا زایۆنی. ئەڤ چەندە هندێ بۆمە روهن و ئاشکەرا دکەت کو رژێما ئیرانێو دەستەکا وێ لسەرفە سەرفە تشتەکی دبێژن و خۆ ل بەرەیا دژی ئیمپریالیزم و زایونیزمێ ددانن.. بەلێ هەکە بێیە راستیێ.. دێ بینی کو پێکهاتنێت هنارتنا چەك و تفاقێ ئەمریکی بۆ تەهرانێ لژێر پەردەی دهێنە کرن و چەك دهێتە هنارتن ژ واشنطن بۆ ئیرانێ دریکا بەندەرا (ئیلات) یا دژمنێ زایۆنی..

ژڤێ هەمێ بۆ مە دیاردبیت کو رژێما ئیرانی رژێمەکا (ئینتهازیە)و تنێ دڤێت هەر ئەو بمینیت لسەر حوکمیو چیا بڤێت هەرکەت بێ شەرم و حەیا بەس ئەو بمینیت و بەردەوام بیت لسەر دژمنکاریا خۆ دژی عیراقێ..

رژێما خومەینی یاکو هاریکارێو چەك و تفاقی حەلال بکەت دگەل دژمنێ زایۆنی چەوا دێ پەیوەندیاو هاریکارێ حەرام کەت دگەل ئەمریکای؟.. نەخێر رژێما خومەینی دێ یا بەردەوام بیت ب پەیوەندیت خۆ دگەل ئەمریکای ودگەل دژمنێ زایۆنی.. لێ ئەم نە دخەما وێ هاریکارینەو نە دخەما وی چەك و تفاقینە بێکو ئەمریکاو دژمنێ زایۆنی ددەتە ئیرانێو ئەم نە دخەما وێ پشت گیریا هندە دەولەتێت عەرەب دکەن دگەل ئیرانێ.. ئەڤە هەمی مە نا ترسینیت و چو ژ هێزو شیانا مە کێم ناکەت و ئەم هەر دئامادەینە ژبۆ بەرەڤانیا ئاخا پیرۆزا وەلاتێ خۆ دێ هەر دربێت وەسا دژوارو مکوم دانینە دژمنێ ئیرانی هەتاکو وان مەجبوور دکەین کو شەڕی راگرن و ئەڤ گرفتاریە بێتە چارەسەرکرن ب رێکێت ئاشتیخواز.

جەژنێك ڕابوردو پێشوازی جەژنێکی تازەی تر ئەکەین.



لە ١/١١/ تشرینی یەکەمەوە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بەغدا گەورەترین فیستفاڵی بازرگانی ئابوری بیشەسازی بینی.. ئەم بارەش شتێکی تازەنی یە بە گوێرەی بەغدای پایتەخت و نیشتمانی گەورە عیراق. چونکە عیراق هەموو ڕۆژێ فیستفاڵێکی تازەی لێ ساز دەکرێ عیراقی سەربەرز لە کاتێك دا بەرامبەر هێرش دەسی درێژانی قوم وتاران وەستاوەو بەرگری لە خاکی پیرۆزی ئەکال پێشوازی خولی (٢٣)ی پیشانگای بەغدای دەولەتی کردو بێخوش حال بو بە بەشداری بوتی (٥٥) دەولەت و (١٥٠٠) کۆمپانیا. کاری بنیات نان و پەرەپێدان لە عراقی شۆڕش دا بەردەوامە.

ئەمە سەرچاوەی خۆش و شادیە خاکی عیراق باوەش بۆ پێشکەوتنی شارستانی پیشەسازی بازرگانی زانستی لە ئاستی عەرەبیو جیهانی بکاتەوە.

ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بروابیە بتەوەودێ کە ئەو گەل وولاتە هاوبەشانە بە خاك و کەلی عیراقەوە. هەروەها بەسەرکردەی مەزن (صدام حسین)

بەلی هاتن بەهەمو جۆرە پێشکەوتنێکە زانستیو تەکنەلۆژیایان بۆ خزمەت کردنی مرۆڤایەتی لە گەل خۆیان دا هێنا.

بۆ وڵاتی زانیاریو زانستیو ئاشتی هاتن ئەمەش جوانترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی وڵاتی خێرو بەرەکەت خاوەنی مێژوو شارستانیەت وڵات هەبو یەکەم جار بو بەشداری ئەم دیاردە بازرگانیە بکات وڵاتی واش هەبوو. لە زۆر خولدا بەشداری کردبو. بەهەرحاڵ ریزو میوانداریەتی عیراقیان بینیو (١٥) ڕۆژ بە خۆش لە وڵاتە خۆشەویستەکەمان دا ژیان و زۆر باری پێشکەوتوی وڵاتیان بینی هەروەها لە ڕۆژی یەکەم دا بەریز طه یاسین رمضان جێگری یەکەمی سەروك وەزیران لەجیاتی سەروکی فەرمانده صدام حسین بەخێرهاتنی لێکردن و فەرمووی.

بایەخی سەروکی فەرمانده صدام حسین بە پیشانگای بەغدای دەولەتی بایەخی سەرکردایەتی بە پیشانگا لە بواری دەوری گەورەی پیشانگا لە بەتین کردنی پەیوەندی ئابوریو بازرگانی نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتە پێشکەوتوەکان ئەگەیێنێ میوانە بە ڕێزەکان بە خێرهاتنان ئەکەم و سوربونی عیراقتان پێ ڕائەگەیێنم لە هاریکاریو یارمەتیدام لەگەڵ وڵاتەکانتان لە دامەزراندنی پەیوەندی ئابوری پێشکەوتو لەسەر بنەڕەتی پەرژەوەندی هاوبەش و ئەو ئامانجە دڵسۆزانەی هەوڵی لە پێناودا ئەدەین ئەمەیە ووتەی نوێنەری سەروکی فەرماندەو بەم جۆرەش بو، پێشوازی وڵەی گەل بۆ میوانە خۆشەویستەکانیان.

ذکریات محمد حسن

Institut Kurde de Paris

مافی مرۆڤ لە ئێران دا

ئازاد عبدالصمد

شتێکی ئاشکرایە کە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان، گوێیان لە هاوارو بانگی گەلە چەوساوەکانی ئێرانە، بە دەست جەورەو ستەمکاری ڕژێمە قین لە دڵەکەی قوم و تاران...

دەنگی ئەو چەوساندنەوەیە لە ئێران دەرچووەو لە هەموو دونیادا ئەقیوەتەوە، بۆیە چەند جارێك دەنگی ئەو چەوساوانە گەیشتۆتە بەردەم کۆمەڵی دەوڵەتان لە نەتەوە یەکگرتوەکان داو لە مافی مرۆڤایەتی کۆلیوەتەوە لە ئێرانی ڕەشدا... لە پێناوی سنوورێك بۆ ئەو هەموو کارە دڕندانەیی‌یەی کە ڕژێمە دڵ ڕەشەکەی ئێران دەیکات بەرامبەر بە گەلانی چەوساوەو مافی پێ شێل کراوی ئێران.

نەتەوە یەگرتووەکان، دووای تێگەیشتن لەگەڵ ڕاست بەڵگەدار بریاری ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتی‌یەی دا، دووای ئەوەی ئەوە کە بۆ هەموو دونیا ڕوون بۆوە، کە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە.. لەو ڕۆژە ڕەشەی کە ڕژێم ڕەگەز پەرستی خومەینی فەرشی باڵی خۆی بەسەر گەلانی ئێران دا سەپاند، ئێرانی ڕەش دەسووتێ‌و دەخنکێ، ڕۆڵەکانی وەکو گەلای داری پایزان، دوای زەرد هەڵگەڕانیان، هەڵ دەوەرێن.. هەزارەها لە ڕۆڵەکانی، ئەم ئێرانە خۆر تیا دیل کراوە بوون بە خۆڵە مێش بەر ئاگردانی ئەو جەنگەبێ بە هایەی کە ئێران دژ بە عێراقی مەزن دەیگێڕێ. ئەوەی بوو بە خۆڵەمێش و ئەوەی ما، زیندانە تاریکەکانی پێ‌پڕ کرایەوە، بەندیخانەی شارۆچکەکانی وەکو - ئیفین - بوونەتە باستیلێکی گەورەو لە ناڵەو کۆت و زنجیری دەست و پێی خەباتگێڕە ئێرانیەکان زرمەیان دێت.. ئەو خەبات گێرانەی کە لە ڕووی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرست و ڕەگەز پەرستە هەڵ شاخانەوەو پڕ بە گەرویان بانگی ئازادی‌و سەربە خۆی‌یان کردو دژ بە بەردەوام بوونی ئەو جەنگە وەستان، کە بێجگە لە چارەنووسێکی ڕەش بەولاوە چ ئاکامێکی تری لێ بەدی ناکرێت... ڕاپۆرتەکەی لێژنەی مافی مروڤی - لە نەتەوەیەکگرتووەکان دا کە (اندریس اجویلار)ی فەنزویلی سەروکایەتی دەکات، بەتەواوەتی لە بەردەم بیروڕای گشتی دەوڵەتان وەکو زەنگی کەنیسەکان لێ دەدرێت و بە ئاشکرائەوە دەسەلێنن. کە بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لێژانەپێی گەیشتووە دەربارەی کاری ئازار دان و لە بەندیخانە ئێرانیەکان و گرتنی بەبێ گوناهی، دوورو درێژو بێ دادگاو قەدەغەکردنی سەردانی بەندەکان، لەگەڵ هەموو ئەو پروپاگەندە بەتاڵانە یەکتر ناگرنەوە کە ڕژێمی خۆی لێ بێبەری دەکات، ئەوە بوو لێژنەکە لەڕاپۆرتەکەی خۆیدا لیستەیەکی دوورو درێژی بەناوی ئەو سەدەها ئێرانیانە پێش کەش کرد لە ساڵی ڕابوردوودا لە سێدارە دراون.. ڕەت کردنەوەی ئێران بەرامبەر بە وەڵام دانەوە ئەو پرسیارانەی کە لێژنە کردویەتی بەرامبەر بەکاری لە سێدارەدانی بێ دادگاو کوشتن و بڕین و ئازاردان و گرتن، بەبێ هۆی باشترین بەڵگەن بۆ سەر هەڵدانی ئەو ڕاستیانە...

ئەم لێکۆڵینەوەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەیەکێ لە هەرە گرنگ و بابەخ دارەکانی دەژمێردرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەژیانی ملیۆنەها ئێرانی چەوساوە هەیە، کە بەم لێ کۆڵینەوەیە جارێکی تر ئەو ژیانە پڕ لە خوێناوی‌یەی ئەو ملیونەها ئێرانی‌یە بۆ هەموو دونیا ئاکر دەبێتەوە، کە تا ئێستا زیاتر لە ٨٠ هەزار هاو وڵاتی ئێرانی بە لە سێدارەدانی کۆمەکی براونەتەوەو ١٥٠ هەزاریش لە بەندیخانەکانی دا گیراون، ئەو چەند ژمارەیە لەسەر هەموو ئەوەندەی کە ئێران بە کوشتن و پەك کەوتەیی‌و وون بوون و بەدیل گیراوی، لە جەنگی شەش ساڵەی دا هەڵ وەراندن....

بۆیە دەمەتەقێ کردنی ڕاپۆرتی مافی مروڤی - لە نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە کاتێکی وا گونجاو دا هات گەلانی ئێرانی بەستەزمان بە هەموو هەوڵ و تەقەللایەکی خۆیانەوە، بەکاری فیداکاری‌و بەرهەڵست کاری‌و خۆبەخشین و قوربانی دان ڕوو بە ڕووی ئەو ڕژێمە بۆکەنە بوونەتەوە، ئەمڕۆش کە دەنگی‌یان دەگاتە ناو کۆڕی لێژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر ئەو ڕژێمە بە دونیا دەناسێنن و زیاتر پروپاگەندە بە تاڵەکانی‌یان بە دژو دەخەنەوە، کە مومکین نی‌یە وڵاتێکی موسلمان کە لاف بە ئیسلامیەت و دادپەروەریەتی ئاینی پێوزی ئیسلام لێ بدات، ئاوا تێنووی خوێن و ئازار دانی بێ‌و دژ بە مروڤایەتی‌و سەربەخۆیی‌و بەختەوەری مروڤ و ووشەی ئاشتی بێت...

هەرگیز نکۆڵ لەوە ناکرێت کە ڕۆژ دوای ڕۆژ باری ناوەوەی ئێران بەرەوکزی‌و لاوازی دەڕوات و کێشەکان بەرە بەرە خراپترو تیژتر دەبن بە چەشنێك ی وا چارەسەرکردنیان مەحاڵ بێت.. ژیانی ڕۆژانەی ئێرانیانیش کەوتۆتە پڕلەمەترسی‌و ئاسایش و هێمنی جڵەویان لەدەست دەرچووەو ئاراوەو ناکۆکی‌و دزی‌و خۆپیشان دان زیاتر باڵیان بەسەر ژیانی ڕۆژانەدا ڕاکێشاوە خەڵکەکە نازانن چۆن لە زوڵم و زۆری‌و چەپۆکی خوێنینی تاقمەکەی خومەینی خۆیان ڕزگاربکەن.. هەرکەسێك بگریت باسی چەرەسەری‌و دەردی گرانی خۆیت بۆ دەکات و خۆ بە کوڵۆڵ ترین کەس دەزانێت و هەزار گیچەڵ و گێرەوکێشەی هەیە.. لە هەژاریەی‌و دەست کورتی‌و بێ ئێشی‌یەوە تا دەگەیتە چۆنێتی خۆ ڕزگارکردن لە دەستە گومڕاو خوێن ڕێژەکەی تەڵەکەباز خومەینی..

ئێران تووشی کێشەیەکی ئابوریی نەهەنگ بووە، بۆتە هۆی ئەوەی بە هەزاران هەزار لە کرێکاران لە ئیشەکانیان دا دەربکرێن، بێ ئەوەی بیر لە ماف و هەق و هقوقیان بکەنەوە. ئێستا ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە ئیشەکانیان تاڕدراون حەوت ملیۆن کرێکارن، هەواڵەکانی ناوەوەی ئێران وا بۆی دەچن کە لەم مانگانەی داهاتوودا ژمارەیان دەگاتە هەشت ملیۆن کرێکار، بەڵکو ئەم ژمارەیە لە بەرزبوونەوەدایە.. چونکە لەم کات و زروفەدا زیاتر لە ٦٪ لە کارخانەو فابریقەکان کارناکەن و ئیشیان ڕاوەستاوە، ئەمەش لەبەر نەبوونی کەرەسەی پێویست و پەککەوتنی ئامرازو ماشینەکان.. لەو فابریقە گەورانەی کە لەم دوییەدا دەرگاکانیان داخران کارخانەی «ئێران کاوە» کە کارخانەیەکی زۆر گەورەو بەناو بانگەو بە هەزاران کرێکار تیادا ئیشیان دەکرد... هەروەها هەشت هەزار کارخانەی تر داخرا بە هۆی نەبوونی ئامرازی ماشینەکانی.. وەزارەتی سازیی قورس ئەوەی ڕاگەیاندەوە کە لە نەخشەی ئەمساڵدا «٦٥٠٠» کرێکار لە کارخانەی «ئێران خوزرو» بەتاڵ دەکات، سێ‌ء هەزار کرێکاری تریش لە فابریقە ماشینی «زامیاد» دەردەکرێن.. دوو هەزار کرێکاری لە کارخانەی «ئێران مازدا» ماڵ ئاوایی لە ئیشەکانیان دەکەن.. ئەمانەو بێجگە لە خانە نشین کردن و فەسڵ کردنی هەزارەها کرێکاری بێ دەسەڵات.

وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی بەتاڵ کردنی کرێکاران لە مانگی داهاتوودا زیاتر ئەمەش دوای گفت و گۆی وەزیری کاری ئێرانی کە ووتوویەتی «ئەم بریارانەی ئێمە هۆیەکانیان ئاشکران و ڕوونن و لە توانامان نی‌یە چارەسەریان بکەین، چونکە ئامرازو کەرەسەکانی پیشەسازی چنگ ناکەون و ناچارین بریاری وا بدەین».

ئێتر ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە تاقمە گەوجەکەی خومەینی خۆیان هۆی ڕاستەقینەی ئەم بارە ناهەموارو ژیانە تاڵ و ترشەن نەك کارخانەکان گەلانی ئێران پێویستیان بە ڕوون کردنەوە نی‌یە چونکە باش دەزانن هۆی ڕاستەقینەی کێشەکانی ئێران بەردەوامیی جەنگی نارەوای خومەینی‌یە کە بەسەر گەلی عیراق دا سەپاندویەتی و هەرگیز قایل نابێت بە کوژاندنەوەی ئاگرەکەی...

بریتانی‌یا.. دنابەینا دەولەتێت کومنویلث و بنەڤانا ئەفریقیادا

نقیسینا: شعبان مزیری

دەست پێ کرنێت ئالوزی و گرفتارییێت وەلاتێ بنەڤانا ئەفریقیا نەیا نوکەیە بەلکو دزڤریتە دەمەکێ درێژ.. خو ژ دەمێ وەرگرتنا کێماتی‌یا سپی کورسیکا حکمی لە بنەڤانا ئەفریقیا ئەو ڕژێما هاتی‌یە گونهبارکرن ژ دەف کومەلا کشتی یا مللەتێت ئێککرتی ل «٦» شەشێ هەیڤا چریا دووێ ژ سالا ١٩٦٢ دەمێ بریار دەرکری کو ڕژێمەکا توخمپرێسەو پشتەڤانی‌یا خەباتا شورەشکێرێت بنەڤانا ئەفریقیا کر.. واعتبار کر کو ڕامیاری‌یا جودابینێ گونهباری‌یەکا دژوارە دژی کرامەتا مروڤایەتی یێ..

ئەف ڕژێمە ژ ڕامیاری‌یا خو یا توخم پرێسی‌یێ ڤەنە بۆ.. بەلکو هەرۆژ یێ وەلاتییێت ئەفریقی بێت پیست ڕەش دگریت و دکوژێتن و هرمشەخت دکەتن و تەعدائیێ لێ دکەن.. ب دەستێ هێزێت ئیمناهی‌یا نافخو. بۆ نمونە رابون ب کوشتنا (١٠) دەهـ ژ شورەشکێرێت نیشتمانی بێت ئەندام لناف ڕێکخستنا کۆنگرا نیشتمانی‌یا ئەفریقی‌دا. ل وی دەمێ مکتبا ڕاگەهاندنا حکومەتێ گوت ئاگرێ شەری هەلبۆ دنابەنیا ئاکنجیێت «سوتیو» بێت پیست ڕەش ئەوێت نێزیکی باژێرێ «جوهانبرغ» پایتەختا وەلاتێ بنەڤانا ئەفریقیا، سەر هندێرا ژی مکتبێ چ بەحس نەکر.

بەلێ ئاژانا دەنگوبەحسێت بنەڤانا ئەفریقیا گوت هژمارەکا بومبایا هاتنە پەقاندن ل ل گوندەکێ نێزیکی «مابات تهو» پایتەختا دەڤەرا «بوبهونها تسوانا» ئەوا دکەڤیتە ژورێیا ڕۆژئاڤا بنەڤانا ئەفریقیا.. هەر ل وی دەمی ل «جوهانبرغ» هاتە ڕاگەهاندن ب کوشتنا «٥» پێنج وەلاتێت پیست ڕەش هوسا تەعدایی و کوشتن و نەخوشی دپەیدانە ل بنەڤانا ئەفریقیا، بەلێ هەکە ئەم بەر بەرێت دیروکا رویدانا ڤەکەین ب هژمار دێ شێن بێژین کو پتر «١٥,٥٠٠» پانزدە هزارو پینج سەد کەس بەس یێت هاتینە کوژتن ب تفەنگێت هێزێت بنەڤانا ئەفریقیا ل دەمێ «٢٠» بیست هەیڤێت بورین دا. ئەف رویدانە هەمی یێت پەیدا بوین.. بەلێ پێدفی ناکەت دڤێ دەلیڤێدا بەحسی هەمی‌یا بکەین ل وی دەمێ کێماتی‌یێت سپی حکمی دکەن ل بنەڤانا ئەفریقیا بۆ تەعدایی ل وەلاتییێت ئەفریقی دکەتن یێت بیست ڕەش..

ئەڤە ژ لایەکی وژ لایەکێ دیڤە ڕژێما بنەڤانا ئەفریقیا رابو هێرشێت خو بەرنە ل سەر هندەك دەولەتێت ئەفریقی ئەوێت شورەشگێرێت ڕێکخستنا کۆنگرا نیشتمانی‌یا ئەفریقی بنگەهێت خو دانایێ و بزاڤا خو ل ویرێ دکەتن ڤیجا ژبەر ئەڤان رویدانا بارا پتر ژ دەولەتێت جیهانێ نەرازی بیناخو دیارکر ئو دەولەتێت سویکا ئوروپی رازی نەبون گونهبارێت ئابوری پاڤێنە ل سەر ڕژێما بریتوریا ئینا رابون وزیرێ دەرڤەی بریتانی هنارتە دەولەتێت بنەڤانا ئەفریقیا داکو باخڤیت دگەل بەرپسیارێت وان دەولەتا لدۆر خلمەتا توخم پرێسی‌یێ ل دەف ڕژێما بریتوریا.

بەلێ حکومەتا زیمبابوی وزامبیاو موزمبیق ڕەفزکر ب ڕوینتەخارێ دگەل وزیرێ دەرڤەی بریتانی جیڤری هاو ئو «روبرتی موغابی» سەروکێ وزیرێت زیمبابوی گوت «جیڤری هاو» دڤێتن مە دویربێخیت ژ پروگرامێ هاڤێتنا گونهبارێت ئابوری ل سەر ڕژێما بنەڤانا ئەفریقیا ئو «کینیث کاوندا» سەروکێ زامبیا گوت دەست برینا ئابوری و بازرگانی دگەل ڕژێما بریتوریا پێدڤی‌یە خورتی ل ڕژێما بریتوریا بێتەکرن داکو دویر بکەڤیت ژ ڕاهیاری‌یا توخم پرێسی‌یێ.

ئاژانسا دەنگوبەحسێت موزامبیق گوت: هەکە «جیڤری هاو» هەست ب دیروکێ کربا دا سەروکا وزیرێت بریتانیا پالدەت داکو خو دویر ئێخستبا ژ ڕژێما بریتوریا.

ئول «هراری» پایتەختا وەلاتێ زیمبابوی «جیڤری هاو» گوت ئارمانجا من ژڤێ گەریانێ ئەوە داکو بێژەڤانی‌یا بکەم دگەل سەروکێ ڕژێما بنەڤانا ئەفریقیا «بیتر بوتا» ئو سەروکێت وەلاتییێت ئەفریقی بێت پیست ڕەش ئەڤەو پشتی هینگی دێ ڕاپورتەکێ ل سەر گەریانا خو نفیسیم داکو بلند بکەم بۆ کۆنگرا بلند یا دەولەتێت سویکا ئوروپی‌یا تێکدا..

بەلێ خاتوین «وینی ماندیلا» ژنکا سەروکێ ڕیکخستنا نیشتمانی‌یا ئەفریقی «نیکسون ماندیلا» ئەوێ هاتی‌یە گرتن و دژیتن دناڤ زیندانێت ڕژێما بریتوریا دا. گوت زەلامێ وێ «نیکسون ماندیلا» ناروینتە خارێ دگەل «جیڤری هاو» وزیرێ دەرڤەی بریتانی‌یا.

هوسا رویدانێ دەست پێکر بەلێ نوکە هەڤرکی‌یا هەی دنابەینا دەولەتێت جیهانا سێیێ ژوان ئەوێت ئەندام لناف ڕێکخستنا کومنویلث ئو دەولەتێت بەرەڤانی‌یێ دکەن ژ ڕژێما توخم پرێسی‌یێ وەکی بریتانی‌یا و ئەمریکاو دەولەتێت سویکا ئوروپی‌یا تێکدا..

ڤێجا ژبەر ئەڤێ ئەگرێ دەولەتێت کومنویلث ب سەروکاتی‌یا هندستانی و غانا. نیجیریا، اوغندا، کینیا، تنزانیا، هتد بریار دا داکو پشکداری‌یێ نەکەن ل یارییێت کومنویلث ئەو یارێت دەست پێ هاتینە کرن ژ ڕۆژا پێنج شەمبی‌یا ڕێکەفتی‌یا ١٩٨٦/٧/٢٤ ل باژێرێ «ادنبرە» پایتەختا وەلاتێ اسکتلندا پشتی کو سەروکا وزیرێت بریتانی‌یا خاتوین «مارگرێت تاتشر» ڕەفزکری گونهبارییێت ئابوری پاڤێتە ل سەر ڕژێما بنەڤانا ئەفریقیا ئەڤەو یا هەژی گوتنێ یە کو ژ هژمارا (٥٨) پێنجی‌و هەشت دەولەتا «٢٧» بیست و حەفت دەولەتا بتنێ پشکداری‌کر ئو ژ هژمارا «٣٠٠٠» سێ هزار یاری کەرا (١٧٠٠) هزارو حەفت سەد یاری کەرا پشکداری‌کر..

ئەڤەو وزیرێ دەرڤەی هندستانێ «شیف شانکر» ل ئاخڤتنەکا خودا گوت ڕژێما توخم پرێس نامێتە چارەسەرکرن بەلکو دڤێت لا بدن ژ حکمی دویربێخن و گونەهباریێت ئابوری پاڤێنە ل سەر ئەڤەو گوت هیڤیا هندستانێ ئەوە کو هەمی دەولەتێت جیهانێ رازی‌بن ل سەر هاڤێتنە گونەهباریێت ئابوری ل سەر ڕژێما توخم پرێس.. هەروەسا گوت هەکە خاتوین «مارگریت تاتشر» سەروکا وزیرێت بریتانیا بیروهزریێت خو نەگوهوریت حکومەتا هندستانێ دێ دەرکەڤیت ژ ئەندامی‌یا ڕێکخستنا کومنویلث. ژلایەکێ دیڤە پالیوزخانا بریتانیا ل «جوهانبرغ» ل بەیانەکا خودا گوت: «جیڤری هاو» وزیرێ دەرڤەی بریتانی‌یا بۆ جارا دووێ دڤێ گەریانا خودا یێ ڕوینشتی‌یەخارێ دگەل «بیك بوتا» وزیرێ دەرڤەی ڕژێما بنەڤانا ئەفریقیا یا توخم پرێس ئو بێژەڤانییێت خو بێت کرین دگەل بەرپسیارێت «لیسوتو» و بێت «سوازیلاند».

ل دویماهیکێ پێدڤی‌یە بێژم گەریانا «جیڤری هاو» بۆ بنەڤانا ئەفریقیا بۆ ئەگرا پەیداکرنا نەخوشی‌یا دنابەینا دەولەتێت ئەندام لناف ڕێکخستنا کومنویلث و بریتانی‌یادا ئو پێدڤی بۆ ل سەر بریتانیا خو دویرئێخستبا ژ ڕژێما بریتوریا.

ئۆرغوای.. دیموکراتیەت دوور لە ئاواتەوەیە..

سەرچەشمە یەکەم وڵات نی‌یە کە لە ئەمریکای لاتیندا کە دەبینرێ لەم کاتەدا شەڕ لە گەڵ گەلەکەیدا بکات، هەروەها ئورغوایش یەکێکی ترە کە گەلەکەی لە ماوەی چەندان ساڵی دوورو درێژدا کە لە ژێر زوڵم و چەوساندنەوەدایە.

لەو ڕاپۆرتانەی کە لەم داویەدای (ڕێکخراوی مافی مروڤ) دەری کرد، کە بە دەیان هەزاران خەڵك کەوچیان کردوەو هەڵ هاتوون بۆ دەرەوەی وڵات لە ماوەی ١٢ ساڵی حوکمی دیکتاتۆری کە دەستی گرتووە بە سەر وڵاتدا.

لە حەفتاکاندا کە ڕاپۆرتەکان وای دەست نیشان دەکەن کە سەدەها کەس لەگەلی ئورزغوای لە بەندیخانەدان و بە سەدان کەسیش تووشی گرتن دەبن، وە سەدەها پیاوی سیاسی‌تر کوژراون بە هۆی ڕژێمی سەربازی زوڵم کەر کە دەستی بە سەر وڵات داگرتووە.

لە کاتی ئێستا داوە لە هەلبژاردنەکەی ساڵی ١٩٨٥دا کاتی «جولیر سانغوتینی» هەڵ بژێرا بۆسەروك کوماری ئورغو ای، گەل وای هەست دەکرد کە سەر دەمی زوڵم و ئاژاوە تەواو بووە. بەڵام وا دەر دەکەوێ کە زوڵم و زۆرداری و سەرکوت کردن تا ئێستا باڵی بە سەر وڵاتدا کێشاوەو بن بڕ نەکراوە. بەمە هیوای گەل ڕوخا بە تایبەتی دوای ئەوەی لە مانگی ڕابردودا «واتە مانگی ٧ - ١٩٨٦» کە ڕژێم بریاری دەرکردنی یاسای لێ بوردنی گشتی دەرکرد بۆ سەرکردە سەربازیەکان کە بوو بونە هۆی کوشتنی هەزارەها کەس و کردنی هەزارەها کردەوەی خراپ و (چینایەت) لە کاتی حوکمی دیکتاتوری بێشودا.

هەوڵ دانی سەروك سانغوتینی بۆ پشتگیر کردنی ئەم بریارەی لە بەردەم گەل دا، ئەویش لە چەند ووتارێکدا کە بەگەلی ڕادەگیان «کە پێویستە لە سەر گەل ڕابردووی لە بیر بچێتەوەو کۆتای بێنن بە حەکایەتی کردەوەکانی سەرکردە سەربازیەکان» پاش ئەم ڕاگەیاندنە بە هەزارەها کەس ڕژانە سەر شەقامەکانی مونتفیدۆی پایتەختی وڵات و، دژی ئەم هەڵ ویستەی ڕژێمی سانغوتینی بەرانبەر ئەو تاوان بارانە.

یەکێ لەوانە «پارتی بلانکۆ» کە یەکێکە لە پارتە «بەرهەلستکارەکان» ی ئەو وڵاتە لە بەردەم پەرلەمان دا بە توندی دژی ئەم سیاسەتەی «سانغوتینی» وەستان لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە وە دەستیاتن کرد ووتار بڵاو کردنەوە کە گوایا کە سانغوتینی ڕێکەوتوە لە گەڵ شەیتان بۆ وەستان بەرانبەر بەگەلی ی ئۆرغوای. وە لە هەندێ وتارەکانی تریان کە گوایە سانغوتینی مافی گەلی پێشیل کردوە.

بەر هەلستکارەکان (معارضین) سەروك سانغتینی‌یان وا تاوانبار دەکرد کە خۆی تەسلیمی هەندێ لە سەروك سەربازیەکان کردوە بەوەی بەلای خۆی وا ڕایان بکێشێ وە هەندێ جار (سانغوتینی) دژی (بەرهەلستکارەکان) وەستا بە وەی کە هیچ بەڵگەیەکی (ملموس) یان نی‌یە بە وەی کە ئەم سەرکردانە مافی گەلیان خواردووە.

پارتە بەر هەلستکارەکان سانغوتینی یان بە وە تاوانبار دەکرد هەمیشە هەوڵ ئەدات ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم سەرکردانە دەکرا دوای بخاو هەزارەها بەڵگەش پشت گوێ بخا.

بەڵام لە لایەن ڕژێمەوە وای ڕائەگەیان کە مەسەلەی سزادان و گرتنی ئەم سەرکردە سەربازیانە ڕێ لە دیموکراسی وڵات دەگرێ، هەر وەکو جێگری سەروك سانغوتینی «ئنریکو تاریغو» ڕای گەیان کە پێویستە ئەم یاسایە (لێ بوردنە) بە زووترین، کات جێ بەجێ بکرێ.

بەڵام هەموو هەوڵێکی سەروك سانغوتینی ئەوەبوو کە گەل ڕازی بکات بەم سیاسەتەی، ئەویش بە لێدانی زومرەی (تۆمبامادۆ) کە یەکێکە لە ڕێکخراوە ئاژاوەچی‌یەکان.

بەڵام هیچ شتێك نەبوو کە گەلی ئۆرغوای والی بکات ئەو کردەوە خراپانەی سەرکردە سەربازیەکانی لە بیر بچێتەوە، وە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوون بە لێ بوردنیان چونکە وایان دەزانی لێ بووردنی ئەم جۆرە کەسانە ڕێ خۆش کەرە بۆ چەندان کەسانی تر بۆ دووبارە کردنەوەی کردەوەی خراپ وبلاووبوونەوەی فەساد. بۆیە لێبووردنی ئەم جۆرە کەسانەیان بە کارێکی نا عادیلانەو نا مەنتیقیانەیان دا دەنا. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەو دیموکراسیەی لەم وڵاتانەدا پرۆ پاگەندەی بۆ دەکرێ بەهیچ جۆرێ دیموکراس نی‌یە بەڵام هەر چەندە لەم وڵاتانەدا ڕژێم خۆیان بە دیموکراس برازێنەوە بەڵام هەر دیکتاوریەتن.

لە ڕۆژنامەی نیویورك تایمز گورینی بە دەسکاریەوە بۆ کوردی: کۆرانی بۆ عەرەبی مخائل العلاق
کاوە عبدالله کریم - زانکۆی موصل

لە خواروی ئەفەریقادا برسێتی مروڤی ڕەش دەکوژێت

هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جیهان بایەخێکی گەورە ئەدەنە مەسلەی خواروی ئەفەریقیا لە ڕووی ئەو شێوەی پڕ ئازاردانە لە گەلیاندا بەکار دێت ئەوەش لە ئەنجامی ئەو مامەلە نامرۆڤایەتیەی کە ڕەگەز پەرستان بەکاری دێنن و جێی نارەزای هەموو ئەو گەلانەیە کە داوای یەکسانیو بختەوەیی سەرتاپای مروڤایەتی دەکەن.

یەکێك لەو سەرەنجامە خراپانەی کە دوچاری خواروی ئەفریقا بۆتەوە بەلاوبوونەوەی چەندان نەخۆشیی زامناکە هەر وەکو ئەو ڕاپۆرتە فراوانەی کە دانیشگای «دیتوان و تیواترز سداند» بلاوی کردۆتەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە - کە بە هەزاران منداڵی ئەفریقای لە ڕووتی‌و برسێتی لە ئەنجا خواردنی نارێك و پێك دەمرن لەبەرب ئەوەی جیاوازێکی بنەڕەتی هەیە لە ڕووی گوزرانی ڕەشوو سپی - لە ئەنجامی نەخۆشی - گرانەتا (١٢,٥٠٠) باری نەخۆشی هەیە زۆریشیان لە گوندە کانە کەووشکاییە - لە ڕاپۆرتی تاژنسی فەرەنسیشدا هاتووە کە لە بەر نەبوونی لایەنی تەندروستی ناووچە - دوورەکان دووچاری دەیان نەخۆشی هاتوون دیارترین نەخۆشی:

کە بلاوە بریتی‌یە لە نەخۆشی «وەرەم» بەتایبەتی ناوچەی «گوهانبرج» کە بۆتە مایەی زۆر بوونی مردن هەروەك لە سەر ژمێرێك دا هاتووە کە هەموو ساڵێك دەبێتە ئەنجامی مردنی ٢٠,٠٠٠ کەس.

لە هەموو چەشنە تەفێك داو دە ملیۆن کەس ئێستا لەوێ ئەم نەخۆشیەی هەیە. شاری «سۆهوتۆ» کە ملیۆنو نێوێك هاوولاتی ئەفەریقی تیدایە بەدوورە لە هەموو هۆیەکی گوزارانی.، لەوانەش فاتووفری خواردنوو ئاوو کارەبا لە ناوچینی کریکاردندا چوار هەزار کەس لە بواری ئەلماسوو کارگەی تردا کاردەکەن و تووشی نەخۆشی وەرم بوون. پروفیسور «ئیزاکسون» سەرۆکی بەشی نەخۆشیەکان لە دانیشگای «گوهانبرج» دەڵێ: ژەمی خواردنی ڕۆژانە لە ئەفریقیادا بە تەواوی کەو تۆتە شلەژاوی بە تایبەتی لە ڕووی کەمی پرۆیتن لە خواردندا.. جیاوازێکی بنەڕەتی هەیە لە نیوان مردنی منداڵانی ڕەش و سپی بە ڕادەی (٢١) لە سپی و (٣٠٠) لە منداڵی ڕەش ئەفریقی لە هەر ٣٣٠ ناوچەیەکی دا پزیشکیکی تایبەتی هەیەو بۆ ٩١ هەزار هاوولاتی ئەفریقی تاقە پزیشکێك نیە..

ڕاپۆرتێکی تر کە گۆڤاریکی تەندروستی ئەفریقی بلاوی کردۆتەوە دەڵێ، کە لە ئەنجامی زۆر خۆری سپی‌یەکان چەندانیان لێ مردوە بە پێچەوانەی باری ژیان لەڕەمشەکان کە دوورن لە هەموو هۆیەکی گوزەرانە

ئامادەکردنی
طه صالح کابانی

Institut Kurde de Paris

بە بۆنەی بیرەوەریی بیست و پێنج ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیان و لاوانی عیراقەوە

بەڕێز حسن حسین سەروکی لقی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی عیراق لە هەولێر، بۆ (هاوکاری) دەدوێت:

ڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی هەمو ساڵێك بە ڕۆژێکی پیرۆز دانەنرێت هەروەها بیرەوەرییەکی پیرۆزمو شیرینە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیان و لاوانی عیراقە ئەو ڕۆژەیە کە جەماوەری قوتابیان چاوەڕوانی بوون لەدایك بێو بەرگری لە خواست و ئامانجە پیرۆزەکانیان بکات.

لە ڕۆژی ٢٣ی/ تشرینی دووەمی ١٩٦١دا بوو ئەو یەکیەتییە مەزنە دامەزراو عیراق لە باروو زروفێکی زۆر ناخۆش دا بوو چونکە لەژێر حوکمرانی دکتاتۆریەت دا بوو.

ئەو ڕۆژە بوو کە قوتابیە شۆڕش گێڕەکان دامەزراندنی یەکێتیان ڕاگەیاندو دژی زوڵم و ئەشکەنجە، وەستان و لە هەموو لایەکەوە قوتابیانی عیراق و عەرەب پێشوازیان لێکردن و باوەشیان بۆ گرتنەوە.

هەر لە ڕۆژەوەشەوە یەکێتی لە خەباتی خۆیدا بۆ هێنانەدیی ئامانجی قوتابیان لە ئاستی هەرێم و میللیدا هەوڵی ئەداو دەورێکی زۆر مەزنی ئەبینی لە بزووتنەوەی ئازادی خوازان دا.

بیرەوەریی ئەم ساڵیش جیاوازیی لەگەڵ ساڵەکانی ڕابردوودا هەیە چونکە چارەکە سەدەیەك بەسەر دامەزراندنی یەکێتیدا تێپەڕبوو.

بیست و پێنج ساڵ زانست و پێشکەوتن لە عیراقی سەرەکی فەرماندە صدام حسین خوا بیپارێزێت. جەماوەری قوتابیان بەدڵ و گیان بەشداریی ئەو شەرە نارەوایەی دوژمن بەسەر عیراقی سەپاندووە، وەستان و مەشتیان کرد.

هەموو قوتابیان ئامادەن بین بە قەڵغانی سەرسنووری وولات.

لە پارێزگای هەولێردا لە ڕۆژی ١٩ مانگەوە بۆ ١١/٢٥ ڕێکخراو ئاهەنگ و گۆرانیو فیستڤاڵ ساز دەکات جەماوەری هەولێر هەموو بەشداریی ئەو ئاهەنگانە ئەکەن.

١ - لەوانە فیستڤالی وەرزشیو ڕێزلێنانی وەرزشوانە لێهاتوەکان.

٢ - فیستڤالی هونەری تیپە هونەریەکان.

٣ - تارالادان لە سەر وتنەیەکی گەورەی سەرەکی فەرماندە لەبەردەم یەکێتیدا.

٤ - پێشوازی کردنی میوانان لە ڕۆژی یەکەمی ئاهەنگ.

٥ - لە هەمو لقەکان دا ئاهەنگ سازئەکرێت (کۆیسنجق - صدیق - ڕەوندوز - عەینکاوە - خەبات - مەخموور - کۆیە) لە ڕۆژانی بیرەوەریدا.

٦ - بەیاننامەی نووسینگەی ڕایەڕاندن بە زمانی کوردیو عەرەبی لە هەمو قوتابخانەکان و کولیجەکانی زانکۆی صلاح الدین ئەخوێندرێتەوە.

٧ - ڕیز لەو هەڤاڵانە ئەنرێت کە بەشداریی ئەو چالاکیانەی یەکێتییان کردووەو خزمەتی بزوتنەوەی قوتابیانیان کردووە.

٨ - ڕێك کەوتن لەگەڵ تەلەفزیونی تەئمیم بەشی کوردی بۆ خوێندنەوەی بەیانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن.

لە کۆتاییدا سوپاسی ئەو توانا دڵسوزەی هەڤاڵ انور مولود ذیبان ئەکەین کە لەپێناوی یەکێتیدا هەوڵیداوە.

داوای سەرکەوتنی بۆ ئەکەین..

فؤاد حسین

دگەل ڕێقەبەرێ بازارگەهێ مەلبەندی لدهوکێ

بێ گومان بازارگەهێ مەلبەندی لپارێزگەها دهوکێ دەورەکێ گرنگ یێ هەی دژیانا ڕۆژانەیا هاولاتیادا، چنکو ئەڤ بازارگەهە مەزنترین و بەرفرەهترین سویکەو هەمی ڕەنگێت کەل و پەل و پێویستیا یێت لێ هەین و هەردەم تشت لێ بازارگەهێ نافەبرن.. لەوا هاولاتیێت پارێزگەهێ دچنە سەرەدانا بازارگەهی بو کڕینا پێویستیا.

فێجا بو زێدە شەهرزەایێ دسەروبەرێ کارێ ڕۆژانەیێ یێ بازارگەهێ مەلبەندی لدهوکێ مە ئەڤ چاڤپێکەتنە کر دگەل سەیدا «عزت خالد ئامێدی» ڕێڤەبەرێ بازارگەهی: -

پ = سەیدا دەستودارێ ڤی بازارگەهی چاوایە؟

ب = بازارگەهێ مەلبەندی لدهوکێ ئێکە ژ هەرە بازارگەهێت مەزن و هەڤچەرخ لعیراقێو بازارگەهێ مە ژ چەند پشکا پێك هاتیە.. پشکا دارایی و پشکا هەژمارتنیو (حسابات) پشکا فروتنا شویشە واتاو پشکا فروتنا قماش و جل وبەرگاو پشکا فروتنا ئامیرەتێت چاندنێو ئاڤاکرنێو پشکا فروتنا چگاراو هەمی ڕەنگێت فەخارنێو پشکا فروتنا یارێت زاروکاو پشکا پێوستێت قوتابیاو پشکا فروتنا ئامیرێت هویر (الاجهزة الدقیقة)و پشکا ئامیرێت نافمالێو کارەبێ..

هەروەسا ئەم لهەمی سەرێت سالا کوم دبین دگەل نوینەرێ ئەمانەتا دارایی و ئابوری لدەڤەرا ئوتونومی و نوینەرێ دەزگەها گشتی یا بازارگەهێت مەلبەندی و وەك مە گوتی ئەم لهەمی سەرێت سالا نەخشی دادینن کا دێ چ فروشین و ب چ شێوەو کا هاولاتیا چ تشت پتر پێتڤی یەو کا چ تشت پترژ هەمیا گرنگترەو ل سویکی نینە ئەڤجا دێ لدویڤ نەخشێ پەیدا کەین و ناهێلین ب چ ڕەنگا هاولاتی مەحتل بین و یا زانا ئەوە ئەم لدویڤ وەرزێت سالی تشتی ژبەغدا دئینینە عنبارێت بازارگەهی و بۆ نمونە نهو مە هەمی کارو پێویستێت وەرزێ زڤستانێ بێت بەرهەڤکری و ب

بەردەوامی ئەم دفروشین، هەروەسا ئەم لجەژنێت ڕەمەزانێو چەژنا قوربانیو هەلکەفتێت نیشتیمانی ئێکجار تشتی بۆ کوڕێت پارێزگەها خۆ ئامادە دکەین..

هوسانێ ئەم بهەمی شیانێت خۆڤە خزمەتا کوڕێت پارێزگەها دهوکێ دکەین و ناهێلین تشت لبازارگەهی خلاس ببیت.

پ = تە چ هەیە بێژیە جەماوەری ب ڕێکا ڕۆژنامە هاوکاری؟

ب = ب ڕاستی جهێ شەهنازیێیە کو پشتی شەش ساڵا ژ شەرێ مە دگەل ڕژێما خومەینی، ئابووریا مە ڕۆژ بۆ ڕۆژێ ب هێزترەو لپاشەڕۆژێ دێ ب هێزتر لێ هێت و ئەڤە شەش ساڵە شەڕە هێشتا ڕۆژەکێ ئێکێ هەست نەکریە ب نەمانا کەل و پەل و ئەرزاقیو پێویستیا.. ئەڤ چەندە ژی یانکو هێزا ئابووریا مە ژ حەکیمیا سەرکردایەتیا مەیە بتایبەت سەروك (صدام حسین) ئەوێ گەلەك جارا بەحسێ گرنگیا دەورێ ئابووریا بهێزکری ژبۆ سازکرنا سەرکەفتناو پێشئێخستناوەلاتی.

ئەم ژی ڤێ چاڤپێکەتنێ ب دەرفەت دزانین کو سلاڤێت گەرم و گور بهێزین بۆ سەرکردیەیتا پارت و شورەشێ بتایبەت سەروکێ قومەندار (صدام حسین) ئاڤاکەرێ عیراقا نوی.. عیراقا دەستکەفتا.. عیراقا کوردو عەرەب و کێماتیا.

= سوپاس بۆ سەیدا «عزت خالد ئامێدی» ڕێڤەبەرێ بازارگەهێ مەلبەندی لدهوکێ.

= سوپاس بۆ ڕۆژنامە «هاوکاری» یا زێرین.

وەصفی حسن
لقی دهوك

بەچەند ساتێ پێش کۆچی دوایی «شەماڵ صائیب» ئۆخەی ئاوازی ڕەسەنی کوردی لە دایك بوو!

لقی هەولێر - شێرزاد عبدالرحمن -

سەر لە ئێوارەیەکی خامۆش، بەڵام وەکو هەمو ئێوارەیەکی ئاسایی‌نا، بەڵکو دڵی زەوی لێ ئەداو، بەغوربەتی‌مەرگی [شەماڵ صائیب]ی دڵناسك و هونەرمەندی گرتە باوەش...

بەڕاستی هەروا مردنێکی ئاسایی نەبوو، بەکوژانەوەی مۆمی تەمەنی ئەم مروڤە، هونەرو دنیای مۆسیقای کوردی، کەوتە خامۆش و پرسەیەك، پرسەیەکی ئەوتۆ.. ناسەو هەناسەیەکی ساردی ئەوتۆ کە بەگوڕ فرمێسك ئەبارێنێ... لە بیرەوەری «شەماڵ»ی هونەرمەندو هاوڕێ ئەم چەپکە یادگارە..

(*) کە هاتە هەولێر، لە بیرمە لە ژوورە خنجیلانەکەی پێشوازی کردم.. بەدەم زەردەخەنەوە خەم و خۆزگەو یادگاری گێڕایەوە.. نیازم وابوو، کۆبێکی ڕێزگرتنی بۆ بگێرین.. لە وەڵامدا ووتی:

[بۆ هەمو شتێك قەیناکە.. تەنیا کۆڕ گێران نەبێت.. چونکە خەڵکی هەولێر هێندە ڕێزیان داومەتی، هێندەم خۆش ئەوێت.. ئەترسم لە سەر شانۆ، لە غوربەتی خۆم، بەخۆم نەوەستم و بگریم.. خەڵکی ئەو شارەی لە ئامێزیان گرتم و هەموو مانایەکی خۆشەویستی خۆیان دامێ...]..

ئەی چار...؟!

ئەیووت: [بنووسەوە.. من بە سادەیی خۆم ئەدوێم.. تۆ بیخەرە چوار چێوە..].

ئەیووت: [خۆزگەم زۆر بوو.. خۆزگەی هونەر.. خۆزگەی خۆشەویستی خەڵك.. خۆزگەی باوەشی نیشتمان کە لە باوەشی دایك پیرۆز ترە.. هەندێ لەو خۆزگانە هاتنەدی، زۆریشیان نە هاتنە دی..]... پاشان بە هەناسەی ساردەوە ئەیووت: [گرینگ.. ئێستا ئێوەم هەیە..].

- ٢ -

- شەماڵ - مروڤێکی قسەخۆش و لە سەرخۆ بوو، بە هێمنی ئەدوا.. بە هێمنی بیری ئەکردەوە...!

(*) لە بیرمە ئێوارەیەکیان بردمە لای پزیشکێکی ددان.. زۆری ئازاردا.. پاشان کە زانی ئەمە [شەماڵ صائیب]ە! پێی ووت:

[بمزانیایە.. ئەمە شەماڵە.. خۆم لە دڵگیرانی شەماڵ دوور ئەخستەوەو ئەوەم ئەشکرد.. چونکە دڵی هونەرمەند ناسکە!]...

بەتایبەتی دڵی «شەماڵ».. کە تائەهات بچووکتر ئەبۆوە... بەو ڕادەیە، ئەوانەی لێی نزیك بوون، ئەبوایە بەڕادەی ناز هەڵگرتن و لاوانەوە لە گەڵی بدوێن.. نامەقیش نیە.. چونکە ئەم دڵە.. ساڵانێکی دوودرێژە خەم ئەخاتە کۆڵ خۆی!

- ٣ -

(*) یادگارو بیرەوەری لەگەڵ - شەماڵ - ڕۆژە.. ماوەیەك پێش ئێستا.. ئەهاتە تیپی هەولێر..

لەوێ.. سەر لەنوێ دەستی کردەوە بەگۆرانی.. بەڵام هیچی تۆمار نەکرد.. حەزی دەکرد.. هەموو گۆرانیەکانی کۆرسی کچی لە گەڵدابێ...

دوا شتیان کە بەدەنگە غوربەتیەکەی بۆی ووتم: گۆرانیەك بوو.. کە شیعرو ئاوازی خۆی بوو.. دەیووت: [بەئومێدم تۆماری بکەم.. یان بۆ هونەرمەندێکی لاو.. ئۆخەی ئێستا دەنگ و ئاوازی شیرینی کوردی لە دایك بووە]...

ئینجا ئەیووت: [لە گۆرانی - ئەرێ لەیلێ - ی ئەم دووایە شەرم ئەکەم... بەڵام فؤادو تحسین هانیان دام.. فؤاد.. زیاتر لە سێمانگ لە نە خۆشخانە چاودێری کردم بەقەد خۆشەویستی برایەك..]!

- ٤ -

(*) سەر لە ئێوارەیەکی مانگی ڕابردوو... کە چوومە لای.. ڕەنگی جارانی نەما بوو.. ئەیووت:

[من زۆر لە تیپی هەولێرو خەڵکی هەولێر مەمنوونم... هاتنە لام و گوڵیان بۆ هێنان..]..

پاشان ووتی:

[ئێمە، تا نەمرین، گوڵێك لە ژوور سەری خۆمان نابینین، چونکە تەنیا بە مردن ڕێزی یەکترمان بیر ئەکەوێتەوە]..

پاشان هەر بەبێ پرسیار.. خۆی بە کەمێ ئازارەوە ووتی:

[وەسیەتم تەنیا ئەوەیە.. لە هەولێر بمنێژن.. هەولێرم بەقەد جگەرگۆشەکانم خۆش ئەوێ..].

تا لە هەولێر چاوەکەشەکانی لێك ناو دووا ئاوری لەم ژیانە دایەوە، هەتا توانی هەر گۆرانی بۆ خۆشەویستی ئەم نەتەوەیە ووت و، بڕوا ناکەم ساڵان بتوانن.

دەنگ و خەمی ئەم هونەرمەندە ڕەسەنە کوێر کەنەوە!

لە چالاکی لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی «ماڤی دانەر لە یاسای عیراقیدا»

لە چالاکیەکانی لقی دەزگاکەمان دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١١/٢٠ کۆڕێك بۆ مامۆستای پارێزەر فکرەت عزت لە هۆڵی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر بە ناونیشانی (ماڤ دانەر لە یاسای عیراقیدا) سازکرا.

سەرەتا هاوڕێی ڕۆژنامەنووس کاك ئازاد محمود بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو خاوەن باسی بە دانیشتوان ناساندو باسی گرنگی ئەم کۆڕەی کرد کە بابەتێکی نوێیەو یەکەمجارە کۆڕی بۆ بگێرێ نەك لە کوردستان دا بەڵکو لە هەموو عیراق دا، ئەوەشی دەستنشیان کرد کە دەزگاکەمان هەمان کۆڕی لە هەولێر سازکردوەو بەتەمایە لە دهۆك و بەغداش پێشکەش بکات.

لە کۆتاییدا سوپاسی لێپرسراوانی ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی کرد کە هەموو کات یارمەتیان داوین لە ئامادەکردنی هۆڵ و پێداویستیەکانیدا.

پاشان مامۆستای پارێزەر کاك فکرەت عزت دەستی بە خوێندنەوەی بابەتەکەی کردو سەرەتا هاتە سەر شیکردنەوەی وشەی دانەرو دانەر چی دەگەیەنێت لە یاساداو داهێنان چییە لە ئەدەب و هونەرو بابەتەکانی تردا دانەر بەو کەسە دەڵێن کە شتێکی نوێ دابهێنێو کەس لە پێش ئەو پەی پێنەبردبێت و نەیهێنابێتە وجودەوە ئەو بە خاوەنی ئەو داهێنانە دادەنرێت و ماڤ لە مافەکانی ئەو کەسەیە.

ئینجا هاتە ئەوەی کە کاتی خۆی یاسایەك نەبووە ماڤ دانەر بپارێزێت و ئێستا لە جیاتی ئەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە ڕەخنەو ڕەخنەگاری بێسوود پڕ بکرێتەوە با یەکێك ئەگەر دەرانیت خاوەنی ئەو مافەیەو گۆرانی تیا کراوە یان دزراوە با بچێتە دادگاو لە دادگای (بداءة) شکات بکات چونکە ئەو دادگایە تایبەتە بە دادوەری ئەم بابەتانە.

ئێستا یاسایەك هەیە کە لە ساڵی ١٩٧١ەوە دانراوەو ژمارە سێی پێدراوە لە عیراق داو یاساکەش بە ناوی (یاسای پاراستنی ماڤ دانەر)ەو وتی کاتێ یەکێك شیعرێك یا کتێبێك یا ئاوازێك یا هەر بابەتێکی‌تر دادەنێت ئەم شتە دەبێتە مولکێکی (معنوی) خۆیو یاساش بەرگری لەو مولکە (معنویە) دەکات.

دوای شیکردنەوەی هەموو لایەنەکانی یاساکە هاتە سەر باسکردنی چۆنیەتی دەستکاریکردن یاخود دزین یان تێکدانیو گۆرانی هەر شتێك جا ئیتر ئەو شتە شیعر، پەخشان، نامە، وتار، چیرۆك، وێنە، پەیکەر، گۆرانی ئاوان... هتد بێت یاساکە وەك یەك تەماشیاین دەکات و لێی دەکۆڵێتەوەو سزای تاوانبار دەدات.

لە کۆتاییدا هاتە سەر ڕێنماییکردنی دانەرو ئەگەر ویستی تاوانبار بدات بە دادگا چۆن دەیداو هەر خاوەن مافێش بۆی هەیە شکات بکات ئەگەر ئەو مرد میراتگرانی بۆیان هەیە ئەو کەسەی دەستکاری کارەکەی کردوە بیدەنە دادگاو کەسێتر بۆی نییە ئەگەر هاتو خۆی وەسیەتی نەکردبێت، هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە پاش ٥٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی هەر شتێك دا دەبێتە ماڤ گشتیو ماڤ دانەری پێوە نامێنێت.

پاشان دەستکرا بە گفتوگۆو پرسیارکردن دەربارەی بابەتەکەو مشتومڕێکی گەرمی لەسەر کرا کە زۆربەی زۆری ئامادەبووانی کۆڕەکە بەشداریان تێداو کۆڕەکە ماوەی دوو کاتژمێری خایاند.

- هێرش -

لقی سلێمانی

Institut Kurde de Paris

وەڵامی (فەرهەنگی ئاری‌و چەند سەرنجێك)

بەشی دووەم

صابر گردەعازەبانی

٧ ـ كاك (ئیسماعیل) دەڵێ: ڕاستی‌یەكەی (ئاڵووگۆڕ، (ئاروووگۆڕ)ە، چونكە كورد دەڵێ مەرەكەم ئاڵوەگۆڕ كرد. بەكارهێنانی (ر)ی لاواز تەواوترە لە (ر) ی قەڵەو چونكە ئەو (ر)ی لاوازەی ناوچەی دەشتی هەولێر بەكاری دێنن، بە شێوەی سلێمانی دەبێتە (ل) بەڵام (ر)ی قەڵەو وەك كاك (سابیر) نووسیویە، هیچ ڕاستیەكی نیە.

لێرەدا ئێمەش دەڵێن: تا ئێستا لە هیچ فەرهەنگێكدا، ووشەی (ئاڵووگۆڕ) بە لامی لاواز نەهاتووە، هەتاكوو لە فەرهەنگی مامۆستا (مەردۆخ)یش دا بە (ئاڕووگۆڕ)ی نووسیوە، هەر (ر)ی قەڵەوی بەكارهێناوە وەهەروەها ڕاستی ئەم قسەیەش خوێنەران بۆیان هەیە، سەیری قاموسی زمانی كوردی مامۆستا (عبدالرحمن محمد امین زەبیحی)، (ل: ٥٩، دێری: ١٨) وفەرهەنگی مەهاباد (ل: ٣١، دێری: ٢) و ئەستێرەگەشە (ل: ٢٢٠ دێری: ٩) بكەن، كە لە هەموویاندا بەلامی قەڵەو هاتووە جا نازانم كاكەی ڕەخنەگر لەبەر چی ئەم ووشە ڕاستەی بە هەڵە زانیوە؟

خۆ ئێمەش دەڵێین، بەڵێ ڕاستە ناوچەی هەولێر بە (ر) ی لاواز دەی خوێننەوە، بەڵام ئەوە نابێتە دەستوورو بەڵگە كەوا هەموو كوردەواری بەهەمان (ر) ی لاوازی دەخوێننەوە. وەیا هەر لەبەر ئەوەی كە دەشتی هەولێر بە (ر)ی لاوازی دەخوێننەوە، دەبێ ناوچەكانی تری كوردەواریش هەر بە (ل) ی لاوازی بخوێننەوە كە (ر) نیكە گۆڕا بە لام.

لێرەدا دەمەوێ ئەم پرسیارە ئاڕاستەی كاكە (ئیسماعیل) بكەم:

ئایا دەتوانین وشەی (ئاڕووگۆڕ)بە هەڵە دابنێین كە ناوچەی (سنە) لە كوردستانی ئێراندا بە (ر) ی قەڵەو دەی‌خوێننەوە؟

وەیا ناوچەی سلیمانی‌و زۆر ناوچەكانی تر بە (ل) ی قەڵەوی دەخوێننەوە؟

نەخێر، هەموویان ڕاستن .. بەڵام هەر ناوچەیەك بەپێی شێوەو ڕێبازێكی تایبەتی لەهجەكەی خۆی دەی خوێنێتەوە، هەر وەكوو زمانە بێگانەكانی ترچ ئینگلیزی بێ یا فارسی یا تورکی... هتد.

خوێنەرانی بەڕێز، هیچ شوورەیی‌و كەمی نی‌یە كە ئەگە یەكێك شتێك نەزانی‌و بەدوای‌دا بگەڕێ‌و لە خەڵكی تر بپرسی، وەیا لە فەرهەنگەكاندا بە دوای‌دا بگەڕێ، بەڵام شتێكی ناشایستەیە كە ئێمە لە خۆمانەوە هەر شتێكمان بەرچاو كەوت، بڵێین ئەوە هەڵەیە، چونكە بە خۆمان نایزانین.

٨ ـ كاك (ئیسماعیل) دەبێژی: دەبوایە لە تێبینیدا بنووسرایە ئەم ووشەیە لە ئەسڵەوە لە (اجداد)ی عەرەبی وەرگیراوە زیاتر ڕوون دەبووە.

لێرەدا ئێمەش دەڵێین: كاكە (ئیسماعیل) ووشەی (ئاژداد) لە ناو كوردەواری‌دا زۆر ڕوون و ئاشكرایە، وەك مانگی چواردەشەو، هیچ پێویست بە ووشەی (اجداد) ناكات كەوا بە هۆی ئەوەوە (ئاژداد)بە كورد بناسێنین. وەهەروەها مەرجیش نی‌یە ووشەی (ئاژداد) ووشەیەكی عەرەبی بێ، هەرچەندە، هەندێك لە زمان زانان لەسەر ئەو بیروڕایە دانە كەوا ووشەیەكی عەرەبی‌یە. جا با ووشەی (اجداد) هەر عەرەبی بێ‌و وەووشەی (ئاژداد)یش كوردی بێ.

٩ ـ كاك (ئیسماعیل) دەبێژی دەبوایە كاك (سابیر) پاش ئەو پێناسەیە بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەو مانای زیاتر بینووسیبایە (بەوكەسەش دەڵێن كە ئاشەكە دەگێری‌و سەرپەشتی دەكات). چونكە ناوچەكانی سلێمانی‌و پشدەرو هەولێریش بەو كەسەی ئاش دەگێری‌و سەرپەشتی دەكات دەڵێن (ئاشگێر).

لێرەدا ئێمەش دەڵێین: لە هیچ ناوچەیەك لە ناوچەكانی كوردەواری بە (ئاشگێر) نالێن (ئاشەوان) چونكە ووشەی (ئاشگێر) ووشەیەكە تەنیا بۆ (ئەندازەیەك لە ئاوی جۆگە یا هەر ڕووبارێك كە ئاشی ئاوی دەخاتە گەڕ) بۆ نموونە دەڵێن:

جۆگەكە ئاشگێری ئاوی پێدا دێت، وەبۆ ڕاستی ئەمەش سەیری فەرهەنگی خاڵ لاپەڕە (٥١)و فەرهەنگی زمانی كوردی مامۆستا عبدالرحمن محمد امین زەبیحی لاپەڕە (٣٧) یش بكە.

وەهەروەها ئێمەی كورد، ووشەیەكی تایبەتیمان هەیە، بۆ ئەو كەسەی كە ئیش و كاری ئاش بەڕێوە دەبات بەتایبەتی كە لەبەر دۆڵەدانی ئاش دەوەستێ بەكاری دەهێنین كە ئەویش (ئاشەوان)ە نەك (ئاشگێر)، هەر وەكوو كاك ئیسماعیل تێ‌ی‌گەیشتووە. وەلام وایە هەتاكوو ئا ئێستا هیچ كەس بە (ئاشەوان) نالێ (ئاشگێر) یا بە پێچەوانەوە، نالێم ئەگەر لەم دواییەدا داتاشرابێ...!

وەهەروەها خۆ ئەو شتەی ئاشەكە دەگێری ئادەمیزاد نی‌یە بەڵكوو ئەندازەیەكە لە ئاوی جۆگە یا هەر ڕووبارێك كە ئاشی ئاوی دەخاتە گەڕ،

١٠ ـ كاك ئیسماعیل دەڵێ: ڕاستی‌یەكەی (ئاقیبەت)ە، چونكە كورد دەڵێ (ئاقیبەتی) هەموومان مردنە).

ئێمەش دەڵێین: ڕاستە... بەڵام لەبەر ئەوەی چونكە ووشەیەكی عەرەبی‌یەو كوردەواری بەكاری دەهێنن، جا لەبەر ئەوە لە كاتی بەكارهێنانداە لە چەند ناوچەیەكی كوردەواری‌دا وەك یەكتری نایخوێننەوە،، بەڵكو لە هەندێك ناوچە وەك خۆی بە (عاقیبەت) و لە هەندێك شوێنی تر بە (ئاقیبەت)و لە هەندێك شوێنی تریش بە (ئاقووبەت) بە كاری دەهێنن جا منیش لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو هۆنراوەو چیرۆك و پەرتووەكانەی خوێندومەتەوە، ووشەی ئاقووبەت)یش بە بەر چاوم كەوتوو، جا وەك خۆی منیش نووسیومەتەوە.

١١ ـ «كاك ئیسماعیل دەڵێ: دەبوایە كاك (سابیر) باسی ئەوەشی بكردایە كە (ئاگرەكە) جۆرە پەرینەوەو لێپیس كردنیكە...

ئێمەش دەڵێین، ڕاستە بەڵام چونكە (ئاگرە ـ ئاگرەكە) هەندە لە لایەن كوردەواری یەوە ڕوون و ئاشكرایە، جا لەبەر ئەوە هیچ بە پێویستم نەزانی كە لە كاتی مانا لێكدانەوەكەی، ووشەی (ئاتەشەك)دا كە بەهەمان مانا هاتووە، مانای (ئاگرە ـ ئاگرەكە)ش وەك كاك ئیسماعیل دەڵێ لێك بدەمەوە. وە لە هەمان كاتیشدا لە كاتی‌مانا لێكدانەوەی ووشەی (ئاتەشەك)دا دەست نیشانی ئەو نەخۆشیەشم كردووە بەم شێوەی خوارەوە:

(ئاتەشەك) ـ [ل]، ئاگرە، سوسەنەكی‌ی ئاكلە (ل). نەخۆشی سیفلیس.

فەرەنگی‌ی هاوڵە فەرەنگی‌ی جۆرە نەخۆشی‌یەكە..

١٢ ـ كاك ئیسماعیل دەبێژی: كاك (سابیر) دەڵێ: (ئاڵف): گیای ئیشك كە زستانان لە ماڵەوە دەدرێ بە مەڕو ماڵات و پاتاڵ و بەرزەو وڵاغ).

ڕاستی‌یەكەی ئاڵف (علف) گیای ووشك نیە بەڵكو دانەوێڵەیەو وورده دەهاردرێ بەتایبەتی (جۆ) ئینجا دەدەرێتە ئاژەڵ. ئەوەی كاك (سابیر) دەیڵێ (كا) یە نەك (ئاڵف).

لێرەدا ئێمەش دەڵێین: كاكە (ئیسماعیل)، هیچ مەرج نی‌یە (ئاڵف) بەس بریتی بێ لە (هارینی جۆ یا چەند دانەوێڵەیەكی تر)، بەڵكوو بریتی‌یە لە هەر ئالیكێك كە لە زستانان یا لە هەر وەرزێك بدرێ بە مەڕو بزن و ئاژەڵانی تر جا گیای ووشك یا كاو جۆ یا هەر وەكوو ئێستا جۆی هاپاو بێ.

ئەم ووشەیە كە كوردەواری بەكاری هێناوەو بۆ ئەو ماناو مەبەستەی من لێكم داوتەوە، هەرگیز ئەو (ئاڵفە)ی ئێستا باوە هەر نەبووە، یا زۆر بە كەمی هەبووە.

وەهەروەهاش تكا لە خوێنەرانی ئازیزم دەكەم كە سەیری لاپەڕە (٥٧) ی قاموسی زمانی كوردی مامۆستا عبدالرحمن محمد امین زەبیحی بكەن كە بە هەمان مانا ماناكەی لێكداوتەوە.

١٣ ـ كاكە ئیسماعیل دەبێژی: دەبوایە كاك (سابیر)، لە كاتی مانا لێكدانەوەی ووشەی (ئاڵەكۆك)، هەڵەكۆك، ئاڵەقۆق... هتد ل١٥٦دا، هەمان پێناسەی كوردی وەربگێرێتە سەر زمانی عەرەبی، چونكە خوێندەوارێكی عەرەب بەو ڕادەیەی باسكراوە، باش تێ‌ی ناگات.

لێرەدا ئێمەش دەڵێین: كاكە برا، هیچ مەرج نی‌یە، لە وەرگێڕانی ووشە یا ڕستە یا هەر شتێكی تر، لە زمانێك بۆ زمانێكی‌تر، ووشە بە ووشە ماناكەی بە شێوەیەكی گشتی دەقاو دەقی لێك بدرێتەوە، چونكە هەر زمانێك شێوەو ڕێبازێكی تایبەتی خۆی هەیە، لە كاتی وەرگێڕانی‌دا، چونكە لە كاتی مانا لێكدانەوەی هەندێك ووشەدا، وەرگێڕ دەتوانی بە یەك ووشە ماناكەی لێك بداتەوەو مەبەستەكەش بگەیەنی، بەڵام لە هەندێك ووشەی تردا وەرگێڕ ناچار دەبێ كە بە چەند دێرێك یا لاپەڕەیەك یا.. ماناو مەبەستەكە بۆ خوێنەران ڕوون بكاتەوە.

جا لام وایە ئەوەندەی من كە عەرەبی‌یەكەم بەم شێوەیەی خوارەوە لێكداوتەوە بەسێنی وهیچ پێویست بە درێژە پێدانی تر ناكات، وەكوو: ضرب من نبات بري. ربیعی‌و لە زهرة صفراء وجذر حلوالطعم.

١٤ ـ دات نیسماعیل دەڵێ: ڕاستی‌یەكەی (ئامانج) واتای ئاوات نابەخشێ چونكە (ئامانج)...

ئێمەش دەڵێین: ووشەی (ئامانج بە مانای (مەبەست، ویست، ئاوات) هاتووە، هەر وەكوو ووشەی (ئاوات)، بە مانای (ئارەزوو، هەوەس، هەوا، كام) هاتووە. چونكە ئەگەر سەیری هەر زمانێك بكەن چ عەرەبی یا كوردی یا هەر زمانێكی تر بێت، دەبینین ووشە هەیە بە چەند ماناو مەبەستێك هاتووە. بۆ نموونە ووشەی (كَتَبَ)ی عەرەبی بە مانای: (نووسین، ووتی، پێویستی كرد، كۆی‌كردەوە) هاتووە. هەروەها ووشەی كوردیش وەك زمانەكای تر بە چەند ماناو مەبەستێك هاتووە.

بۆ ڕاستی ئەم بۆ چوونەی منیش، خوێنەرانی هێژاش دەتوانن سەیری لاپەڕە (٦٦)ی قاموسی زەبیحی‌و لاپەڕە (٢٤)ی فەرهەنگی (مەردۆخ)یش بكەن.

١٥ ـ كاك ئیسماعیل دەڵێ: (ئانە بەسێ خا. واتای لێكدراوەتەوە، دەبوایە خاڵی چوارەمیشی بۆ زیادبكرایە، چونكە (ئانە) مانایەكی تریش دەبەخشێ ئەویش (عانە) یە دراوێكی كۆنە و قیمەتی چوار فلسی ئێستای دەبوو.

لێرەدا ئێمەش دەڵێین، بەڵێ ڕاستە، لە هەندێك ناوچەی كوردستاندا بەكاری دەهێنن.

١٦ ـ كاك ئیسماعیل دەڵێ: دیارە كاك (سابیر) مەبەستی لە ووشەی (ئاوازكردن) دایلەكتیكی هەولێرو سلێمانی‌و پشدەرە كەچی هیچ ناوچەیەك لەم ناوچانە بە (بانگ كردن) نالێن (ئاوازكردن)..

ئێمەش دەڵێین بەڵێ ڕاستە، بەڵام لە هەمان كاتیشدا ووشەی (ئاوازكردن) بەمانای (بانگ كردن بە بەرزیی)یش هاتووە.

هەروەكوو لە فەرهەنگی (خاڵ) یش لە لاپەڕە (٦١)ی دا بە هەمان مانا هاتووە. ئەم ووشەیەش بە زۆری لە هەندێك ناوچەكانی

بروانە ل١١

«چاتاڵ» كۆنترین ژیاری مرۆڤ

بورهان سەعید

هەولێر

دەتوانین بە كورتی بڵێین كە مێژوو بریتی‌یە لە «تۆماری هەموو ئاڵ و گۆڕێكی سروشت و كۆمەڵ، ژیانی ئادمیزاد لە سەرەتاوە تا ئێستا مێژوویەكە بۆ خۆی‌و، پێویستی بە لێكۆڵینەوەو پشكنین هەیە، بە گوێرەی ئەو ئاسەوارە دێرینانەی كە مرۆڤ بە بەردەوامی جێ‌ی هێشتبوون بۆ نەوەی ئێستا.

ئەركی مێژویش لە مەیان «بریتی‌یە لەدیار كردنی بەسەر هاتی هەمە جۆری ژیانی ئادمیزاد پێكرایان جیاوان، بەپێ‌ی قۆناخ یان لە شێك كە قۆناخ...».

دیاریشە كە مێژوو زانستێكی فرەبەهایەو، ڕەپێشی هەموو زانستەكانە مەیەكێك لە تایبەتی‌یە گرنگەكانی زانست (پێكرا) ئەوەیە كە وەستانی بۆ نی‌یە، بەڵكو بەردەوام لە بارێكی پڕ لە پێشكەوتن دایە.. لەم ڕوانگەیەوە دۆزینەوەی هەر كۆنەوارێك (یان هەر شتێكی تری مێژوویانە)، ئاسۆیەكی نوێ لە تێ ڕوانین بۆ مێژووی كۆن، ڕۆشنا دەكاتەوە چەندان بیردۆزەو بێژەی پسپۆڕانە دەگۆڕێت.

ئەم كورتە لێكۆڵینەوەیەش لەمەڕ كۆنەوارێكی نوێ دۆزرایەوە (دۆزیتەوەی لە شەستەكانی ئەم سەدەیە بوو، پشكنینی كۆنە شارێكە تائێستا تەواو نەبووە) ئەویش كۆنەواری [چاتاڵە]....

ئەوەی ئاشكرایەو ڕێسایە بۆ مێژوو ناسان: بۆ پەیدا بوونی ژیار، دوو مەرج هەن، یەكەمیان بەكار هێنانی هێروباری گلێن (الفخاریات) وە دووەمیش كشتوكاڵ كردنە».... لەبەر ئەوە كۆنەواری چاتاڵ بە جۆرێك لەوژیارە دادەنرێت كە ئێستا دێینە سەر لێوانی ژیندەگی خەڵكەكەی.

بەگشتی چاتاڵ كۆنترین و تازەترین ژیارە لە جیهاندا (تانهۆ) چونكە كەونترین ژیاوە كە مرۆڤ دروستی كردبێت،... هەمیسان تازە ترین ژیارەكە كۆنەوار ناسی (علم الاثار) ئاشكرای كردبێت.

كاری لێكۆڵینن و پشكنین زانستانەی ورد لەسەر ئەم ژیارە كۆنە فرە گرنگ و پێویستە چونكە، یەكەمین ژیواری مرۆڤە كە بەر لە سێ‌مەریەكاندا هاتووە بە دووهەزار ساڵێك.. وەگرنگی شارەكە لە مەشە كە مێژووی بەر لە مێژوو و، ژیارێك بەر لە گشت ژیارەكان دەنوێنێت.

هەروەها گرنگی ئەم كۆنەوارە دەردەكەوێت لە بارەی بەر پەرچ دانەوەی



بروانە ل ١١

دەربارەی «دەمە.. بهارا تە هلدا»

وصفی حسن ردینی

دڤان هەیامادا دیوانا [دەمە .. بهارا تە هلدا] كەفتە بازاری‌و گەهشتە دەستێ خوینەوارێ كورد.. ئەڤ دیوانە یا هوزانڤانێ گەنج «سالم عبدالعزیز» ەو ژ دەستێ ناڤنجی یەوێك هاتیە ژ هندەك هوزانیت تەڕو نازك.

ئەگەر ئاڤریەكی بدەینە ڤێ دیوانێ، دێ بینین پرە ژ ئەڤینداریی‌و نازكیی‌و دیمەنیت خوش و بهێن فرەهـ و دێ بومە خویا بیت كو هوزانڤان (سالم) گەلەك باوەریەكا موكم یا ب ئەڤینی ئەڤینداریی هەی‌و هەمی بینینیت وی لسەر ڤێ شۆیێ دچن و هەروەسا ژ خواندنا ڤان هوزانا بومە خویا دبیت كو هوزانڤانێ مە گەلەكێ داخبارە (متأثر) ب سروشتی چنكو ب دەهان ناڤیت گول و ئاڤاو ڕەزو وارو دارو بار یێت لناف ڤێ دیوانی‌و تشتەكێ دی ژی سەرنجا من ڕاكێشایە ئەوە ئەڤ مرۆڤە یانكو هوزانڤان گەلەك بایەخێ دایە دەمی [الزمن] دەم لنك وی تشتەكی زور بهایەو ل گەلەك هوزانادا یێ خو بەند كری (ربط) ب دەمی‌ڤە.

هوزانڤانی مە وەك مە گوتی ئەڤیندارەو هەمی گیان و ژیانا وی ئەڤینە، دیسان هەمی كریارو گوتنیت وی سەروكانیا وان ئەڤینی‌یەو ل هوزانا (ئەڤینا من) دبێژیت ئەڤینە ئەز ئیختیمە فەیدو زنجیرا.. ئەڤینە ئەز كریمە شاعر: ـ

ئاخ ژ بوتە ئەڤینامن
یاكو ژ بەر تە
كەتیم ددەریا هویڤی‌یادا
یاكو ژ بەر تە
من قەیدو زنجیر بچاندین
یاكو ژ بەر تە
من حەژ ڤێ دنیایێ كری‌و
دنیایەكی تەحل و ترشە
یا كو ژ بەر تە..
كەڤرو تەحتیت چەل و چیا
من هێراتی
یاكو ژ بەر تە
بیمە شاعرو نقیسەر
ئەڤە هەمی،
ژ بەر هەردو چاڤیت تەیە

هوزانڤانێ مە دەمێ حەژ وەلاتێ خو دكەت، ڤێ حەژ یكرنێ ژ ی دگەل ئەڤینێ گرێ ددەت و ئەڤ تشتێ یانكو گرێدانا ئەڤینا وەلاتێ دگەل ئەڤینا یارێ تشتەكێ كەڤنەو.

گەلەك شاعریت عەرەب و بیانی‌و كوردا یێت كلاسیكی‌و هەڤچەرخ ئەڤ تشتێ كری‌و یاگوتی‌یە وەلاتێ خو.. ئەی وەلات وەكو دولبەرا خو ئەم حەژ تەدكەین و تە دحەبینین ئو ل هوزانا «وەلاتی‌من»

هوزانڤان دبێژیت: ـ

من تو دڤێ ڤیانەك گەلەك
ڤیانا ئاڤێ‌و چاندنێ
وەك ڤیانا مەم و زینێ
چونكی من تو دڤێ‌ی..
دڤیت تە بپارێزم وەلاتێ من.
بخوینا خو..
ئەڤەیە هێڤینێ ئەڤینێ
وەلاتێ من..
براستی تو هەڤالەكی پر گرانی
هەر من دڤیت تەرازێكم
بەس نزانم ب چ ڕەنگی
ئەز چەند بكم ئەز چەند بێژم
قەرێ تە ل سەر خوناراكم
وەلاتێ من.

هوزان نەبەس ریزكرنا پەیڤابە یان قەفتەكا هزرو خیالایە بەلكو هوزان نامەكا مرۆڤایەتێ یا مەزنە، هوزان خەباتە، هوزان كریارە، هوزان هەلوێستە، مرۆڤ یان هوزانڤان دێ ب ریكاهوزانێ دێ هزروبیرێت خو بەرامبەر هەمی ژیانێ دیاركەت و دەمێ پسیار دهێتەكرنێ ژ هوزانڤان (سالم مصطفی عبدالعزیز)كا تو كی‌و ژ كیش نیشتیمانی‌و ئارمانجاتە چی‌یە... ئەو دبێژیت: ـ

هندی ئەزم
ژ نیشتیمانێ چەلەنگ و مێرخاسانم
ئارمانجا من براتی‌یا عەرەب و كوردانە
بنگەهێ من گەلی برا كوردستانە
دایكا خوشمێرو مەردانە
ئەز هو بیمەو دێ هەر هۆبم

وێنێ ب هێز بەلگەیە بو زیرەكی‌و شیانا هوزانڤانی، ئەڤچا چەند وێنە یێ بهێز بیت یان وێنە ئەوین ئەویت كەسێ نە بەحسكری‌و نەگوتی، ئەڤ چەندە بێ‌گومان كارەكێ گەلەكێ

پیروزەو داهینانەكە [إبداع]ەول دیوانا [دەمە .. بهارا تەهلدا] ب راستی ژ ڤان وێنە دمشەنە.. لێ مە بتنێ دوو وێنە ژێ گرتن یێ ئیكێ ئەڤ پارچە هوزانەیە: ـ

دەمە، بهارا تە هەلدا
دەمە، بەژنا تە خەملدا
دێ بی‌یە باغێ ئەڤینێ. طەیرو طەوال دێ لتە خوینن
ئەڤەیە كارێ ڤین و ئەڤینێ

وێنی دووێ یێ زور زور ب هێز ئەڤەیە دەمێ دبێژیت: ـ

بەلێ..
ئەڤە ئەزم
هندەك جارا،
بێ دەنگ ترم ژ نیڤا شەڤا
هندەك جارا،
هشك ترم ژ كەڤریت چیا
هیڤی دارم دوستا منێ
هەكەر بێ دەنگ دبم جارا..
یان ژێ نەرم دبم هندەك
لسەرو.گوهێت من سوار نەبە

ب راستی هیشتا لایەنیت باشیێ‌و نازكیی یێت ڤێ دیوانێ‌دا هەی لێ مە بڤێ چەندێ نقیسینا خو بدوماهی ئینا چنكو مەبەستامە بتنێ پێناسینەكا زورا كورت بو وئەگەر دەرفەت بومە پەیدابو دێ هیشتا بدرێژاهی لسەر هوزانا گەنجا ئاخڤین و دێ لسەر ڤێ دیوانێ ژێ ئاخڤن بئاناهیا خودێ.

هیڤی دارین ژ برایێ «سالم» هەر یێ بەردەوامبیت لسەر ئەڤینیاخوو ئەڤینیا پەیڤا كوردی یا پیرۆز.



Institut kurde de Paris

کەڵە شێرە رەنگین

«دیاری منالانی کورد بۆ منالانی فەلەستین

د. ئەمین عەلی موتابچی

نەنە پیرۆز کە بەیانیان دەرگای حەوشەی ماڵە بچکۆلەکەی دەکردەوە کەڵە شێرە رەنگین بەخۆی‌و سەرو پۆپنە تەورزینی‌یە ئاڵ و کلکە داسی‌یە کەیەوە لەگەڵ سێ چوار مریشك و دە دوانزە جووجەڵەی زەردو قاوەیی جوان جوان دەهاتنە دەرێ. دوای ئەوەی تۆزی بای باڵی خۆیان دەدا دەچوونە ناو ئەو پارچە زەویەی کە نەنە پیرۆز لەبەر دەمی ماڵە کەیدا ئامادەی کرد بوو جاروباری سەوزەی تیادا دەرواند.

بەڕاستی کەڵە شێرەکە کەلەناو مریشکەکاندا دەهات و دەچوو وەیان کە دەنکە شتێکی بدۆزیایەوە بە قرتە قرت بانگی دەکردن. دەت گوت دنیا هی خۆیەتی. کەڵەشێر هەتا لێی ووردبیتەوە جوانەو نموونەی مەردی‌و نێریە لەناو باڵندەدا.

کە تۆزی هەتاو کەرم دەبوو لەناو خۆڵەکەدا هەڵ دەنیشتن و خۆیان دەدایە بەرخۆر.

پەروباڵی کەڵە شێرە رەنگین کاتی کە هەتاوەکە لێی دەدا هەزار رەنگی لێ دەبووە. بروابکە لە تاوس جوانتربوو.

هەرتاوە ناتاوی کەلە شێرە رەنگین قوقەیەکی دەکرد، دیاربوو شتێك وەیامەلێکی بێگانەی دەدی بویە دەی ویست مریشکەکان وریا بکاتەوە.

بەم جورە بۆ خۆیان رۆژیان بەسەر دەبردو ئیوارە دەگەڕانەوە بۆ کولیەکەی نەنە پیرۆزیان دەحەسانەوە. لەگەڵ مەلای بەیانی دەیگوت «ئەڵلاو ئەکبەر» کەڵە شێرە رەنگین دەستی دەکرد بە خوێندن. ئەوەندە دەنگی خۆش و سازگاربوو ئەگەر بهاتایە لەبن دەستیشتەوە بێ خوێندایە پێت ناخۆش نەدەبوو.

رۆژێك لە رۆژە خۆشەکانی مانگی گوڵان کەڵە شێرە رەنگین و مریشکەکان لە دەوری یەك هەڵ نیشتبوون و دەحەسانەوە لەپر قەلە رەشکەیەکی ناشیرینی بەد فەساڵ لەلایانەوە نیشتەوە. بەجوریکی وەهانیشتەوەکە هەوای باڵی جوجەڵە جوانەکان کە دەت گوت تەتەڵە میرانن هەموی بە پشتاخستن و ترساندنی..

کەڵە شێرە رەنگین زۆری پێ ناخۆش بوو بەڵام خۆی‌گرت.

رۆژێ دووان بەم جورە ئەم قەلە بە دفەساڵە دەهات و سەری لێ‌تێك دەدان. بۆ رۆژێ سیهەم کەڵەشێرە رەنگین خۆی پێ نەگیراو لێی چووە پێشەوە وگوتی: تۆ هیچ شەرم و حەیاناکەی. جارێ ئێرەماڵی باوکت نی‌یەو ماڵی ئیمەیە ماڵی نەنە پیرۆزمانە. دوو بۆچی‌وا بەناشیرینی دەنیشیتەوە وئەو جوجکە بچووکانە دەترسینی. لای‌خۆت وایە ئازایی دەکەی. هەتا دوێنێ بوو لەو دەشت و بیابانەدا بۆ تۆزی سەوزایی‌و ئاوکوێر بووبوی. ئیستا هاتوویتە ئێرەو دەتەوێ ئەزیەتی ئەم فەقیرانە بدەیت زۆر عەیبە بۆتۆ. قەلە گوتی ئارەزوی خۆمە ماڵی باوکت بێ‌یاماڵی نەنە پیرۆز بە جەهننەم. کەڵەشێرە رەنگین زیاتر لێی چووە پێشەوەو گوتی: ئەگەر دەڵێی بانگ کەم تا هاوریکانم لەزەوی‌یەکەی ماڵی لالە حمەن بێن بەدەنووك ئاوە رووتت بکەن. نەخێر قەلە کەوتە قاغ. قاغ قاغ کەڵە شێرە رەنگین خۆی گیف کردو گوتی وەڵلا دەڵێی بە دەنوکێ هەر دوو چاوی هەلکۆڵم..

مریشکەکان کەوتنە بەینەوەو گوتیان مەیکەن بەشەرعەیبە ئیوە پیاون. قەلەرەشە ناجسنە برۆ شەرمان لێ‌لادە.

ئیوارە کە گەرانەوە ماڵێ نەنەپیرۆز سەیری‌کرد کەڵەشێرە رەنگین بێ‌دەماخە زۆری پێ ناخۆش بوو گوتی چی‌یە؟ دەڵێی شتێکتان لێ قەوماوە. بۆچی واعاجزن؟

کەڵەشێرە رەنگین گوتی نەنەگیان گوێ مەدەرێ هیچ نی‌یە. ڕوییشت بەرەو کولانەکەیان. مریشکە رەشەی دایکی جوجە لەکان هاتە تەنیشت نەنەپیرۆزەوەو گوتی: نەنەگیان قەلێکی سەگباب فێربووە ئەمە چەند رۆژێکە دێت و دەیەوێ زەویەکەمان لێ داگیرکاو شەرمان پێ دەفروشێ ئیمرۆ خەریك بوو بێ بەشەر لەگەڵ کەڵە شێرە رەنگین دا.

نەنە پیرۆز گوتی: پێچکی بەگۆرم سبەینی عیلاجی دەکەم. برۆن بنوون بێ‌خەم. بنوو نەجار خوایە کەو دەروەهەزار.

لەگەڵ بانگی بەیانی‌دا کەڵەشێرە رەنگین دەستی‌کرد بەخوێندن بەڵام خوێندنێکی زۆر بەکوڵ. نەنەپیرۆز کەهەڵساباوو خەریکی دەست نوێژشتن بوو دڵی پربوو.

دەستی بەرزکردەوەو گوتی خوایە لەشەری شەیتان و بەڵای ناگەهان و دەستی زوردار بەدورمان کەیت.

بەدڵیکی پڕەوە نوێژەکەی کردو سەلامی دایەوە.

ئنجا هەڵساو چوو تەڵەیەکی باشی دەرهێناو بردی لەزەویەکەدا لەنزیك سەوزاییەکەوە نایەوەو نەختی نانە ووردەو جوێ بەدەورا ڕشت.

دووایی هات و دەرگای لە کەڵە شێرە رەنگین و مریشك و جوو جەڵەکان کردەوەو بردنیە دەرێ‌و پێ‌ی گوتن ئیمرۆ لەو دیو چەپەرە کەوە چینە بکەن. نزیك سەوزاییەکە مەبنەوە. ئیمر لەگۆری باوکی قەلەکەتان بۆ

رۆژ گەرم بوو کەلە شێرە رەنگین هەڵفڕی‌یە سەر چەپەرەکەو دەستی‌کرد بە خوێندنی چیشتەنگاو گوتی: عوعوعو ئەوەی ماڵی من داگیر دەکا دەی دەم بەشوو لەپر قەلە رەشەکە لەگەڵ قەلێکی تردا وەکو کۆیان خۆیان دا بەزەویداو بەفیزەوە دەستیان کرد بە قاغ قاغ قاغ ئەمانیش لەدرزی چەپەرەکەوە سەیریان دەکرد.

قەلەکە بە هاوڕێکەی گوت ئاوایان لێ دەکەم وورده وورده پێ‌یان چۆڵ دەکەم. دەستیان کرد بە چینەو پێ شێل کردنی هەموو سەوزەکەی نەنە پیرۆز.

کەلە شێرە رەنگین وەختەبوو شێت. بێی بەڵام لەبەر قسەو ئامۆژگاری‌یەکەی نەنەپیرۆزی خۆی دەگرت.

وورده وورده قەلەکە لەتەڵە کە نزیك بووەوەو هەر کە پێ‌ی دانا تەڵە تەقی‌و قاچی قەلەی گرت قەلە دەستی‌کرد بەهاوارهاوارو پارانەوە. هاوڕێکەی هەر ئەوەندەی پێ‌کرا یەکسەر دای لەشەقەی باڵ و فڕی‌و گوتی ئەئاوا پاڵەوانی خۆتم پیشان دەدەی دەتەوێ سەرم بەفەتارەت دەی.

قەلە لە هاوارو قیژەقیژی خۆی دابوو کە کەڵە شێرە رەنگین و مریشك و جووجەڵەکان دەوریان داو پێ‌یان گوت:

ئەوەی بیەوێ ئازاری خەڵك بداو مولك و ماڵی لێ داگیرکا ئەمەیە ئەنجامی.

نەنە پیرۆز هات و دووسی داری ماڵی بەسەریاو پەری کلکی هەموو دەرهێناو گوتی: ئەمە نیشانەی بە پەنگی‌و ئابروو چوونە: ئیتر جاریکی‌تر نەیەیت بیرەدا، جاریکی‌تر بیت دەت تۆ پێنم ئنجا بەرەڵلای کرد.

کەلەشێرە رەنگنیش دەستی‌کرد بەخوێندن و گوتی: عو عو عو ئەوەی ماڵی من داگیردەکا دەی دەم بەشوو.

چیروکەك ژ فلکلۆرێ کوردی بۆ زاروکا

رویڤی هەر رویڤی‌یە ... نابت شێر!!

نڤیسینا عبدالجبار یحیی

شیر... خونکارێ دەهبایە ل دارستانێ بێ هەڤرکە.. چۆ دەهبە سینگێ وی ناگرن.. هەمی دەهبێت چولێ چاخێ چاف پێتکەڤن تەز تەزینۆك ب سەر لەشێ واندا دچیت ژ ترسێت ویدا!!

د بێژن رۆژەکێ د گەریا لناف دارستانێدا دیت رویڤی‌یەك یێ ژ وێڤە تێت چاوا رویڤی چاف ب شێری کەفت دەست و پێت وی خاف بۆن و لەرزکێ لێڤا وی گرت.. ئینا د جهدە خۆ درێژی ئەردێ‌کر... شێر هات ل هندافا وی راوەستیاو گوتێ:

ها.. مام رویڤی.. ئەڤە تە خێرە.. تو بۆچی هندەی لەهوازی..؟

ئینا رویڤی بسەر خوڤە هات و لپێش شێری سنەکنی‌و گوت:

وەللا ئەزبەنی ما.. ئەز چ بێژم تە.. هەما بلا بێ بەرك بیت ئەز برسادا هندەی لەهوازم.. هندی ئەز دگەرهم کەسێ ژ خوە بێ هێزتر نابینم دا بکوژم و بخوم!!

ئینا شێری گوتێ: مام رویڤی ژ نوکە پێڤە تۆ دێ ل گەل من بی دێ هەرۆ تە تێرکەم ژ گۆشتێ قەلەو.

بەلێ شوێ تە دێ ئەڤە بیت.. وەختێ مە نێچیرەك دیت تۆ دێ بەزی دەست و پێت من گەمرینی حەتتا رهێت ئەنیا من لێك سوار دبن تو چاڤێت من سۆر دبن.. هنگێ ئەز دێ خۆ تێ وەرکەم و دێ ڤەکوژم و ئەم هەردوو دێ ل گەلێك خوین.

ئەڤجا مام رویڤی گەلەك کەیفا وی هات رابو کەفت دویف شێری‌و چون.. ژوێ رۆژێ پێڤە خوارنا رویڤی بو گۆشتێ قەلەو رۆژ بۆ رۆژێ رویڤیێ‌مە قەلەو بۆ ناف ملێت وی پان بۆن گافا برێڤە دچۆ د هەژیا ژ قەلەویێ!!

گەلەك جارا د رێنا خۆ باوەر نەدکر ئەڤە ئەو رویڤی‌یە ئەوێ بەرێ هندە بێ هێز... گەلەك جارا هزرێت خراب لسەرێ ویدان ددلێ خودا دگوت: ما.. هەتا کەنگێ ئەز دێ دەست و پێت شێری ڤە پەرخینم!!؟ ما.. کی دزانیت ئەز رویڤی‌مە؟ ما.. بۆچی ئەز ژی خولامەکێ بوخوە ناگرم؟ دا دەست و پێت من بگەمرینت.

ئەز دێ خوارنا وی دەمێ!!

ئینا ناف بەینەکێ خۆ ژشێری ڤە دزی ئو بتنێ کەفت وێ چولێو چۆ.. وەسا وێ برێڤە دچیت جارەکێ بەرێ خۆ ددەتێ طوری‌یەك[1] وێ ژ وێڤە تێت.. دجهدە گازی کرە طوری: کورو کا وەرە ڤێرێ!

طوری بەرێ خو ددەتێ ئەڤە رویڤی‌یە، نە رویڤی‌یە.؟ رەنگ رەنگێ رویڤی‌یە بەلێ کەلەخ نە کەلەخێ وی‌یە!!

طوری هات لپێش رویڤی راوەستیاو گوت: بەلێ ئەز بەنی تە چ ژ م دڤێت..؟

مام رویڤی: تۆ نایێ ببی خولامێ من؟

طوری: ئەز بەنی ئەز دێ بۆتە چ کەم؟

مام رویڤی: ئەم هەر دوو دێ ل گەلێك گەرهین، چ وەختێ مە نێچیرەك دیت دێ بەزی دەست و پێت من گەمرینی حەتتا رهێت ئەنیا من لێك سیار دبن و هەر دوو چاڤێت من سۆر دبن هنگێ ئەز دێ خۆ تێ وەرکەم و دێ کوژم و ئەم هەردوو دێ خوین.

ئینا طوری بێهنەکێ هزرێت خو کرن ددلێ خودا گوت:

ئەڤە دێ چاوا دەهبا کوژیت؟ پاشێ گوت.. ما.. ئەز چ خسارەتم بکوژت باشەو نە کوژت دێ هێلم و دێ چم!

طوری: باشە ئەز بەنی دێ لگەل تە ئێم.. رابۆن هەر دوو کەتن رارەخی ئیك و چۆن.

وەختەکێ گەهشتن رەخا گوندەکێ بەرێ خو ددەنێ گۆلکەك قەلەو وێ دناف زەڤیا جەهیدا د چەریت. گۆلك بزینگەگی[2] رەش خەلەکە گرێدایی‌یە ب ستوینێ ویڤە.. گۆلك دابێنایی‌یە.. هەما وێ د هەژیت ژ قەلەوێدا.

چاڤێ رویڤی ب گۆلکی کەفت لێڤێت خو ئالیستن و خو قەلساند بۆ نێزیکی گۆلکی‌ڤەو گازی کرە طوری زویکا وەرە ئەڤە رۆژا مەیە!!

طوری بەزی خۆ ئاڤێت بەر لنگێت وێو دەست و پێت وی گەمراندن.. هندی طوریێ رەبەن دگەمرینت و د پەرخینت بەرێ خو ددەتێ هەر چاڤێت رویڤی وەکی خوەنە نە سۆر دبن نە کەش دبن. رەبەن گەلەك وەستیا ئینا دوماهیکێ گوتە مام رویڤی؟ ئەز بەنی چاڤێت تە وێ وەکی پەلێ ئاگری گەش بوین رهێت ئەنیاتە وێ ستویر بوین.

مام رویڤی.. خو ژیك ڤەکێشا... هندی هێز تێدا هەیە خۆ گڤاشت و خۆ ل گولکی وەرکر!! بەلێ وەکی دبێژن فەلەکا وی چەرخەك لێدا.. ئەگەر خودێ ژ ئێکێ ستاند نادەتێ.

چاوا خو د گولکی وەرکر سەرێ وی چو دناف بەینا بزینگی‌و ستوینێ گۆلکیرا ئاسێ بۆ!!! ئینا گۆلك دین بو هندی خودێ هێز دایە گۆلکی خو گڤاشت و ئاڤێت و ب چار گاف قەستا ناف کولانێت گۆندی کر.. رویڤی هلاویستی‌یە ب ستوینێ گۆلکی ڤە!!

چاوا سەیێت گۆندی چاف ب رویڤی کەفتن پیکڤە هێرش کرنە سەر ئو ژگۆلکی ستاندن و ژیك ڤە چراندن.

چەندا مام رویڤی لبەر دەستێ شێری خواری ژ دفنێت وی دەر ئێخستن. مام رویڤی کرن وەکی مارێ ژنکا کوشتی!! لەوما د بێژن رویڤی هەر رویڤی‌یە نابت شێر...!

★ ★ ——— ★ ★

رامانا من ژ ڤان نافا:

(١) طوری: دەهبەیەکە هندی رویڤی‌یە.

(٢) بزینگ: وەریس

پەخشان

پێشکەوتن خوازم

عثمان خواکەرم: زرنگ

ئەوا هەرچی وشەی ئاشی دەمم هەیە، لەسەر بەرداشی پەڕە وردی دەکەم.. بەسەر کۆنەپەرستانی کۆمەڵ دا، دەگرمێنم.. دەگرمێنم پێنووسەکەشم، لەبەسەربردنی ژیان لە گەڵ ئەو جورە کۆنەپەرستانەدا.. هێلنجی بێزاری دەدات!، هۆش و مێشك و بیری پان و پلیش بووم لە سەر شەقامی (دەربرین) دەپژێنم.

بەندیخانەی ئاوانم تەنگە! کۆت و پێوەندی ئارەزووم توندو چەسپە! دەست و قاچی پەلەقاژێ رزگار بوونم شکێنراوە. هەناسەی هاوارو هەرام براوە. دەستی مۆتەکەو ئەژنوێ دێوی ستەم، لە بین و سنگم گیر بوون و توند بوون.. جووڵەیان لێ بریوم. تاسوم.. تاسوم.

بەم جورە ئەو کۆنەپەرستانە وایان زانی کە شەکەت کرام، سست و سربووم، پەلوپۆم برا.. ئیتر بە ئاسانی خۆم دەدەم بە دەستیانەوە!.. ئەوسا هەموو هێزەکانی رێ لێ گرو بەرهەڵست کەری ئاواتیشم، قاقا پێم بێ دەکەنێ. گاڵتەم پێ دەکەن.

بەڵام بالاشەی ساردی وەك سەهۆڵی پێکەنینی ئەو ستەم کارانە، لە سەر کەژی بەفرینی لێویان بی بەستێ با بریسکەی گاڵتاوی چاویان کزو لاواز بێ‌و، تروسکەی نەمێنێ!. با ئەو کۆنەپەرستانە بزانن کە هەرچی توندو تیژی‌یەکیان لە گەڵم دا بەکار هێنا، تەنها ئازاری لاشەو ڕواڵەتیان دام.. هەرگیز نەیان توانی بگەنە نهێنی یاخی بوونی گیانم!!

لەبەر ئەوە لێیان یاخی دەبم. عاستی دەبم، سەرپێچی دەکەم. بەندیخانەم دەرووخێنم.. کۆتم دەپچڕێنم.. پێوەندم دەڕەوێنمەوە. دەگرمێنم بەسەریان دا. گیانم دەدات لە شەقەی باڵ.. دەفڕێ بەسەر شاخ دا، بەسەر داردا سەر ڕووباردا.. بە ئاسمان دا بەنزیك بەزدان دا.. دوور لە زیندان بۆ مۆخ و مێشك، دوور لە بیرو براوی پووچ و وشکەڵ دوور لە خوو و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و گەندەڵ.

کاروانی ژینی نوێش بە دوامەوە، تاکە تاکەو بە کۆمەڵ.. ئەمجا بەڵێشاو. ئەوسا جیهان دەگرینەوە.. ئیتر گسك دەدەین لە درکی رێ، بیرو بروای پیس و بوگەن ڕادەماڵین. ئاوڕشێنی بەختیاری و کامەرانی بۆ ئەم جیهانە دەکەین.. بە ئاوانی خۆمان دەگەین.. بە ئارەزووی خۆمان دەژین: ژیانێکی پڕو فەڵەو بێ بەش نابین لە خۆشی، لە ئۆخەی.

دیسانەوە دەگرمێنم بە سەر ئەو کۆنەپەرستانەداو دەڵێم: «هەرچی یەکم لێ بکەن، من هەر لە سەر ئەو بریارەی خۆمم.. بریاری پێشکەوتن خوازی لەهەموو ڕوویەکی ژیان دا.. بە ئارەزووی خۆم دەژیم. بەو ریگەیەدا دەڕۆم کە خۆم دام ناوە نەك ئەو ریگایەی ئیوە بۆتان داناوم چۆنم دەوێ وا دەژیم!.».

کولتسوف و چارەنوسا تەعل

وەرگێرنا

بدل رفو ژئەزمانی روسی

ژ هزرێت خەمگین.
خوین د دڵی مندا بەستری،
یا من ڤیاي هندی گیانێ خو، -
خاپاندن بو،

★ ★ ★

وەك بەلگەکێ فرویزی
بای ئەز د هژاندم و کرمە تولازەك،
زڤستان بەفرێ ل رویێ من دبارینیت،
بەلێ روژ د سوژینیت . (....)

★ ★ ★

بێ ئەڤینی، بێ خوشی
ل جیهانێ دگەرێم
ئەگەر ئاستەنگێت مەزن ئەز هێلام
نێ کول و ژان دێ ئینە بەریکا من

★ ★ ★

بەرویا کەسك شین بو
ل سەر پێکێت گرکەکی
. نێ دڤێ کاڤێدا نقستی‌یەو
د حەلیت لبن ئەوی گرکی.

ژێدەر:

ژ دیوانا شعرێت روسی‌و سوڤیەتی پەرێ 61 - 56]

ژتورێ جیهانی

هوزانڤانێ روسی «ئەلکس کولتسوف» یێ هانیە سەر دنیایێ‌ل «ڤورنز»، ژ مالەکا ناف نافە «نەیا هەژارو نەیا دەولەمەند، هوزانێت ناڤبری ل سەر ژیانا گوندایە، کارو ئاستەنگێت جوتیارا، سروشتێ، وەك ئەڤان هەلبەستا «سترانا زەلامێ جوتیار، درینڤان، هزرو بیرێت جوتیاری». یادیارە د هوزانێت وی‌یێت دویماهیی‌دا کو یێت هاتینە نڤیسین ل سەر عەشق و ئەڤینێ، وەك ئەڤان هوزانا «بو تورینامن، گەرمترە ژ روژێ‌و ئاگری. هتد) ئارمانجا هوزانێت کولتسوف ئەوە خەبات ژ بو سەربەستی و ئاشتیێ، نیشانێت هوزانێت وی دلسوژ یا ویا موکم و رەسەناتی‌یا ئاوازێ روسیێ پێشکەفتی. د هەلبەستێت ناڤبری تاما کەلەپوری میللی یێ تێدا، دەمێ هەلبەستێت وێیت سترانا تێنە دوبارەکرن و ڤەگێران، دیارە کو سترانێت میللینە. ل سالا ١٨٤٢ز خاترا خو ژ جیهانێ خاست ئەڤەژی هوزانەکا کورتە ژ هوزانێت هوزانڤانی.

«چارەنوسا تال»

تولازیا من رابوری
مینا چیڤا نوکێت بلبلەکی،
خوشیا من تێك چو،
مینا پێلەکێ د ناف مژو مورانێ‌دا (.....)

★ ★ ★

دوو هۆنراوە لە (مالك حداد)ەوە

وەرگێرانی عباس عبدالله یوسف

کورنەیێك ئەدیبی جەزائیری بەناوبانگ (مالك حداد) لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری قوستەنتینە دایك بووە

سەردەمی لاوێتی و خوێندن لە فەرەنسا دەباتە سەرو بروانامەی (ماف) لە قوتابخانەی (ئیکس ئان پروڤانس) وە وەردەگرێ لە شاکارە بەناوبانگەکانی: - دیوانی (کوێرەوەری لە مەترسی دایە - ١٩٥٦)، رۆمانی (ئاسکێکت پێش کەش دەکەم - ١٩٥٩)، رۆمانی (منی مامۆستاوقوتابی ١٩٦٠)، رۆمانی (شۆشەی گوڵان بێ وەڵام دانە - ١٩٦١) و لیکۆڵینەوەیێك بەناوی (سفەرەکان لە بۆشایی‌دا دەخولێنەوە) و گەلی بەرهەمی تر.

- ١ - خنکاوێك

خنکاوەکە بەسەر جەرگەی شەپۆلەکانا کەوتووە
بەڤژی لکەدار گەزی هۆنیوەتەوە
بۆ خەونێك، کە براو
لەوێدا
چۆلەکەیێك بە تاقی تەنیا هەڵنیشتووەو
پاسەوانی لێ دەکات و
(گیان)سە کەی بۆ گۆشەیێکی خەون دیدە
دەبات
تا خنکاوەکان وەك ئەو بتوانن گۆرانی بڵێن..

٢ - گوڵەکەش چرپاندی

گوڵەکچش چپاندی»: هەست بەتەنگانەیێك دەکەم
مێرگ و چیمەنەکانم بۆ بگەڕێننەوە
ئەوان گوڵی ئازادین
من دڵپەستم لەم (پیانۆیە،
هوزارەکە ووتی..
دارستانەکەم بۆ بگەڕێننەوە
ئەو گشت مۆسیقامە.
من هەست بە دڵ گوشرانێك، دەکەم
ووشەی «خوشم دەوێ» وای ووت
بە بێزاری‌یەوە لەسەر پەڕەکانا جووڵە دەکەم
ماچەکانم بۆ بگەڕێننەوە... ئەوان نامەی منن.

★

خەریکە بخنکێم... وێنەکە ووتی
(زەردەخەنە)کەم بۆ بگەڕێننەوە» کە چاوانم پێ‌ی
هەڵدەهات

★

ئازار دەکێشم
خەفەت دەخۆم، کە بیم بە ئاوێنەیێك
زیندە وینە، وای پێ ووتم.

Institut kurde de Paris

چیروکی فۆلکلۆری

«پیرە بەرد»

سەلام مەنمی

پاشایەك هەبوو خوویەکی سەیری هەبوو، ئەوەیش ئەوە بوو کە پیاوێك لە ناوچەکەیا پیر ببوایە، ئەمری ئەکرد لەسەر بەردەهەرە بەرزەکەی پشت ماڵەکەی خۆیەوە بخرێتە خوارەوە.. با بمرێ.. ئەگەر یەکەم جار نەمردایە وازیان لێ نەئەهێنا هەتا گیانی دەر ئەچوو... دواییش ئەبوو ببرایە لای پاشا خۆی..

ڕۆژێ گیانی دەر ئەچوو.. دواییش ئەبوو ببرایە لای پاشا خۆی.. ڕۆژێ سەرە دێتە سەر کابرایەك، ئەو کابرایەش کوڕێکی زۆر عاقڵی ئەبێ و باوکی خۆی زۆر خۆش ئەوێت، هات لەگەڵ کاربەدەستانی پاشادا خۆی ڕێك خست و بربارياتی دا نەیکوژن وبێ بزنێك بەسەر جلەکانیا سەر بڕن و بیبەنە لای پاشا.

کوڕە سێ ساڵ باوکی شاردەوەو نەی هێشت کەس چاوی پێی بکەوێ.. زۆریش ئەترسا، چونکە پێیان بزانیایە لە سەری هەردووکیانیان ئەدا.

مقو مقولە ناو شارا بڵاو بۆوە ئەیان ووت: گەوهەرێك لەناو فیسارە ڕوبارا ئەبریسکێتەوە، پاشا چەند تاقمێکی بۆ نارد بەڵام بێ سوود بوو... کوڕەیش ئەوە بۆ باوکی ئەگێڕێتەوە، ئەویش ئەڵێ:

- کوڕم بزانە چ ڕۆژێ چۆڵە بمبە بزانم نای دۆزمەوە ڕۆژێ هەردووکیان ئەچن و سەیری بریسکەی گەوهەرەکە ئەکەن باوکە ئەڵێ: - کوڕم ئەم گەوهەرە لە ناو ئەم ئاوەدا نیە بە قەد پاڵی ئەو گردەی ئەو بەرەوەیە، تۆ بچۆ وردە وردە بیڕۆ هەتا ئەڵێم بووەستە، کە وەستایت سەیری بەردەمی خۆت بکە ئەیدۆزێتەوە، کوڕەیش ئەروات، جار جاریش لائەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ باوکی ئەڵێ چی.. گەیشتە ناو قەدی گردەکەو باوکی ئیشارەتی بۆ کردووە ستاو بەردەمی گەڕا، دۆزێیەوە هاتەوەو پێی ووت: - بابە پیرۆز بابیت لێ ئەکەم، گەوهەریان هێنایەوە.. لە مەولا هەر کەس ئەچوو ئەی ووت:

نەماوە.

باوکی پێی ووت:

- کوڕم دنیای ڕۆشن زۆر خۆشە، بڕوا بکە بە خیلی بە ئاژەڵیش ئەبەم.. چونکە ئەبینم بە سەربەستی ئەچنە دەرەوە منیش حاڵم زۆر خراپە بچۆرە لای پاشا بەشکم بە هۆی ئەو گەوهەرەوە لێم ببوورێت..

ئەویش ئەچێت.. لە نووکەوە مەسەلەکەی باوکی بۆ پاشا ئەگێڕێتەوە..

ئەویش ئەڵێ بۆم بانگ کە

باوکی لە بەردەمی پاشادا ئامادە ئەکات.. گەوهەرەکەیش لە بەردەستیادا ئەنێو ئەڵێ:

- پێشکەشە بە پاشا.

ئەویش زۆر سوپاسی مامەی پیرە ئەکات و ئەڵێ

- جارێکیتر ئەوکارە ناکەم.. ئەمە ئیسباتی کرد کە ئەو پیرانە خاوەنی تاقی کردنەوەن و لەو ئیشانەی کردوومە پەشیمان بوومە تەوە.

لاوی ڕۆشن بیر

علی ناجي عطار

خوشکانی زانا کاکی روشن بیر
پەروەردەی دەستی دایکو باوکی ژیر
ئاشکراو دیارە لە ناو جیهانا
کەهۆی پیشکەوتن لەناو گەلانا

زانیستوعیلمە زاناو روشن بیر
ئەیەن بەریوە بە ئەقلوتەد بیر
ئەم پیشکەوتنو ئاوەدانییە
لەدنیایی ژینا وا بەم جوا نیە
هەمووی بەرهەمی گەنجو لاوانە
بەوخوین گەرمیە بەو تێکۆشانە
سەرچاوە ئیوەن ئەی لاوی کوردم
چوستو چالاکو بە دەستو بردم

هەمو روشن بیر خاوەنی هونەر
ئەدیبو شاعیر دانەرو نووسەر

ئیوە لەدەزگای روشن بیریدا
لەناو پرتەوی بیرو ژیریدا
ئەو خوینە گارمەی ناو دڵولەشتان
جووڵەی دەماری پڕ خوینی گەشتان
ئەتان جووڵێنێ بۆ خزمەتی کورد
کاروانی زانیست بروا دەستو برد
گرنگی روژی بیروباوەرتان لە
ئاسوێ ئومید کە دیارە

لێتان
ڕووناکی لە ناو ساحەی ئەدەبا
تەمی نەزانین ئەباو لای ئەبا
بەو تیکۆشانە ریکو پێکەوە
کەئیوە ئەیکەن هەمو پێکەوە
پەندو چیروکو وتاری شیرین
لە ئەدەبی کورد لە شیعر ونووسین
بڵاوکردنەوەی لە هاوکاریدا
لەناو بەیانو روشن بیریدا
کەبۆ تە توحفە لەناو ولاتا
لەهەمو شارو لەناو دێهاتا
لەسەر لاپەرەی روژنامەو گۆڤار

کە بوێان ئەچێ ئەروا شار بەشار
ئەو بەرهەمانەی شاعیرو زانا
وەك ئاوینە والەبەر دەمیانا
هەنگاویکی زۆر بەرزە ناوتانە
ئیجگار پیروزو پەسند وجوانە
بوخزمە تکردن بە کوردە واری
بیرو باوەر تان کردوە بەدیاری
ئیوەن سەرچاوەی ئەو پیشکەوتنە
بەپەیژەی عیلما ئەم سەرکەوتنە
بۆ چاو کردنەوەی لاوی کورد پەروەر
بەشیعرو ئەدەب زانیست و هونەر
قەث لەبیر ناچێ خزمەتی ئیوە
کەوا بە جوانی ئەیبەن بەریوە

دوو هێڵی تەریب

قوبادی جەلیزادە

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
شەڕی سێیەم دادەگیرسێ
هیرۆشیما جارێکی کەش
لەنێو دۆزەخی ئەتۆم دا
هەڵدەقرچێ!

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
گوڵەگەنم قاتی دەبێ و
زەمین دەبێتە دەست شۆری
رشانەوە.
دایك کۆرپەی لەباردەچێ و
شیر لەگوانان هەڵە بزرکێ

★ ★ ★

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
ئەستێرەکان
دەست دەنێنە تیتکیەك و
هەتاوو مانگ لێك دادەرسێن

★ ★ ★

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
چیا دەبێتە خەرەندو
کوێستان بەفری تیا دەپێشێ
هەور دارعەسا هەڵدەگرێ و
ئاو دەخنکێ

★ ★ ★

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
مەرەکانیان[1]
گەرووی قەڵاتان سوێر دەکەن..
شۆفارەکان.
دنیا دەکەن بە درکەزێ و
مەم وزینان هاوێر دەکەن..!

★ ★ ★

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
ئیدی نەپشکۆ دەکەوێ و
نەپۆلی قورینگ و قازان..
بووکێ دەبەن..

ئەگەر من وتۆ پێك بگەین
نە درەخت چرۆ دەکاو
نەلەفرمێسکی ئاسمان دا
«عەیشێو فاتمان»[2] هەڵدەکورمێ..!

★ ★ ★

کەنێ ڕۆژوشەو پێك گەیین
کەنگێ هێلە تەریبەکان بوون بەهاوری
ئەوسا بەیەکەوە دەگرین
بەیەکەوە
پێدەکەنین

(١) مەرەکانیان: مەبەست لە محمود.
مەرەکانیی چیروکی (قەڵای دەدم)ە
(٢) عەیشێو فاتمان: پەلکەزێرینە، کەسك وسوور

پیرێ

لە ئەدەبی مەجەریەوە
بەشی دووەم
نووسینی: فریجیس کارنیتی
أحمد محمد أسماعیل
کردوویە بەکوردی

بەوردی تەماشام کردن.. رووەتی ئافرەتەکە ئاشکرا دیاربوو نا ئاسایی بوو، چاوەکانیشی شووشە بوون، شەرمم کرد، هەوڵم دا باسی شتێکی کە بێنمەپێشەوە لەم لایەنە لادەم، بەڵام بێ ئەوەی لە دەسەڵاتما بێت دڵم بە توندی کەوتە لێدان.

بەرێوەبەرەکە بۆ ژوورێکی دیکە پەلەکێشی کردم.. ژوورەکە تابلێی ئاڵۆز بێ سەروبەرو تاریك بوو.. چەند کورو کچێك دانشتبوون جلی ورەنگیان لەبەردا بوو... ڕوومەتیان بۆیە کرابوو، لەسەر تەختەی بێ دەسکە دانشتبوون.. تومەز (مهرج)ەکانن ئەمانە.

دەبوایە منیش وەکو ئەوان لەسەر تەختەیەك دانیشم...

بەرێوەبەرەکە یەکە یەکە بانگی کردن، یەکێکیان کە بەرێوەبەرەکە بانگی کرد، قاچی فڕێ دایە ئاسمان و لەسەر هەردوو دەست چوو بۆ لای، هەندێ جاریش دەنگی ئاژەڵ و کەسانی کەیان سەری خۆی بە زەویەکەدا دەکێشا... لاوێکیتری بانگ کرد چەقۆیەکی لێ ڕاکێشا زگی پێ هەڵدڕی لەگەڵ فشکەی خوێندا ڕیخۆڵەو گەدەی کەوتنە زەوی بەرێوەبەرەکە سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندەوەو ووتی: بترەژم.. تەماشاکەران ئەم دیمەنەیان پێ خۆشە...

لاوەکە گەرایەوە جێگاکەی خۆی، دەستی برد دەرزی دەزوویەکی لە تاقێکدا دەرهێنا، دەستی بە دوورینەوەی زگی خۆی کرد، لەگەڵ دوورینەوەدا دەینرکاندو ئای و ئۆخی لێ هەڵدەسا، کەبەباشی چاوم تێبڕی شوێنی دوورینەوەی چەند جارەی لەمەوبەریشی پێوە دیاربوو چەند کەسێکی تریش هاتنە پێشەوە، هەر یەکەو سەرکەوتوویی خۆی بە جۆرێك دەردەبڕی.. هەندێکیان بە زگ دەدران،.. لاسایی دەنگی ئاژەڵ و کەسانی کەیان بەجۆری دەکرد پیاو سەری سوڕدەما وام لێهات خەریك بوو باوەڕ بەگوێچکەی خۆم نەکەم بەکێکیان کوت و مت لاسایی دەنگی منالی کردەوە بەرەبەرە کابرا دەنگی گۆڕی کە چۆن منالێك لەگیانە لاودایەو وا خەریکە دەمرێت، خۆم پێ رانەگیرا، فرمێسك بەچاوما هاتە خوارێ.

دانشتبوون جلی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردا بوو.. ڕوومەتیان بۆیە کرابوو.

کە تەماشای چاوو لێویم کرد نەدەجوڵان! واقم ورما پەکووو... یەکێك لاسایی ئافرەتی دەکردەوە بۆڵە بۆڵی دەکردو جوێنی دەدا... چەند کەسێکی تریش بەرەو دوای یەکتر لاسایی دەنگی ئافرەنیان کردەوە حیلکەی پێکەنینێکی ناساز کەوتە بەر گوێم و نیگای چاوێکی بریسکەداریشیان تێبڕیم...

بەرێوەبەرەکە دەفتەرێکی لەبەر دەست دانابوو جار نەجاری تەماشای دەکرد. بەناوی خۆمەوە بانگی کردم. هەستام پێش ئەوەی پرسیارم لێ بکات لە نووکی پەنجەمەوە تاتەوقی سەرم پشکنیمی - باشە.. دەتوانی چ بکەی؟!

ئاماژەم بۆ کەمانەکەم کرد، دەمم بەیەکا هات.. بەو حاڵەتەوە دەمویست کەمی لە ئاوازەکەی خۆمی بۆ بڵێم...

لەپڕ شەپۆلی پیکەنین بەگژما هات.. بەرێوەبەرەکە لەسەریەکەو بەقینەوە دەیکێشا بەسەرمێزەکەداو بە دەنگێکی بەرز پرسی:

- هێشتا لەسەر ئەو بییرەی خۆت سووری بەم کەمانە شرەتەوە بیزارم بکەی؟

ویستم تێگەیینم ئەو ئاوازەی من دامناوە یەکجار وا بێکەڵك نییەو هیوادارم ماوەم بداو گوێی لێ بگرێ.. گوێی پێ نەدام، گورج لاوێکی بانگ کرد کە ئامێرە موسیقایی یەکانم پێ پیشان بدات.

چوونە ژوورێکی کەوە. لەو ژوورەدا گەلێ ئالەتی سەیر سەیری تێدا بوو، هەریەکێ لەو ئالەتانە لە ئامێرێکی موسیقایی ئاسایی دەچوو... بوقی گەورەی زەبەلاح، کە فویەکی بچووکت پێدا بکرادیە دەنگێکی زۆر گەورەی لێ دەهاتە دەرێ، دەهۆڵ و تەبڵی وای لێبوو فیلی بەسەردا هات و چوی دەکرد، فیلەکە بە پی لێی دەداو دەنگی لێ پەیدا دەبوو بەجاری سی پیانۆی بەرێوە دەبرد.. فەرماندەی ئورکستراکەش بەسەر پایەیەکی بەرزەوە بوو، هەر کە بە ئاستەم دەستی جولاندەوە یەکێ لە ئامێرەکان دەنگێکی لێوە هەڵسا، لەبەردەم هەموو لێدەرێکدا چەند دوگمەیەکیان لەبەردەم دانرابوون، هەر لە تایپ دەچوو، هەمووشیان چاویلکەیان لەچاواندا بوو، چاویشیان لە نۆتەکان نەدەتروکاند.

بەو سەرگێژی و گرمەو هوری نێو گوێچکەم خۆم لە ژوورێکی دیکەی تریدا بینیەوە... بەرێوەبەرەکە چاوەڕێی دەکردم پێم گوت: - ئامێرە موسیقایی یەکانم هەموو بینی بەڵام بەهیچیان ئاشنا نیم و ناشتوانم بەو ئامێرانە موسیقا بژەنم.

شانێکی بێ دەربەست بوونی هەڵتەکاندو لە ژێر لێوەوە ووتی:

- بەداخەوە....

چەند شیعریك

هەردوێل کاکەیی

کاکەی جوتیار

خۆشەویستی من چینی هەژارە
لەگەڵ چەوساوەو کاکەی ئاوارە
تا ئەوەی کەوا زەوی دەکێڵێ
سەرم قوربانی ئا ئەو جوتیارە

کاکی کرێکار

ئەو مرۆڤەی کەوا لەناو کارگەدا
بەدلەی چەوراوی شینی لە بەردا
بە قوربانی بێ خوێن و ئێسقانم
زۆردار لە ترسی خاکی بە سەردا

ڕژێمی زوردار

بە دەس ڕژێمی نابووتی ئێران
پۆل پۆل دەخنکێ ئازاری خوازان
پەتی سێدارەو کوشتن و برین
هۆی سەرکەوتنەو ڕزگاری گەلان

فرمێسکی سوور

ئاخ لە دەس برین تازەو دێرینم
لە دەس ڕۆبۆی دۆست چاو بە گرینم
داد لە دەس ئینگلیز تف لە ئەمریکا
هاوار بۆ هاوار یاری شیرینم

ووشەی کوردی

بۆ ووشەی کوردی ڕەسەن و زوڵاڵ
گەرام زۆر گەرام لە چەشنی عەودال
لە شارو لە دێ لە هەردەو لە چۆڵ
وێنەی سواڵ کەر هەمانە لە کۆڵ
هەمانەکەی من پوولی تیا نییە
پڕ لە پەرتووك و ووشەی کوردییە
جا لەبەر ئەوەی خاوەن کەشکۆڵم
ناوی هەردەوێل نرا لە کۆڵم.

باوك

شێرزاد حەسەن

سبەی دەمریت..
سبەی دەمریت و.. من و برینێك جێدێڵیت
دوای خۆت..
دیوارێکی ڕووخاو..
شاخێکی بن کۆڵ.. باخێکی سووتاو..
بەجێ دێڵیت..!

هۆ باوکە گیان..
تۆ دەمریت و.. من دەمێنم
تۆ میراتی گەورەی خەم و برسیەتی و..
دارووخانیت بۆ من..!
دوای خۆت..

چی لە خەنجەرێکی ژەنگدارو شکاو بکەم..؟
چی لە دەم وچاوێکی سووتاو بکەم..؟
ئەی ڕووباری وشکەوەبوو..
ئەی هێلانەی قەلەرەش و کونەپەپوو..!

●

تۆ دەمریت و.. منی چۆلەکە..
بۆ ئاسمانێکی پڕ لە واشە جێدێڵیت
تووڵە ماسیم و..
بۆ دەریایەکی پڕ لە نەهەنگ.. بەجێم دێڵیت!

●

سبەی کە دەمریت..
دوژمنەکانت ئەدوامدا دەگەڕێن
کون بەکۆڵ..
وەك ئاسکێکی شەل و کویر.. ڕاوم دەنێن
دەمگرن.. دەمکوژن.. دەمگرۆینن..!

●

ئاهـ.. باوکە..
تۆ چی جێدێڵی..؟
ئاسمانێکی بێ خۆرو مانگ و ئەستێرە
زستانێکی بێ باران
مردوویەکی بێ کێل و ناوونیشان
جیهانێك پڕ لە گرێ و گریان و گومان..!

●

تۆ دەمریت و..
جگە لە - ناوزران - میراتگری هیچ شتێك نیم
جگە لە قوتیلەو هەگبەی سوانکەر..
جگە لە کڵاوی کەچەڵ..
میراتگری چیم..؟

●

سبەی دەمریت..
نە پارەی کفن و جاو..
نە نرخی کێلێکی شکاو
من جگە لە لاشەی دارزیوی تۆ..
جگە لە خەمی هەرە گەورەم..
هیچ شك نابەم..!

سێ چوارنیەی جیاواز

صلاح سلیم سیدوك

ساقی مەستم کە دور لەم دنیایە
لە کۆزەی شەراب بێنە چی تیایە
ژەهری تیابێ کە لەم مەست ئەکەم
ئەبێنم تۆزی ئەم رەشە بایە

● ● ●

ساقی لە عەشقی ئەم کیژە جوانە
ئەخشە کێشراوی دەستی یەزدانە
بۆم بێنە جامێ لە شەرابی ئاڵ
هی پەلکەمێوی ئەم کوردستانە

● ● ●

هستی کامیان بم مەی یا خو خەیاڵ
خەریکی ژین بم یا خو چاوی کاڵ
من بەسەر سامی زامی دڵەوە
تغتە زووبانم بە زەرداوی تاڵ

هەرا بژینە سێبەراتە

کمال رمضان

ئەز دێ خازم بیکا روژێ
وەلاتێ من ژین لێ بوشێ
ئەم بۆتەنە هەڤالو
رابە دادێ ئەڤێ بیژێ

★ ★ ★

دێ مینن تلێن بلبلا
ژ بێهنا تە خەناکری
دێمن نازك و سورگوڵا
ژ جانیا تە جانیکری
بوهارینە کەپرێت خرا

★ ★ ★

گول گولینە تەژی چرا
وەلاتێ من..
دێ هەر خوینت کەڤۆکاتە
دارا مەیا بەلگ و کاتە
سترانا هەمی دلا
شەپالا من وەلاتە

ئەگەر هەتاف بێ سێبەربن
هەرا بژینە سێبەرا تە
ئەگەر گل چافا رمش نەکەن
کێ رمشە جان ئاخاتە

«جوانی نیگات»

«سلیمان گەلالی»

دە وەرە سا زووکە درەنگە
با بزانم تۆ چیت دەوێ
لە دڵی خەمگینی شیعر دۆست
تۆ چیت دەوێ؟
دە بێم بڵێ؟!
ئەی خواومندی گشت جوانەکان
چیت گەرمکە؟
بۆچی ئاوها بە ئاسپایی
هەستی ناسك بێدار دەکەی
ووشەی شیعرم دەخنکێنی
تاکە ئاوازی ژیانم
سەنگ و سەدای دەفەوتێنی
دە بێم بڵێ تۆ چیت دەوێ!
سا بەس نییە؟
شیعرەکانم، ووشەکانم
لە پەرستکای خۆشەویستی نیشتماندا
نامۆ بکەی
ژینی مزری هەرزەکاریم
بێ تام بکەی
ژان و ئەشکەنجەی هەژاران
لە ژیانم ڕسوا بکەی
سا بەس نییە؟
هەموو ئاوازی دەنگێکم
بۆ ژووانی گوڵی ژاکاوی خۆت ببەی

★ ★ ★

دە وەرە سازووکە درەنگە
بۆ من دەرخە گشت نیازت
با بزانم چیت گەرمکە
چیت لێم دەوێ
دڵی پەستم پڕ لە ژان بوو
پڕ لە ووشەی نیشتمان بوو
پڕ لە ووشەی خۆشەویستی هەژاران بوو
بەڵام کەچی تۆی خواومند
لە هەموو شت ناموت کردم
بەرەو شاری دڵدارانی
شۆخ شەنگی نیگات بردم

Institut Kurde de Paris

مرۆڤ و جەنگی ئەتۆم

دکتۆر هیوا عمر احمد لە ئینگلیزییەوە کردویەتی بە کوردی

پرسیارێك لە مێشکی هەموومان دایە . . «تۆبڵێی کەی و لە کوێ بۆمبایەکی ئەتۆمی تر بتەقێنرێتەوە». شورەوی بودجەیەکی زۆری بۆ بواری ئەتۆم داناوە خۆی بە بەختەوەر ئەزانێ، کە لەم بوارەدا پێشڕەوە، هێندە بەرگری ئەتۆمی هەبێ، کە کەس نەتوانی زۆر شتێکی بەسەردا بچەسپێنێ. وولاتە یەك گرتووەکانی ئەمەریکا، ترسی لە شورەوی هەیەو ئەرکی خۆ پاراستنەکە ئەخاتە ئەستۆی (ریگن)ی سەرەك کۆمار، ئەویش لای خۆیەوە ئەرکە کە ئەخاتە ئەستۆی سەر کردە سەربازییەکانی. هەر چۆنێ بێ ئەمەریکا زۆر رۆکێتی سەر ئەتۆمی هەیە، ڕووی وەرچەرخاوەتە شورەوی. ڕوکێتی (کرۆز، پیترشین)ی هەیە کە ئەگەنە بەریتانیاو ئەلمانیاو نیزەولاند. ئەمەش وای لە دانیشتوانی بێ شوماری ئەم وڵاتانە لەوە ئەترسن بکەونە ژێر باری ئەم ڕوکێتانەوە. وولاتانی جیهانی سێیەم و بێ لایەن تائێستا [هیرۆشیما] یان لە یادەو ئەپرسن تۆبڵێی ئەم حاڵەیان بەسەر ئەمان دا بتەقێنرێتەوە.

لە بەریتانیا، لەم دوایی یانەدا کۆمەڵێك دامەزرا دژی چەکی ئەتۆمی کە، پەیوەندییان بە یەکێتی پزیشکانەوە هەیەو هەوڵ و ئامانجیان ئەوەیە کە جەنگی ئەتۆمی ڕونەدات و ئەوەندەش گورەشەیە بە هیچ دەرچێ کە لە ساڵی (١٩٥١) دا گەیشتە ئەوپەریو خەڵکی تۆقاند.

کاریگەری ئەقینەوە ئەتۆمییەکان:-

ئەقینەوە ئەتۆمییەکان بە چەند ڕێیەك کار لە مرۆڤ و زیندەوەر ئەکەن، کە بریتییە لە (پەستان - هێزی توندی ئەقینەوەکە)، (گەرما)، (تیشك دانەوە). دەست پێ ئەکات تا هێزەکەی ئەگاتە (١٠ میگاتۆن) وەك چەکە ستراتیجییەکان. ئەو چەکەی هێزەکەی یەك (میگاتۆن) بێ هەشتا هێندەی بۆمباکەی (هیرۆشیما) بەهێزە. کە ئەقیەوە پەستانی (٤٠) ئەتمۆسفیر لە بازنەیەك دا دروست ئەکات تیرەکەی (٦٦٠) مەتر بێ. تینەکەی لە بازنەیەکی تیرە (چوار کیلۆمەتر)ی دا هێشتا (٠,٨ ئەتمۆسفیر)ە کە بەسە بۆ ئەوەی هەموو خانوو بەرەیەك بروخێنێ و ڕەشەبایەك دروست بکات کە ببێتە هۆی پسان و خوێن تێ زانی (سی) یەکان و پچڕانی ڕیخۆلەکان و هەوادزینی بۆریەکانی خوێنی ڕیخۆلەکان. ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی نیوەی ڕاستی ئەوانە بکوژێ بەر ڕەشەباکە ئەکەون.

گەرمای بەتینی ئەقینەوەکە، هەموو پێستی ئەوانە ئەسوتێنێ کە لە بازنەیەکی (٨ میل)ی دان لە نزیك ئەقینەوەکەدا. پلەی کەمتری سوتاوی ئەبێتە هۆی هەوکردن و وشك بوونەوەوکردنی سوناوەکان. هەوای ژەهراوی ناوچەکە زۆری تر ئەکوژێ. گێژەڵوکەی ئاگری کە ئەنجام دێ ڕێژەیەکی زۆر لە ناوئەبا.

لە یەکەم خولەکی ئەقینەوەکەدا سێ یەکی تیشك دانەوەکە بڵاو ئەبێتەوە کە لە (نیوترۆنی خێرا) و (تیشکی گاما) پێك هاتووە، ئەمەش تێکەڵ بە تەپ و تۆزی هەوا ئەبێو (٣٠٠ هاوهێزی) لە (٣٦ ڕەکەزی کیمیاوی) پێك دێنێو لە (٦٠٪)ی لە یەکەم (٢٤) کاژێردا، دا ئەبارێتەوە سەر زەویو ئەوەی تری وردە وردە ئەبارێتەوە سەر زەویو بەسەراً ناوچەیەکی فراوانتردا بڵاو ئەبێتەوە. ئەو هێندی تیشك دانەوەیەی کە گەنجێکی ساغ ئەکوژێ (٤٥٠ - راد)٥، منداڵ و پڕ بە هێندێکی کەمتر لەناو ئەچن.

گەریەکێ بەر تیشك دانەوەیەك کەوت توندی یەکەی (١٥٠ - راد) بێ مۆخی ئێسکی دەشێوێو ڕۆژێ بێ خولك ئەبێ هێڵنجی دێ. پاش (١٠ - ڕۆژ) شێوەو فرمانی خوین یان ئەشێوێو بە هەوکردن و خوێن بەربوون ئەمرن. ئەوانەی دوو مانگ ژیان، وردە وردە چاك ئەبنەوە.

ئەوەی بە رێیشکی (٤٠٠ - راد)و زیاتر ئەکەوێ، خانەی ڕیخۆلەکانی ئەمرێ، تووشی ڕەوانی ئەبێ، ووشك ئەبێتەوە. خوێنیان ژاراوی ئەبێ.

نیوەیان زیاتر ئەمرێ. ئەوەی دوو هەفتە زیاتر ژیا، پاشتر مۆخی ئێسکی ئەشێوێ.

ئەوەی بەر تیشکی (١٠٠٠ - راد) کەوێ. دەمارو مێشکی ئەگرێتەوە، لەشی دا ئەهێزرێ، ئەپەشۆکێ وراست و چەپی خۆی نازانێو لە چەند ڕۆژێك دا ئەمرێ.

بەڵام ئەوانەی (٥٠٠٠ - راد) یان بەر ئەکەوێ، لە چەند کاژێرێك دا ئەمرن.

گیانداره بربەدارەکان هەمان شتیان بەسەر دێ. بەڵام مێشولەو بەکتریاو ڤایرەس کە بەرگەی تیشك دانەوە ئەگرن، ئەمێنن و شاڵاو بۆ لاشەی پەك کەوتەی گیان دارو مرۆڤ ئەبەن.

لە «هیرۆشیما»، چارەکی دانیشتوان یەکسەر مردن، چارەکی تری یەکسەر زامدرابوون، چەند هەزارێك دەرچوون.

زامدارەکان تووشی هەووسوتاوی یەکی توندی پێست بوون. چەند هەزاری لە مانەو ئەو چەند هەزارەی دەرچوون کەوتنە بەر کاریگەری تیشك و تووشی ئەو بارانە بوون کە لە سەرەوە باس کرا.

لەم گۆڤارە وەرگیراوە

Medicine Digeot
vol 9 no 9 Sep 1983

سورەتا

Scarlatina

نەخۆشی سورەتا Scarlet - Fever

نەخۆشییەکی درمییە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کەم بڵاو دەبێتەوە، کەم وا دەبێ مرۆڤ دوو جاران تووشی ببێ، هەروا بە دەگمەن لە پاش ساڵانی پازدەهەمی تەمەنەوە تووشی مرۆڤ دەبێ، بەهۆی میکرۆبی Hoemoly-tic Streptococci Group A هیومۆلۆتیك سترپتۆکی گروپی ئەی تووشی ئاڵووەکان دەبێو بڵاو دەبێتەوە، ماوەی کرِ کەوتنی incu-bation period ، ٢ تا ٤ ڕۆژە.

نەخۆشی لە سەرەتاوە گەروی دەسووتێنێتەوە، پاشان بەرە بەرە نیشانەکانی تریش وەدیار دەکەون.

● **نیشانەکانی نەخۆشی:** Clinical Pathology

سورەتا بە زۆری منداڵان دا ڕوو دەدات، سەرەتا بە گەروو سووتانەوە دەست پێ دەکا، تا، ژانەسەر، ڕشانەوە، ژانەسك، لە ڕۆژی دووەمیش پەلەی سوور لەسەر لەش پەیدا دەبن کە جگە لە (دەم) تەواوی لەش دەگرنەوە، بەڵام لە بن هەنگڵ و لاران دا زۆرتر دەبن، تویژێکی سپی بەسەر زمان دا دێ کە پاش ٥ - ٦ ڕۆژان نامێنێو زمانەکە لووس و سوور هەڵدەگەڕێنێ، پەلە سوورەکانی پێست لە منداڵان دا دەبێتە هۆی خۆ خوراندن و پاش ڕۆژی سێیەم دەست بە لە ناو چوون دەکەن.

● **چۆنیەتی بڵاو بوونەوە:**

سورەتا Scarlatina بە هۆی میکرۆبی سترپتۆك ەوە بڵاو دەبێتەوە، میکرۆبەکە بەهۆی هەناسە، کۆکین و دەردراوەکانی گەروودەم بڵاو دەبێتەوە، هەروا بە هۆی تێکەڵاوی و بەکارهێنانی کەل وپەلی نەخۆشیش بڵاو دەبێتەوە.

● **ڕێنمایی:**

١ - لە کاتی وەدەرکەوتنی پەلەی سوور پێویستەوا لە نەخۆشی بکرێ کە زیاتر ئارەقە بکا ئەویش بەوەی کە ئاوی گەرمی بدرێتێو گەرم دا بپۆشرێو مشووری ئەوەش بخورێ کە بەرهەوای سارد نەکەوێ.

٢ - دەم و لووت بە پاکژکەرەوەکان و (غرغرة)ەکان پاك بکرێتەوە.

٣ - بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی گورچیلە نەبێ نابێ هێلکەو گۆشت بخوا، خۆراکی پەسند شیرو شەربەتی میوەو ئاو خواردنەوەیەکی زۆرە.

٤ - نابێ نەخۆش تا سێ هەفتان نوێنەکە بەجێ بهێڵێ.

٥ - پێویستە ڕۆژانە دوکتۆر سەیری بکاو دڵی بپشکنێو بەردەوام بێ لە میزکردن بۆ دڵنیابوون لە ساغی گورچیلەکان.

● **ماکەکانی:** Complication

ماکەکانی سورەتا بریتین لە سووتانەوەی گوێی ناوەڕاست Otitis media سووتانەوەی ز مانە بچکۆلە، ئاوسانی ئاڵووو کێم کردنی هەروا سووتانەوەی گورچیلەو تای ڕۆماتیسم.

خۆپاراستن: Prevention

پێویستە نەخۆش لە ژوورێکی تایبەتی دابنرێو کەس کەل و پەلەکانی بەکار نەهێنێو هاتووچووی نەکرێ، جگە لەوانەی کە لە نیزیکی نەخۆشەکەوەن و پێویستە ئەوان دەرمانی سەلفایا لینکومیسین بخۆن.

● **چارەسەریکردن:** treatment

باشترین دژە زیندەگی antibio-tic بۆ ئەم نەخۆشیە پەنسیلینە Penicillin (بەنزیل پەنسلین) کەلە ڕێگای ماسیولکەکانەوە بە دەرزی لێ دەدرێو هەر شەش سەعات جارەك ٥٠٠,٠٠٠ یەکەی لێدەدەرێ، ئەمەو ویرای یەکەیەکی گەورە (ملیۆن یەکە) لە بروکایین پەنسلین ڕۆژی دووجار، پاش سێ ڕۆژ یا چوار ڕۆژ بەردەوام بوون لە چارەسەریکردنەکە دەتوانرێ بە ڕێگای دەمەوە پەنسلین (فینۆکسی مەثیل پەنسلین (Phenoxy methyl penicillin ژەمی dosge ٢٥٠ مگم بۆ منداڵان Children و ٥٠٠ مگم بۆ گەوران adult) پێش نان خواردن بە سەعاتەك بیدرێتێ، دەبێ ماوەی بەکارهێنانی پەنسلینەکە لە دە ڕۆژان کەمتر نەبێ.

لە حالەتی حەساسیەتی پەنسلین (ئەوانەی کە حەساسیەتی پەنسلینیان هەیە) ئاریژۆمایسین لەسەر شێوەی دەنکە یا کاپسول بە ژەمی ٢٥٠ مگم تا ٥٠٠ مگم هەر شەش سەعات جارێ پێش نان خواردن بە یەك سەعات بیدرێتێ، یا بە هۆی دەرزییەوە لە ماسولکەکانەوە دەدرێ، دەشتوانرێ سەلفا یا لینکومیسین یا تێتراسایکلین وەك ئالتەرناتیفی - بدیل - ئەم دەرمانە بەکار بهێندرێن.

سەرچاوەکان

1 - Davidso'ns Prancepie and Practice of medicine edited by: john maclead. fourteenth edition. 1984. P: 242, 743.

٢ - المرشد الطبي الحديث وضع: جماعة من الاطباء. الطبعة الثانية - بغداد - ١٩٨٤.

٣ - امراض الطفل المعدية وتلقيحاته. الدكتور محمود الحاج قاسم محمد - الموصل -

● نجاة عەبدوڵڵا ●
ئینستوویتی پزیشکی - موصل

ڕەنگ کوێری

بەشی دووەم

وەرگێرانی رزگار مصطفی محمود

مێشك و چاوی لە گەڵا نابێ . تووش بوو ناتوانێ ڕەنگەکانی شەبەنگ لێك جوێ بکاتەوە.

ڕەنگ کوێریی بەشی سێ جۆرە، باوترینیان ئەو جۆرەیە کە تیایدا ناتوانرێ ڕەنگی سەوزو سوور بە ئاسایی هەستیان پێ بکرێ. وە ئەو ڕەنگانەی تووش بوو دەیان بینێ لە تێکەڵ کردنی ئەم دوو ڕەنگە پێك هاتوون. . لە کاتێکا لە مرۆڤی ئاسایی دا سێ ڕەنگن. زۆربەی ئەوانە پێیان دەووترێ کوێری سەوزو سوور چونکە ئەگەر ئەم دوو ڕەنگە بە هەمان بڕ سپی بوون (ڕووناك بوون) ئەوا ناکرێنەوە، ئەوەی شایانی باسە ئەم نەخۆشانە ئەرکێکی ئەوتۆیان گەرەك نییە بۆ دیتنی ڕەنگی شین.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون لە سەر ئەو کەسانەی چاوێکیان ڕەنگ کوێرەو چاوەکەی تریان ساغە پیشانی دەدەن کە ئەوانە ڕەنگی زەردو شین و سپی و ڕەش و خوڵەمێشی دەبینن بەڵام ڕەنگی سەوزو سور نابینن بەڵکە تەنی سەوز یا سوور لایان بە زەردێکی تاریك دەردەکەوێ . هەروەها تەنێکی بنەوشەیی لایان وەك شینێکی تاریك دەبینرێ.

ئەوانەی تووش بوون بە کوێری ڕەنگی سەوز، ڕەنگی سوور وەکو زەردێکی کاڵ و سەوز وەك خوڵەمێشی دەبینن و لە لایان دا سپێتی گوێرەیی لە ڕەنگە شەبەنگییەکاندا نەگۆڕ دەبێت. بەڵام ئەو کەسانەی تووش بوون بە کوێریی ڕەنگی سوور، هەست بە ڕەنگی سوور ناکەن یاخود لە لایان بە ڕەنگی ڕەش دەردەکەوێت. وە ڕەنگی سەوز بە لایانەوە خوڵەمێشییەکی مەیلەو سپییە. وە هەروەها سپێتی گوێرەیی ی ڕەنگەکانی شەبەنگ لایان بەرەو لای شەپۆلە کورتەکان دا دەچێت.

هەرچی کوێری ڕەنگی شین و زەردە یا بە تەنها یەکێکیان بە دەگمەن دەردەکەوێت بە پێچەوانەی کوێریی سەوزو سوور.

● بۆ ماوە بنچینەی ڕەنگ کوێری:

ڕەنگ کوێری بە سیفەتێکی بۆ ماوەیی دادەنرێ کە لە نێردا زیاتر بە دەردەکەوێت وەك لە مێ دا. هۆی ئەم جیاوازییە ڕەگەزییەش ئەوەیە کە:

١ - جووتێك جین (بۆ ماوە ماددە)ی ڕەنگ بینین لە کرۆمۆسۆمی (ڕەنگە تەنی) (س = X) دا هەیە.

٢ - جینی ئاسایی زاڵە بە سەر جینی نا ئاسایی دا.

٣- نیرە تەنها یەك کرۆمۆسۆمی هەیە لە جۆری ئێکس لە کاتێکا لە مێ یەدا دووە.

لە شێوەی (١) دا تێبینیی ئەوە دەکرێت کە کچان دوو ئێکس کرۆمۆسۆمیان هەیە بەڵام کوڕەکان یەکیان دەستگیر دەبێ. کرۆمۆسۆمی Y جینی ڕەنگ بینین بە خۆیەوە هەڵە ناگرێ. جا ئەگەر دایك ڕەنگەکان بە ئاسایی ببینێ بەڵام یەك جینی تووش بووی هەبێ ئەوا نیوەی کوڕەکانی بە تێکرا ئەو جینە وەردەگرن بەم جۆرە تووشی کوێریی ڕەنگی سەوزو سوور. بۆ کوڕەکان گرنگ نییە کە باوك ڕەنگ کوێر بێ یا نا، چونکە تەنها دوو Y کرۆمۆسۆمیان پێ دەدات، بەڵام بەگوێرەی کچەکان ئەوە شتێکی ترە. ئەگەر وامان دانا کەباوك ئاساییە (وەکو لە شێوەی - ١ - دا) ئەوا هەموو کچەکان بەلایەنی کەمەوە یەك جینی ئاساییان لێ دەستگیردەبێ لەجینەکانی ڕەنگ بینین. وەلەبەر ئەوەی جینی ئاسایی زاڵە بۆیە ڕەنگ بینینیان ئاسایی دەبێت. سەرەڕای ئەوەش لە باری مام ناوەنددا سیفەتی ڕەنگ کوێری وەکو دایکیان هەڵدەگرن.

بە کورتی . . ئەگەر تەنها دایك ڕەنگ کوێربێ ئەوا هەموو کوڕەکانی تووش دەبن و هەموو کچەکانیشی دەبن بە هەڵگری ئەم سیفەتە. وەئەگەر تەنها باوك ڕەنگ کوێر بوو کچەکانیش لەوانەیە تووش ببن. بەڵام ئەگەر دایك و باوك هەردووکیان ڕەنگ کوێربوون (سوور - سەوز) ئەوا هەموو کوڕەکانیان تووش دەبن.

بێجگە لە ڕەنگ کوێری، جۆرە نەخۆشییەکی تر هەیە لە مرۆڤدا کە پێی دەڵێن ڕەنگ بێ هێزی . لێرەدا ناسینەوەی ڕەنگەکان لە سەر نەخۆش بەگران دەوەستێت. . ئەم نەخۆشانە پێیان دەوترێ ڕەنگ بێ هێزەکان.

سەبریەکەی لەوەدایە کە ڕەنگ کوێرەکان بە دەگمەن هەست بە نەخۆشییەکە دەکەن تاکو دوای فەحس کردن و پێ ڕاگەیاندنیان. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە هەموو ئەوتەنانە دەبینن کە مرۆڤی ئاسایی دەیان بینێو ناوەکانیش وەك خۆیان فێر دەبن بەڵام بە جۆرێکیتر تێی دەگەن. لەوانەیە ئەوانە نەخۆشییەکەیان لێ ئاشکرا ببێت بەوەی کە جلی وا لەبەرکەن کە ڕەنگەکانیان ئاسایی نەبێت یاخود بە ئاخاوتنی تێڕەو (عابرە) وەك ئەوەی نەخۆش بڵێ ناتوانم بەری توو لە دارەکەی جیا بکەمەوە چونکە ڕەنگیان لەیەك دەچێت. ئەوەش بە زۆری لە حاڵەتی ڕەنگ کوێریی سەوزو سوور دا دەردەکەوێ . لەم جۆرەدا تووش بوو ئەم دوو ڕەنگە وەك زەردێکی خوڵەمێشی دەبینێ. بۆ نموونە ئەگەر ڕەنگی سوور هەمان بڕ لە جۆشی خوڵەمێشی تاریکی هەبێ ئەوا مرۆڤی توش بوو ڕەنگی سوور یا خوڵەمێشی تاریك وەك ڕەنگی سوور دەبینێ.

چونکە بیستوویەتی کە کەسانی ئاسایی بە سووری ناو دەبەن.

هەروەها کوێری سووروو سەوز جاران بە کراسێکی قاوەیی کە پلەیەکی دیاری کراوی دەروشانەوەی هەبێ دەڵێ سەوز. چونکە قاوەیی لای ئەم هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ سەوز کە هەمان بڕی دەروشانەوەی هەبێ.

ئەم جۆرە نەخۆشییانەی ڕەنگ دیتن زۆر بایەخدارن لە چەندین مەیدانی خزمەت گوزاریدا بە تایبەتی لە هێزە چەکدارەکان دا وەکو هێزی ئاسمانیو هێزی دەریایی.

چونکە کارکردن لەو بورانەدا بە دەنگەوە هاتنێکی خێرای هێمارەنگییەکانی گەرەکە. وە هەر تێکەڵ کردنێکی ئەم هێمارووناکییانە یا لاوازی جوێ کردنەوەیان لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی کاترەسان. لە کاتێکا ئەو هێمارووناکییانەی بە کاردەبرێن لەم بوارەدا پشت دەبەستێتە سەر ڕەنگی سووروو سەوز. هەروەها بوارەکانی ئاسمان و ئەو هونەر کاریانەی پەیوەندییان بە ڕەنگەوە هەیەو کارکردنی تەکنیکیی نیو تاقیگەکان کە ڕەنگی ماددەکان یا گیراوەکان بایەخێکی ئەوتۆی هەیە لە ناسینەوەی کارلێك کردنەکان دا. لەم بوارانەدا کوێر ڕەنگی دەبێتە بەر بەستێکی دیار لە ڕێی کارکردن دا.

ئەو کەسانەی دان نانێن بەوەی کە ڕەنگ کوێرن و لایان وایە هێماکانی هاتوو چۆ تەواو دەناسنەوە لە ڕاستی دا ئەمانە ڕەنگەکان جیا ناکەنەوە بەڵکە بە شوێنی ڕەنگەکانەوە دەیانناسنەوە (سوور لە سەرەوە دایەو زەرد لە ناوەندو سەوزیش لە خوارەوە): بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەم گیروگرفتەدا دەروون زانەکان وا پێشنیار دەکەن کە ڕەنگی هیماکانی هاتووچۆ بگۆڕدرێن بە زەردو شین.

چەند تاقی کردنەوەیەك کراون بۆ ناسینەوەی ئەو کەمییانەی لە ڕەنگ بینینا دەر دەکەون. بە ناو بانگترینیان تاقی کردنەوەی Isgigare test کە کاکڵەکەی بریتییە لە هەندێ نوخته‌ی سوور وا ڕیزکراون کە ڕەنووسێك پێك بهێنن و هەر نوختەیەکیش لەمانە بە زنجیرە نوختەیەکی ڕەنگ جیای تروە بەردەوامە . جا مرۆڤی ئاسایی دەتوانێ ڕەنووسەکە بخوێنێتەوە بەڵام تووش بوو نوختە سووروو سەوزەکان لە نوختەکانی تر جیا ناکاتەوە. کار پێ [illegible]

ئەکادیمیای هونەرە تەشکیلییەکان و کارگەی مافوورو نەخشەکاریی جل و بەرگ و کارگەی بۆیەو ڕۆژنامە گەریی هونەریو لە زۆر لەو مەیدانانەی تردا کە ڕەنگ تیایاندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ.

ئایا دەتوانین ڕەنگ کوێری چارەسەر بکەین؟ ئەم پرسیارە لە وەتەی جەنگی دووەمی جیهانەوە ڕوو بە ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە کە ئەوسا ژمارەیەکی زۆر ڕەنگ کوێر لە سەربازی دەکران. هەندێك دەڵێن ڤیتامین A چارەسەرە، ئیمە دەزانین کە ڤیتامین (ئەی) دەبێتە هۆی تیژ بینی ، وە لەبەر ئەوەی ئەم فەحسانە جگە لە ناسینەوەی ڕەنگەکان تیژ بینیشیان گەرەکە بۆیە نەخۆش لێرەدا دەتوانێ بە چاکردنی تیژ بینییان لەم جۆرە فەحسانە دا سەر بکەون. هەروەها لەوانەیە تووش بوو خۆی ڕابهێنێ لەگەڵ فەحسەکان دا. جگە لەوەی چەندەها ڕیگەی تری فروفێڵ هەیە کە تووش بووان پەنایان بۆ دەبەن تا دەربچن لەم جۆرە پێوەرانە.

باشترین ڕێگا ئەوەیە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە هۆکارەکانی ڕەنگ کوێری بدۆزینەوە مادام ئێستا هیچ جۆرە ئەنجامێك بە دەستەوە نییە چارەسەرێکی تەواوی بۆ ئەم نەخۆشییە دانابێ.

ئەوەی شایانی باسە کەمی لە بینین دا لە لای هەندێ کەس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شلەژانەی بەسەر مێشکیان دا هاتووە. بێگومان ئەم جۆرەیان جیایە لە ڕەنگ کوێری، چونکە لەم بارەدا ئەو زیانەی تووشی چەقیبینینی مێشك هاتووە دەبێتە هۆی ئەوەی نەخۆش نەتوانێ ڕەنگەکان ببینێ. بەڵام هەر کە نەخۆش چاك بۆوە بەرەبەرە ڕەنگەکانیش دەبینێ بەڵام ڕەنگەکانی وەکو فلیم دێتە پێش چاو نەك ڕووتەخت.

ناشتوانی ڕەنگەکان دەست نیشان بکات بە پێی ڕووتەختی ئەو تەنانەی لە سەری دەردەکەون چونکە ڕەنگەکان لە لای ئەم دا تەماوی بە دیار دەکەون. وە ڕەنگەکان لە لایدا هاوتای تەنەکان نابن بۆیە بە زەحمەت دەتوانن ناو لە ڕەنگەکان بنێن یا بیریان بکەوێتەوە.

ئەگەرچی ئەم جۆرە حاڵەتانە کە من و زانیاریەکی زۆریشمان لە بارەیەوە نییە.

سەرچاوە:

کتێبی (سایکولوجیة ادراك اللون والشكل)
دانەر: قاسم حسين صالح ١٩٨٢ لاپەڕە (٧٥)

Institut Kurde de Paris

ڕۆژی مۆسیقای جیهانی لەڕانیەو قەڵادزێ

بەختیار مامە

تیپی مۆسیقای (کێوەرەش) بەبۆنەی ئەم ڕۆژە مێژوویی‌یەوە لەهەر دوو هۆڵی مەڵبەندی لاوانی هەردوو شاردا لە ئاهەنگێکی قەشەنگ و سەرکەوتوو دا ڕووبەڕووی جەماوەری هونەر دۆست بوونەوە، ئەم تیپە کە هونەرمەندی لاو هیوا مصطفی پێشەوایەتی دەکا یەتەکتیکێکی هەراشترو تازەتر بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد. ئەوەی ڕۆر جێگای ڕەزامەندی ئامادەبووان بوو. پارچە موسیقای لاکومپارسیتا مەقامی (سی ـ b) مێجەر ـ گەورە، کازاچۆك بەشێك لە سەمفونیای ٤٠ی موزارت، پارچە موسیقای شوان، ڕاهێنەرو سەروکی تیپەکە لە ووتەکەیدا ووتی:

ئێمە هەروەك کۆمەڵێك لاوی هونەرمەند لەچالاکی‌یەکانمادا دووچاری ڕۆر کێشەو چورتم هاتووین!

بەڵام دڵسۆزیمان بۆ هونەرەکەمان وای لێکردین کۆڵ نەدەین و بەسەریاندا زاڵ بین..

ئەم بەرهەمەشیان پێشکەش ئەو هونەرمەندە کوردانە کرد، کە ئەمان ڕیچکەیان بە ئەمانەتەوە گرتووە.

هەروەها ووتی: ئەوا بەم چەند ئاوازە جیهانی گۆرانی کوردی‌یە بەشداری ئۆپێراو سەمفونیاو ئورکێسترا جیهانی‌یەکان دەکەین، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا، کە موسیقا تیایا بوو بەزمانێکی جیهانی.

دەربارەی چالاکی‌یەکانی تیپی موسیقای کێوەرەش هونەرمەند هیوا گووتی لە ساڵی ١٩٨٢ خولێکی فێربوونی موسیقام کردەوەو ساڵی ١٩٨٣ بەبۆنەی دامەزراندی ئاهەنگێکم پێشکەش کرد.

پاشان بەبۆنەی ڕۆژی موسیقای جیهانی لە ٨٤/١٠/١ و٩٨٥ هێندێك چالاکیمان پێشکەشی جەماوەری شارەکەمان کرد. لە میهرەجانی دهوك لە ساڵی ١٩٨٤ بە ٥ پلەی هەڵسەنگاندن خەڵات کراین.

بەشداریمان کرد لە بەرنامەی جگەر گۆشەکان لە تەلەفزیون بۆ ڕانیەوقەڵادزێ. لە کۆتایی‌دا ئومێد دەکەم دەستگیرۆیمان بکەن و لەو گوڕو تینە سستی نەنوێنین! بەتایبەت کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی سلێمانی بەلقێکی بچوکی خۆیان بەسەرمان بکەنەوە جێگای سوپاسە!

لە کاتێکد ئەمە دەڵێین کە ڕانیە لەم چەندانەدا لە چالاکی هونەری‌و ئەدەبی دەستی لە ڕۆر لە شارەکانی کوردستان سەندووە!

دزینە سەیرەکانی کارە هونەری‌یەکان

وەرگێرانی: جەبار جەمال غەریب

ڕۆژنامەی «ئەنترناشنال» هیرلدتریبون» لە ٢٧ تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا لیکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردەوە ، تیدا هات وە کە دزینی تابلۆ هونەریەکانی «ئەمبریشن سەنرایز»ی هونەرمەندی جیهانی «کلۆد مۆنات» لەگەڵ هەشت البلۆی هونەری دیکەی مۆزەخانەی «مارمۆتان»ی فرنسی بە دزینی سەدە دادەنرێ، ئەو دزینە تابلۆکان دەخاتە هەمان پلەی دزینی تابلۆ هونەریەکەی «مونالیزا»ی هونەرمەند «لیۆنارد دافنشی» ساڵی ١٩١١ زا ینی..

جگە لەوە، دزینی تابلۆی هونەری «خانم نامە بۆ کارەکەرەکەی دەنوسێ»ی هونەرمەند «جان فیرمیر» لەگەڵ «١٨» تابلۆی هونەری دیکە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە ماڵی بەریز «فرید» و خاتوو «بایت» لە ئیرلندە ، بە گەورەترین دزینی تۆمارکراوی ئەو سەدەیە دادەنرێ ، بەپێی کتێبی «کیناس أوف ریکورزەی ١٩٨٥ نرخی کارە هونەریەکان کە دوای هەشت ڕۆژ بە سەر دزینیاندا دەستگر کرانەوە، دانراوە بە ١٩٫٢ ملیۆن دۆلار، لە نیوانیاندا ٦٫٩ ملیۆن دۆلاری نرخی تابلۆی هونەری هونەرمەند «جان فیرمیر».

بەپێی قسەکانی لیپرسراوی مۆزەخانەی «مارمۆتان» بەریز «یافیس بریر» گوایە کە لە ٢٧ تشرینی یەکەمدا پێنج تابلۆی هونەری دزراون کە ڕەنگدانەوەی بزوتنەوەی ئنتباعیەکان بوون، هی هونەرمەند «مونات» و بییر أوکستارینور» بوون لیپرسراوی مۆزەخانەکە نرخەکانی بە ١٢٫٥ ملیون دینار خەملاند.

پیاوەکان پۆلیس و نوێنەرانی مۆزەخانەکە ئاشکرایان کرد کە هەرگیز لەو تابلۆیانە دڵنیانین. وە بەریز «بریر» لیپرسراوی مۆزەخانەکە گووتی، لە نێوان ئەو تابلۆ هونەریانەی کە دزراون تابلۆی هونەرمەند «مونات» ەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢ ئەویش «ئەمپریش سەنرایز» ەکە نرخەکەی بە پارە نا خەملێنرێ چونکە ناوی «وێنەی قونابخانەی ئنتباعی فەرەنسی» وەرگرت وە ، کە لە کۆتای سەدەی بیستەمدا ناوبانگی کردبوو.

وە بەریز «بریر» گووتی دزینی ئەو تابلۆیانە بە لەدەستچوونێکی گەورە دادەنرێ. وەك دووبارە کردنەوەی دزینی تابلۆ هونەریەکەی «مۆنالیزا»ی هونەرمەند «لیۆنارد دافنشی» کە لە مۆزەخانەی «لۆفەر» لە ٢١ ئابی ١٩١١ دزراو دوای دوو ساڵ لەو یەرواره گیردرایەوە لە ئیتالیا ، بە هۆی ئەو دزینەشەوە «فنسترو بیر جیا» ماوەی ساڵێك و پازدە ڕۆژی لە بەندیخانە دا بردە سەر.

هەندێ لە دزەکانی کارە هونەریە ناسراوەکان پشت بە پرۆباگەندە بۆ مەسەلەیەکی دیاری کراو دەبەستن، بۆ نمونە شومێرێکی لۆری بێ‌کار گوایە کە تابلۆی هونەری «دادوەرو لنکتین»ی هونەرمەند «گۆیا»ی لە ساڵی ١٩٦١ لە مۆزەخانەی نشتیمانی لە «لەندەن» دزی وە بۆ دەنگدان دژی رازی نەبوونی میری بەریتانیا بە بەخشینی لە کارخراوە «المتقاعدین» بە ئەمەنەکان لە باج کە بەڕێوەبەرانی ئەلەفزیون دەیانسەپاند.

لە ساڵی «١٩٢٤» دزێك کە تابلۆیەکی هونەری دزی بوو کە بۆ سەدەی پانزدەهەم دەگەڕایەوە و بەشێك بوو کە تابلۆی «جنت تربیس»ی هونەرمەند «جان فان أیك» تیبینیەکی بەجێهێشتبوو تێیدا ڕای خۆی دژی پەیمانی «فرسلیس» دەردەبڕی. یەکێك لەو دزانەی کە بەشداری دزینی ماڵی بەریز «فرید» و خاتوو «بابت»ی کرد بوو بە هەموو دەنگیەوە هاواری کردبوو : ئەی سەر چینی کرێکار دا دەڕون . وە لە دزینەکانی کەشدا شتی وا ڕووی داوە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ هەشت تابلۆی هونەری لە مۆزەخانەی نیشتمانی نەرویجی لە «ئەوسلو» دزران و، تواندا دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بە سەرا دزینیاندا حەوتیان بگەڕێنرێنەوە لە نزیك فرانکفۆرت و نرخەکەی بە ٥٫٥ ملیۆن دۆلار خەملێنرا، تابلۆی هونەری «بیکاسۆ» و «یمبراندت» و «گۆیا» و «فان کرخ» بوون .

ـ لە ساڵی ١٩٤٨ سێ پیاوی قاڵ بووی دزی «٣٦» تابلۆیان دزی کە بۆ سەدەی هەژدەو نۆزدە دەگەڕێنەوە. هی ئەو هونەرمەندا بوون کە نوێنەری ڕیبازی تازەیان دەکرد لە جۆڵانەوەی هونەریدا وەك «فنسترو جیمیتو» و براکەی «بالیزیە» لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بۆدابست» وە دەزگای پروپاگەندەی هەنگاری ئەو دزینەی بە یەکێك لە گەورەترین دزینە هونەریەکان باسکرد. بەو جۆرە پسپۆرەکان نرخی تابلۆ دزراوەکانیان بە نزیکەی «٧» ملیۆن دۆلار خەملاند.

بەڵام تواندراهەموو تابلۆکان بگەڕێنرێنەوە کە دزرابوون، هی هونەرمەند «رافائیل» و هونەرمەند «تنتوریتو» بوون، لە ماوەی ساڵێك ماوەی ساڵێك دا هەندێکیان لە کیسێك دا دۆزینەوە لە ناو ڕووباری «دانوب»دا.

ـ لە ساڵی ١٩٤٥دا سەربازێکی ئەمریکایی کە هەوییەکەی نەناسرابوو ، دوو تابلۆی هونەری هونەرمەندی ئەڵمانی «برشت دوریرە»ی لە قەڵای «فاینمار»

مۆسیقا و شانۆ

لە مێژەوە مۆسیقا هاوشانی شانۆ بوە ، هەتا وەکو ئەمڕۆ جێگایەکی تایبەت و کاریگەری لە شانۆگەریدا هەیە. هەر چەندە ڕای جیاوازو هەڵوێستی تایبەتی بەرامبەر موسیقاو بون و نەبونی لەگەڵ شانۆگەری دا هەیە، هەندێ دەڵێن بە یەکجاری نەبێت، هەندی دەڵێن بە درێژایی شانۆگەری هەبێت، لە بەر ئەوە موسیقای وێنەیی وەك دانراوێك ڕەسەنایەتی‌و کاریگەری داهێنانی پێوە دیارە، هەر چەندە وەکو هەڵبژاردنیش لە سەر ئارەزووی هونەرمەندو تێگەیشتنی بێت، سێبەرێکی بۆ شانۆگەریەکانمان کردوە، لای ئێمە بە شێوەیەکی گشتی موسیقا لە شانگەریەکانمان دا، دەوری تایبەتیان هەبوە، لە کارتێکردنی خێراو گەیاندنی بیری شانۆگەریەکە

لە سەرەتاو کاتی پێش کەش کردن و کۆتایی‌دا [illegible] سەرەتای دەست پێ دەکات، کە بینەران بەیانە ناو شانۆگەریەکەوە ، هەروەها دەبێتە هۆی بێ دەنگی ، مۆسیقا وەك پردێك وایە لە گوڕین و بە یەك بەستنەوەی کێشەو گۆڕینی دیمەنەکانی، هەروەها دەتوانێ هەندێ زانیاری گرنگیش بخاتە بەر چاوی بینەران دەربارەی کەسە گرنگەکانی شانۆگەرێکەو لایەنە دەرونی‌و کۆمەڵایەتیەکانی.

هەروەها دەتوانێ یارمەتی ڕوی سروشتی کێشەو ڕوداوەکان بدات، جگە لەوەی یارمەتی ئەکتەریش دەدات لە کاتی دەور بینین دا، کە مەزاجێکی تایبەتی بۆ دەخەملێنێ.

لە هەمووی گرنگتر مۆسیقا لە شانۆدا دەورێکی گرنگ دەبینێ، لە گەیاندنی پیشاندانەکە بۆ توخمەکانی تری هەست کردن. لەم ساڵانەی دوایدا دەرهێنەری شانۆگەریەکانمان ، ڕویان کردۆتە موسیقا بە چاوێکی گەورەو ڕێزەوە بۆی دەروانن ، کاری چاك و چالاکی باش پێش کەش کراوە کە موسیقا دەوری مەزنی تیا گێراوە، ئایا ئەو موسیقانە بەتایبەتی ئامادە کرابێت، لەگەڵ شانۆگەری‌کەدا لە لایەن موسیقاژەنەوە، یان لە موسیقای دانراوەوە وەرگیرابێت.

دەرهێنەری شانۆگەری هەوڵ دەدات ئەو موسیقایە هەڵبژێرێت، لە سەر خواست و شێوەی تایبەتی شانۆیەکەدا بگونجێ، سەرکەوتن بدا بە شانۆگەرێکە ، بۆیە لە هەندێ شانۆگەری دا موسیقای جیهانی یان ناوخۆی و گەلی بە کار دەهێنرێت، لە بەر ئەوە چێژی بینەران و کار تێکردنی موسیقا لە سەر شانۆگەرێکە، لە سەر بنچینەو ڕۆشنبیری‌و چێژێکی هونەری گشتی هەڵدەسنگێرێت.

کە قوڵ بونەوەی شانۆیە لە ژیانی ڕۆژانەوە، لە بەر ئەوە گرنگ نیە موسیقا تەنها لەگەڵ شانۆی دا بگونجێ پێویستە لە خواستی بینەران و هوشیاریانەوە نزیك بێت، ئەمەش زۆر جار کارێکی گرانە.. بەڵام سەرکەوتنی دەرهێنەرە لە هەڵبژاردن دا.

چرۆ مصطفی احمد

شانو

(سوارەك ب تنێ

توزێ ناراکت

ابراهیم سمو

بۆ کومەکا لاوێد دهۆکێ دەمێ زڤرین ژ پێش شانۆیا (یاری)، کو هاتیە پێش کێش کرن لدهۆکێ ، دەمێ زڤرین ئێکێ دگوتە یەکێ دی تە دیت زارفەکەرێ هەنێ چاوا دەورێ خوە ئینا پێدن گوت پاتە دیت فلان کەس چاوا دەورێ خوە ئینا، ئێکی دی گوت یا ژهەمیا مازنتر هەوە دیت کافلان ـ کەسی چاوا دوو دەور ئینان ، گەلی برا، ئەز ل گەل هەوەمە.

بەلێ زارفەکەر ئەگەرەکەژئەگەرێد سەرکەفتنا هەر کارەکێ شانۆیی یان زارفەکرنێ.

گەلی برادەرا بو هوین خوە تێناگەهینن ونایژنە خوە: کی ڕیڤە بەرێ ڤێ شانۆگەرێی بو؟ کێ هوسا لاو دەرهێنا؟ کێ هوسا جوان کارکر دداناانا تشتا سەر دەپێ شانۆیێ (اکسسوار)؟ کێ هوسا ڕەنگێد زارفەکەرا گوهارتنێن (مکیاج)! کێ هوسا دیمەنی جوان چێکری و ب ڤێ دەنگی دانای (دیکور)؟ کێ هوسا ئاوازێد دێرین بۆ دانایە «موسیقا»؟ من دڤێد هوین بەرسڤا ڤا چەند پسیارا بدەن. ئەرێ چونکی هوین ڤان کەسا نابینن مانا وێ ئەوە کو ج کارێ خوەنەکرینە!!؟

نە برا نە.. پشتی بەرسڤدانا ڤان چەند پسیارا دێ زانن نە زارفەکەر تنێ ئەگەرێ سەرکەفتنا شانۆیا (یاری) بوون وهەر چ شانۆیەکا دی بت ب شێوەکی دیتر نە زارفەکەر ئەگەرێ سەرکەفتنا فلمێن سینەمایێ‌نە یان تەلفزیونێ.

بەلێ گەلەك کار کاری دکەنە سەریەك هەتا سەردکەڤن دکارێ خوە بێ هونەریدا وەك: (الاخراج) دەرهێنان ، اکسسوار ، دیکور، زارفەکەر (الممثل)، .. موسیقا). دبەرهەمێ خوە بێ هونەری سەر دئێخن، بەلێ مخابن گەنجێدمە دەمێ هاتین ژ پێش شانۆیا (یاری) ئەگەرێ سەرکەفتنێ دکرنە زارفەکەر (دلێ زارفەکەرێد شانۆیا یاری نەمینیت). یا ژ هەژی بۆ گونبان: ب راستی ڤێ کاری گەلەك جوان کار تێدا هاتبۆ کرن ژ دەرهینانێ و ئەڤ جورێد سەری هاتینە گوتن. بو ڤان برادەرا دبێژم یان هوین

● گەلەك شارەزایێ هونەرێ نینن ب تایبەتی شانۆگەرێی. یان هوین هاتبون بۆ شاتیا خوە بکوژن

گەلی برا شانۆگەری کار کەرترین جورێن هونەرینە، ژ بەر چی؟ چونکی هەر غەلەتیەك دهێتە کرن دبتە ئەگەرێ نەسەرکەفتنێ، وەکی دوختورەکێ شارەزا گەر غەلتی د عەمەلیەکێدا کر دێ بتە جهێ نەخۆشی بو یێ نساخ چێدبیت پێ بمرت ژی. یا دوێ ئەو زارفەکەر پێش چاڤێد بینەرا هەمی شیانا خوە ددانەپێش چاڤا ل گەل ئەڤ لایێد سەری ب تایبەت (موسیقا) ل گەل لڤلڤینا زارفەکری.

خوە بسەر دئێخن ئو بەرهەمێ تورەیی پلەیەکی بەرز دکەن. لدوماهیا ڤێ چەندێ داخازیا من ئەوە کو لاو و گەنجێد مە فەستا هونەری بکەن و بینە ئەگەرێ زێدە بونا تبێد هونەری ڕیا تیا دهوکێ بگرن (بەرێ دگوتنێ بزاڤ). وپشتەڤانیا تیا شورەشڤان نە بەردەین تورێ خوە بەلاڤ کەین ل جیهانێ ببنە تیروژکرك ژ تیروژکێد روژێ و ژبۆ پێش کەڤتنا وەلاتێ مە عیراقێ...

پەشیمانی

سکڤان عبد الحکیم

دەلیڤەك بها گران بو دڤێ ساڵێ دا من دوو شانوگەری لدهوکێ دیتن، ئێك (یاری) بۆ و یادوێ پەشیمانی) بۆ ئەوا ل ١٩٨٦/٩/٢٤ هاتیە پێشکێش کرن ژ لایێ تیا شورەشڤان.

پەشیمانی چریسکەك گەشە ژبو ماچی کرنا چاڤێ پاشەڕۆژێ.. دەنگەك ڕەسەنە ژبو شوڤەکا تیر توڤ وبێ ئاڤ.. پسیارەك گەرمە هەرێ د کەلبت د ئاڤ سینگ و هزرادا تیروژکێت بیناهیا شانۆیێ ترسا شەڤێ د حەلینت و بەرەڤاژی دگوهۆریت دا بنیاتەك حەمەر ژ زانین و ڕەوشەنبیریێ درست کەت هۆسا کاروانێ شانۆیێ لدهوکێ ئەز دبینم بەرەڤ گوپیتکێ هیڤیا دچیت بیاوەری‌و بێ گوهبدەت نەنگاڤیا و ئاستەنگا.. هۆسا ئەڤ گەنجە ژ کەڤلێ خو ڕەڤین و سەیران و گەریانا دبەنە جیهانا پاشەڕۆژێ و تێگەهشتنێ زانین کو برین چەند مەزنە و لکیدەرێ مەندەو ە بێ خودانە.. دەست هەلدان دا کەڤنە دیوارا بهەرفنین و ڕێکێ نێزیك کەن و دویرێ کورتکەن.. هەرچەند گەلەك لایین چیرۆکێ و لایین هونەری کیماسی تیدا هەبون لێ.. شانوگەریەك لدهوکێ بێتە پێشکێش کرن و چەند ڕۆژەکا بەردەوام بیت و ە جهە نەبیت تۆ ڕوینیخارێ .. ئەڤە یە خێر.. ئەڤەیە تێهنا ڕاست.. ئەڤەیە دەردێ خودان دەرمان هەکە بڤێن.. پەشیمانی عەڤرێت چەند سالا پرتکاندن بریسیت کەڤنە ڕۆژا لال کرن .. کەهنی پەفاندن دا لەیلانا هشك و زوها تیهنێ لێ بشکینت..

شێخو .. تە پیرۆزە .. ئەڤ کارە ژ دل تە ئەم و باژێر فیکرا سەر بلندکرین و دەست خوش هێژا (زهیر ڕەڤەندی) یێ کو چیرۆك نڤیسی و دەرهێناو هەر بژین هەر (١٣) ئەکتەرێت چاڤێن مە ڕوهن کرین بڤێ کریارا مەزن و هەر بەردەدامبن گەلی گەنجا چنکو شانۆ خاندنگەها مللەتانە .. شانۆ خودیکە ئەم هەمی خۆ تێدا دبینین و.. دەست خوشو پشکدارێن دیکورێ و ئکسوارێ‌و موسیقێ‌و مکیاجی‌و پۆستەراو ڕۆناهیا ئەم ئەکێشاین دگەل چیرۆکێ برەنگەك دلخوشو هەتا گریا من هاتی .. بەلێ من کرە گری

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەستی پێدەکرێ ، بوونی جۆلانەوەیەکی گەرمی شانۆیی‌یە، ئەمەش دیاردەیەکی گەشە لە پێناو گەشانەوەی شانۆی کوردی..

ئێمە لێرەدا، باس لەو شانوگەریی‌یانە ناکەین، باسی لە دەق و دەرهێنان ناکەین... باس لە کێشەیەك دەکەین کە دووچاری شانوی دوردی بووە کە «بینەر»ە..! یان بەشێوەیەکی ڕاستر، هەڵس وکەونی هەندێ کەسە لە کاتی پێش کەش کردنی شانوگەری‌دا، بەتایبەتی لە شاری هەولێردا، کە ئەم دیاردەیە بەزەقتر بەرچاو دەکەوێ.

جارێ زۆر خێزان کە دێنە شانوگەری، هەتا نیوەی شانوگەرییەکەش هەروا دەزانن کە «ئاهەنگە!».. بۆیە درێغی ناکەن لە هینانی منداڵی شیرەخۆرو کیسەیەك فستقی تێکەڵاو، کە هۆڵەکە دەکاتە بازارو هێمنی لەناو ئەبات.. هەندێکی‌تر، فیری ئەوەبوون، ئۆقرە نەگرن، ئەگەر دەست نەکەن بەفیکە فیك و چەپڵە کوتین.. ئەگەر چی هەندێ جار هەر بەبێ هۆیەو، ئەو پاڵەوانەی چەپڵەی بو دەکوترێ ، قسەی زۆر ئاسایی دەکا... بەڵام بووەبە خوویەك!.

کە ئەوە دەڵێم، هەموو گوناهەکە ناخەمە سەر بینەر، بەڵکو هەندێ لە «دەرهێنەران» یش کەن هەندێ جار ئەم حاڵەتە دروست دەکەن، ئەویش بە پێش کەش کردنی بەرهەمی شانوگەری ئەوتۆ کە بە ئەسڵ لە پێناو (پێکەنین)و (کات بەسەربردن)و تیرکردنی ئەم دەستەیە داندراوەو پێش کەش کراوە، تەنانەت هەندێ ئەکتەرانیش، خۆیان بەر لە جەماوەر بە هەڵس وکەوتی خۆیان دەدەنە قاقای پێکەنین.. وەك بڵێی شانۆ بکرێتە (هۆیەك) بۆ گیرفان پرکردن و دوور لەو هەموو گۆران و پێشکەوتنە شارستانیتی‌یەی ئەمڕۆ لە شانودا هاتۆتە دی.

شێرزاد...

Institut Kurde de Paris

چۆن ئاگاداری پێستی دەموچاوت ئەبیت..؟

لیلی لطیف محمد
ئامادەی کردوە

بۆ ئەوەی دەمووچاوت لە زستان و هاوین دا گەشاوەو جوان بێت ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە بەکار بێنە :-

١) حەسانەوەو نووستن پێوستە هەوڵ بدە ڕۆژی نۆ سەعات بنووی بەین بەیانیش سەرخەوێك بشکێنە.

٢) ئەوانەی کە بەردەوام دەموچاویان مۆنە زوو چرچ ئەکەوێتە دەموچاویان ئاگاداربە مۆن نەبی.

٣) کە ئارایش ئەکەیت ئەسفنجێکی تەراوی بەکار بێنە

٤) بۆ پاك کردنەوەی دەموچاوت ئاوو سابوون بەکار بهێنەو ئەگەر پێستی دەموچاوت ووشك بوو سابوونی زەیتی بەکار بێنە وەهەموو شەو کرێمی لێ بدە وهەموو ڕۆژ (ڕۆن کەوچکێ) لێ بدە دوای یەك چرکە پیشۆ بەڵام ئەگەر پێستی دەموچاوت چەور بێت ئەبێ هەمیشە بە ئاوی گەرم و سابوون بیشۆی بۆ ئەوەی چەوری دەموچاوت لا بدا وەهەموو شەوێکیش کرێم بدە لە ملت و چەوری بکە..

٥) ڤیتامین (A) پێوستە بۆ پێستی دەموچاوت وەماسی خواردن لەگەڵ حەبی ڕۆن ماسی بەڵام ئەگەر ڕەگی سوور لە دەموچاوت دەرکەوت دەتوانیت ڤیتامین (C) بەکار بهێنیت.

٦) ماست لەگەڵ ئاوی لیمۆترش لەگەڵ هەنگوێن، تێکەڵ بکەو تێکی بدە هەتا وەکو کرێمی لێ دێت بیگرە دەموچاوت دوای ١٥ چرکە پیشۆ..

٧) ئەگەر پێستی دەموچاوت ڕەنگ زەرد بوو کرێمی ئەساس، پەمەیی لێ بدە..

٨) ئەگەر دەمو وچاوت پێستی هەڵ دا ئەتوانیت ڕۆژی کەوچکێك ڕۆنی زەیتون بخوێتەوە

٩) دەتوانیت شرنقەی ئەکۆلاجین لە خۆت بدەی بۆ ئەوەی ڕزگارت بێ لەو چرچانەی کە ئەکەوێتە پەنای لوتت و ناوچەوانت بەڵام ئەبێت پزیشك بۆتی بنووسێت لەگەڵ ئەوەش دا لە خۆتەوە دەرمان بەکار نەهێنیت چونکە زەرەری دەبێت ئەنجامی خەراپ دەبێت.

پەروەردەکردنی منداڵ لە نێوان دایك و دایەنگەدا

سەرکۆل تەیمور

- کۆرپەکانی ئێمرۆمان کە دەبنە هیواو ئاواتی داهاتوومان ئەوانەی مێژوی تازە دەنووسنەوە، پەروەردەکردنیان ئەرکێکی ئێجگار گرنگە لەسەر شانی هەمووان. ئەم پەروەردەکردنەش لە دایکەوە دەست پێدەکات، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا دیاردەیەکی سەیر بڵاوبۆتەوە ئەویش بردنی منداڵ بەهەق و ناهەق بۆ «دایەنگە» لەم ماوەیەدا تەمەنی منداڵ بە گرنگ ترین کاتدا تێدەپەڕێ و هەموو جۆرە هەڵس و کەوتێك کار دەکاتە سەر باری دەروونی کاتێ گەورە دەبێت.

جا بۆیە پرسیارێکی گرنگ دێتە کایەوە ئەویش ئایا دایەنەکانی دایەنگە ئەتوانن ئەو سۆزو خۆشەویستیەی دایك بدەنە منداڵەکان؟

ڕەنگە دایەنگە تەواوکەری دەوری دایك بێت لە پەروەردەکردن دا، بەڵام هەرگیز ناتوانێت وەك دایك بێت چونکە یەکەم ماوەی پەروەردەکردنی منداڵ زۆر گرنگە لە پێوەندی کردنیدا بەدایکیەوە چونکە متمانە دەکاتە سەر ئەو بۆ خواردن واتە پەیوەندیە مادیەکە، لە هەمان کاتدا پەیوەندیە مەعنەوی یەکانیش بەڵام کاتێ دەچێتە دایەنگە تووشی جۆرە دوودڵیەك دەبێت لە نێوان دوو جۆر سۆزدا سۆزی ماڵ و سۆزی دایەنگە ئەمەش بیری منداڵ دەشێوێنێ. سۆزی دایەنگە ئەوەندە ڕاستی و گەرمی تێدا نییە، وەك سۆزی دایك، منداڵیش لە سەیرکردندا ئەتوانێ هەست بەوە بکات. جا بۆیە زۆر جار منداڵ سزای دایك بەدڵێکی فراوانەوە وەردەگرێ و هەڵەکەی کە سزادراوە لەسەری دووبارە ناکاتەوە. بەو جۆرەش ڕاست و چەوت لە یەك دەکاتەوە. هەر لێرەشەوە هەندێ شتی ڕۆژانە فێر دەبێ و کاتێ دایکی لێی دوور دەکەوێتەوەو دەبرێتە دایەنگە هەست بەوە دەکات کە دایکی ئەوی لە بیر کردوە ئینجا دەست دەکات بە پرسیارکردن بۆ ئەم گۆرانەی دایك و ناتوانێ وەڵامی پرسیارەکەیشی بداتەوە لەبەر ئەوە کار ئەکاتە سەر باری دەروونی و لە دوایدا لەش و ئینجا خواردنیش کەم ئەبێتەوە ئەبێتە مایەی نەخۆشی. لەلایەکی تریشەوە دایەنگە ئەو هەستە قوڵەی لە ناو خێزاندا هەیە واتە خۆشەویستی یەکتر کاڵ دەکاتەوە چونکە منداڵ زۆربەی کات لەوێ دەباتە سەر.

ئەو ئافرەتانەی کە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن واتە موچەخۆرن ئەم دیاردانەی باسمان کردن زیاتر کار دەکەنە سەر پەروەردەی منداڵەکانیان چونکە سەرەڕای بردنیان بۆ دایەنگە ناتوانن بە شێوەیەکی تەواو توانای خویان دابەش بکەن لە نێوان کارو منداڵەکانیان دا، هەندێ جاریش کار لایان گرنگ ترە چونکە مەبەستی تایبەتی خۆیانی تێدایە ئەویش چەسپاندنی بوون و کەسایەتی لەنێوان ئەنجام دانی کارێکدا.

ئەمانە هەمووی کاردەکاتە سەر مرۆڤی پاشە ڕۆژ چونکە وەك بۆمان دەرکەوتووە ئەو منداڵەی پەروەردەی تەواو بێت و هەست بکات بەخۆشەویستی خێزانەکەی بەتایبەتی دایکی لە پاشە ڕۆژیشدا هەر خۆشەویستیو ڕێگای ڕاست دەگرێتە بەر بە پێچەوانەی منداڵێك کە تێرنەبووبێت لە خۆشەویستی خێزان و دایك، دەبینین کە گەورەش بوو هەر ڕق و کینەی لە دڵدایەو بڵاویشی دەکاتەوەو ئەم ڕق و کینەیەش شێوازی زۆر لە کۆمەڵدا وەردەگرێ.

جۆرێکیتر لە دایك هەیە نە ئیشی ناومالی هەیە نە لە دەرەوە کار دەکات بەڵکو وائەزانێ ئەمە جۆرێکە لە مەدنییەت ئەگەر منداڵ بنێرن بۆ دایەنگە لە کاتێکدا خۆی ئەتوانێ چاکترین خواردەمەنیو پەروەردەی بۆ ئامادە بکات.

جا با ئێمەش تۆزێ بە خۆماندا بچینەوەو ئەو دایکە نەخوینەوارەی جارانمان بیر بکەوێتەوە کە هەموو ساڵێك منداڵێکی دەبوو زۆر جوانیش پەروەردەی دەکردوو منداڵەکەشی گرنگ ترین مەبەست بوو لە ژیانیدا، تا توانی ئەو هەموو زاناو بلیمەتانە بەخێو بکات بەبێ ئەوەی خویندەواریەکی ببێت.

گریان و باری سایکۆلۆژی

زینب حسین

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ئادەمیزاد کە ڕووداوی خۆش ببینێ ئەندیشە یا هەڵویستی خۆش خۆش بکەویتە بیریا ، لە ناکاوە کەیفی خۆش دەبێت و بزەو پێکەنین ئەکەویتە سەر لێوانی هەروەها لە عەینی کاتیشە کە باری سایکۆلۆژی ناخۆش بوو دەس دەکات بە گریانە گریان بۆ چی؟

ڕووداوی گران و ناخۆش کە مرۆڤ لە ژیانە تووشی دەبێت غەم دائەگرێت و ناجار دەبێت فرمێسك بڕێژێت بۆ ئەوەی هەندێ بحەسێتەوە ئەو داخە گرانە لە هەناویە بێتە دەری.

لەم لایەنەشە، ئافرەت و منداڵ زوو دیتە گریان، هەندێ جار هەر لە ئەنجامی ڕووداوی بێ واتا ئافرەت فرمێسك ئەڕژێنێ ، هەروەها منداڵیش زوو دەگری ئەگەر هاتوو یەکێك لە هاوڕێکانی یان دایك وباوکی قسەیەکی ناخۆشی پێکرد دەست دەکا بە گریان ئەوەیش لەبەر ئەوەی سزای نەدات و لێی تووڕە نەبێت.

جۆری گریان.

پەندی پێشیان دەڵێت من لە ناخەوە دەگریم بە واتە ئەوەندە بە غەمە ناتوانیت غەمەکەی بە فرمێسك دەربڕێت هەر خۆی لەناوەوە دەخوات بەقسەو هەناسە هەڵکێشانە گریانی منداڵ.

پزیشك هەمیشە دووپاتی ئەوە دەکات، پێویست ناکات منداڵ کە گریا لەسەر جێکاکەیە هەڵگرێت و لەسەر ڕانی دایکیا دابنرێت و شیرو خواردەمەنی بدرێتی، بۆ ئەوەی تەندروستی تێك نەچێت و لەعەینی کاتیشدا فێری ڕفتارێکی تایبەتیو جوان دەبێت.

پیازو گریان.

جار وا هەیە ئەچیتە حاڵەوە ئەبینی، دایکت خوشکت، خێزانەکەت چاوی بە گریانەو فرمێسك ئەڕژێنیت، تۆش یەکسەر خەیاڵت بۆ ئەوە ئەچی خوا نەخواستە شتێك ڕووی داوە، بەڵام ئەو فرمێسکە لە دوایا بۆت دەرئەکەوێت لە ئەنجامی پیاز جنین دایە.

گریان دیاردەیەکی تەندروستیە.

پزیشکانی سایکۆلۆژی ئەڵێن گریان شتێکی ئاسایی‌یە بە نیسبەت هەموو کەسێك هەتاکو لەلای ئاژەڵە چونکە گریان دەربڕینی باری سایکۆلۆژی مرۆڤە دەر دەکات بە جۆرەها جۆر کە باری دەرونیا سوك دەکاتەوەو چارەسەری دەردەی گرانی دەکات.

گریان بەسەر شتی رابر دوو

زۆر چیرۆك و شیعر دەخوێنین دەربارەی گریانە بەسەر شتی رابردووە بە تایبەتی شاعیرە کۆنەکان کە لەسەر شوێن و جێکای دڵدارەکەیە هەروەها زۆربەی خەڵك دێنە گریانە بەبینین چەند هەڵویستێکی تلفزیۆنی لەوانەیە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا ڕێك بکەوێت و بە دڵیا بێت، یان ئەو کارەساتەیە ڕۆژێك لە ڕۆژانە بەسەریا هاتبێت و بیری ڕۆژانی ڕەشی رابردووی خۆی تازە دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا بە تێکرا دەڵێن پێکەنە جیهان لەگەڵت پێدەگەنیت.

مەگری ، چونکە هەر بە تاقی تەنیا دەگری کەس نییە بەشداریت بکات.

یاری و منداڵ

شاهین نەجمەالدین

هەموو نەتەوەیەك ئەو کاتە دەگۆڕێ بەرەو باشتر، لە ڕێگای منداڵ پەروەردەکردنێکی پڕ تاقی کردنەوەی ڕاست و دروست، یان هاوکاری لە نێوان خێزان و مامۆستای قوتابخانە هەبێت. واتە بەر لەوەی منداڵ بنێرتە بەر خوێندن دەبێ دایکان و باوکان منداڵەکانیان زۆر زیرەکانە ئامادە کردبێ بۆ وەرگرتن و لێکۆڵینەوەی هەر بابەتێك کە لە قوتابخانە فێری دەبێت. زانایانی دەروونی ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە ئەگەر دایکان و باوکان ژیانی منداڵەکانیان بە ژیانێکی گرنگ زانیو لەسەر شێوەیەکی تازە سوودیان بە منداڵەکانیان گەیاند ئەوا زۆر بروایەکی پتەوو بە هێزیان لا دروست دەبێ بۆ زیاتر پێگەیاندنی منداڵەکە. دەبێ هەرگیز ئەوەمان لە یاد نەچێ کاتێ کە منداڵەکەمان خەریکی لایە لایە یە بۆ بوکەشوشەکەی دەستی لە ئێستاوە حەز دەکات هەڵس و کەوتی ئەو کەسانە فێر بێ کە لە خۆی گەورەترن. ئەوەش مانای ئەوەیە کە دەیەوێ لە داهاتوودا ببێتە ئەو مرۆڤەی کە خۆی دەیەوێت. (جان بیاجن) دەڵێ: - [ئەگەر بمانەوێ منداڵەکانمان زیاتر سوود وەرگرن لە یاریەکەیان پێویستە ئێمەش هاوبەشیان بکەین] بۆ نمونە - ئەو کاتەی کە منداڵەکە خەریکی خانوو یا دروست کردنی هەر شتێك بوو، کاتێ کە هەڵە دەکات دەبێ ئێمە بۆی چاك بکەینەوەو بە شێوەیەکی سادەش بۆی ڕوون بکەینەوە، یان کاتێك کە یاری بە ئۆتۆمۆبیلێکی بچووك دەکات.. دەبینین حەز دەکات بزانێ ئەو ئۆتۆمۆبیلە چۆن دەڕواو لە چی دروست کراوە. لێرەدا ئێمە دەبێ ئامادە بین بۆ تێگەیاندنی لەو پرسیارانەی کە دەیکات.

ئەوەش زیاتر چێژو خۆشی بۆ هەر دوو لا دروست دەکات.

ئەو یاریانەی کە منداڵان دەیکەن دەبێ لە ئاستی بیرکردنەوەی منداڵەکە بێت. بۆ نمونە - دایکان یا باوکان ئەگەر تەمەنی منداڵەکەیان (١ - ٢) ساڵان بوو ئەوا یاری سووك و سادەیان بۆ تەرخان بکەن. وەك ڕاکێشانی ئۆتۆمۆبیلی بچووکی سووك بە پارچە پەتێکی مام اوەندی، هەروەها هەندێ یاری میکانیکی وەك شەمەندەفەری کارەبا یاپیل یا میکانۆ بۆ ئەو منداڵانە بێت کە تەنەنیان لە (٥) ساڵ زیاترە.

ئەو یاریانەی کە بۆ منداڵان هەڵدەبژێرێن پێویستە ڕەنگاو ڕەنگ و کێشێکی سووکی هەبێت، کە منداڵەکە بتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت.. چۆنیەتی ئێش کردنی یاریەکەش نزیك بێ لە ڕەووشت و جووڵانەوەی گەورەکان.

منداڵیش هەر لە سەرەتای لە دایك بوونیەوە تا وەکو هاووڵاتیەکی ساده بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ کە ئەو قۆناغانە زۆر گرنگن بۆ دایك و باوکان کە منداڵی ساوا گەورەترین چەرمەسەری برسێتیو ژیربوونەوەو ڕۆیشتن و قسەکردنە.. منداڵانی ساڵانی یەك و دوو گیرمەو کێشەکەی یاریکردنەکەیەتی. پاشان منداڵانی موراهیق بۆ گۆڕانی باری لەش و دەروونی دەربارەی سێکس. دوا قۆناغ ئەو کەسانەن کە حەز لە جنسێکیتر دەکەن یا بە دوای کارێکی باش و چاك دەگەڕێن و هەوڵی بۆ دەدەن. ئەو قۆناغەی دوایی لە کەسێکەوە دەگۆڕێ بۆ کەسێکیتر، واتە ئارەزوو شتێکی نسبی‌یە.

سەرچاوەکان: -

١ - التربية الاجتماعية للأطفال/ تألیف - الیس وتیزمان/ ت/د. عبدالعزیز القوصی. ١٩٥٩ - القاهرة. نیویورك.

٢ - المشاكل الانفعالية للنمو/ تألیف - ستیوارت فنش/ ت/ د. محمد خیری. ١٩٥٦ - القاهرة. نیویورك.

٣ - الاطفال وقدراتهم - تألیف - فرجینیا بیلارد./ت/ د. عطیة محمود هنا - ١٩٦٤ - القاهرة.

٤ - کیف یلعب الاطفال/ تألیف/ د. محمد خلیفة برکات. [١٩٦٠] القاهرة.

منداڵ لە نێوان ڕاستگۆیی و هاری‌دا

شلێر قادر محمد

هەموو خێزانێك حەز دەکات منداڵەکەیان زیرەك و ئازابێت بۆ ئەوەی شانازی بێوە بکەن لەبەردەم خەڵکیدا بەڵام زۆر جار منداڵ لەو سنوورە دەردەچێت و خەڵکیوا سەیری دەکەن کە هارەو بێ‌ڕەوشتە ئەمە دەبێتە هۆی ناڕەحەتی باوك و دایك.

لە ڕاستیدا هۆی سەرەکی ئارەزووی ئەو خێزانانەی دەیانەوێت منداڵەکانیان وا بێت دەگەڕێتەوە بۆ هۆکانی ڕاگەیاندن کە منداڵی ئازاو چاونەترس و زمان درێژو هار پیشا دەدەن.

ئەو منداڵەیە کە یاریو گاڵتەی زۆر لەگەڵ گەورەدا دەکات بە شێوەیەك هاریەکەی دەردەکەوێت و ڕێزی گەورە ناگرێت زۆرجار بەرامبەر دەوستێت و ئەوەی پێویستە نایکات بەڵام ناگاتە ئەوەی یاخی بێت و ڕابکات شتێکی ئاساییە لای ئەم منداڵانە یەکسەر ئیشێکی پێ بدەیت نایکات تاوەکو تۆزی لێدوان و قرە قری لەسەر نەکات بۆ ئەوەی خۆی دەربخات و گەورە تورەو نارەحەت دەکات بەتایبەتی ئەوانەی نایناسن.

هاری منداڵ هۆکەی دەرەوەی ماڵ نییە هەروەها وا ناگەیەنێت کە باوك و دایکی ناتوانن باش پەروەردەی بکەن لەوانەیە باوك و دایك زۆر هێمن و لەسەرخۆین کەچی منداڵەکەیانم هاروهاجە لەدانەشە بادك و دایك لەدڵەوە حەز بکەن هاروهاج و ئازابن لەبەر ئەوەی ناتوانن ناچار منداڵەکەیان بەزەردەخەنە یان بە چەند وشەیەك هانی دەدەن بەردەوام بێت لەسەر ئەم ڕەوشتە دایك و باوکی ڕاستکۆو ئازا دەبنە نمونە بۆ منداڵەکەیان شتێکی سەیر نییە منداڵەکەشیان وا دەرچێت بەڵام مەرجیش نییە هەموو منداڵێکی دایك و باوك ڕاستکۆ ڕوو هەڵماڵراوو هاربێت چونکە لەوانەیە ڕەخنەو توانج قبوڵ نەکات ئەگەر دایکێك ویستی منداڵەکەی ڕاستکوو ڕووهەڵماڵراو بێت ئەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکات منداڵەکەی ج ڕەخنەو قسەیەکی ئاراستە دەکات و بزانێت چۆن وەڵامی دەداتەوە بەڵام ئەگەر دایکەکە ببینێت ڕاستگۆیی‌و ئازایەتی بەهۆی تورە بوون و نیگەرانیەتیەتی پێویستە بەمنداڵەکە بڵێت کە هەست بە ئازارو تەریق بوونەوە دەکات کە قسە بە یەکێك دەڵێت لەبەر چاوی خەڵك دا ئەمە وا دەکات منداڵەکە هاروهاجیەکەی کەم بکاتەوە ئەگەر باوکێك بیەوێت منداڵەکەی هارو ئازاو ڕووهەڵماڵراو بێت ئەبێت چاوەڕوانی هەموو گیروگرفتێك بکات کە تووش دێت لە هەمان کات دا پێویستە باوکەکە دەستی بەسەر منداڵەکەیدا زاڵ بێت ئەبێت دایك و باوك باش بزانن کە ئازایی‌و ڕووهەڵماڵراو مانای زیاتر باوەڕ بەخۆبوونی ناکە یەنێت هەروەها ڕەوشت بەرزی‌و هێمنی مانای نەمانی باوەڕ بەخۆبوون ناکەیەنێت ئەگەرهاتوو دایکێك باوەری وا بێت کە مرۆڤ نابێت •

ڕۆر ڕاستگۆبێت لەقسەو هەستیدا زیاد لە پێویست بەڵکو پێویستە ئاگاداری چوار دەرویش بکات پێویستە ئەمە بەهەموو هێزو باوەڕیکیەوە ئاشکرا بکات ئەو منداڵەی کە جیاوازی دەکات لە نێوان ئەوەی کە دەبێتە هۆی بێزار بوون و ئەو ڕەوشتەی کە دانی‌خێری پیادەنرێت ئەو منداڵەی کە دەزانێت چی پێویستە بیڵێو چی پێویستە نی‌یە نەیڵێ ئەو منداڵە دەتوانێت پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیو دۆستایەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو دابنێت و دڵخوشتر دەبێت لەو منداڵەی کەڕاستگۆیەو چی لە دڵدایە دەیڵێت هەروەها ئەو منداڵە کە خەڵکی بەهاروهاجی دادەنێت ئەگەر دایك توانی تەنها ڕاستگۆیی منداڵ و ڕووهەڵماڵراوی لە سنووری ماڵ و لەبەردەم خێزانەکەیدا بیەستێتەوە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیەو پێویستە بزانێت ئە مەوا ناگەیەنێت کە منداڵەکە ڕێزی ناگرێت چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان ڕێزو ئەو شتەی کە منداڵ هەستی پێدەکات و بیری لێدەکاتەوە.

Institut Kurde de Paris

وتەکەی سەردکی فەرماندە- پاشماوە

بارێکی دەروونی و فیکری بۆ ئەم سەربازەو.. کە لەو باوەڕەدایێ کە خراپە لە عێراق و نەتەوەی عەرەب هەموو دوور دەخاتەوە کە تەقە لە نیشانە دوژمنەکە بکا

ئەمەی خوارەوەیش دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرماندەیە:

ماشەللا.. ژمارەی مووچەخۆرانی وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن زۆرە و لەویش زۆرترە کە بە خەیاڵان دەهات.. چونکە لامان وابوو ژمارەیان کەمترە

سڵاومان بگەیەنن بەو برادەرانەتان کە نەهاتوون لە بەر ئەوەی هەندێ ئەرکیان بەسەردا درابێ یا لەبەر هەر هۆیەکیتر.

لام وایە هەست بەرێزی سەرکردایەتی دەکەن بۆتان بەهەموو درێژەی ئەو مامەڵە ڕۆژانەیەی کە مامەڵەی پێ دەکەن.. چ ڕاستەوخۆ بەهۆی ئەوانەوە کە بەرپرسیارن یا بە هۆی نوێنەرەکانتانەوە.. ئەم ڕێزەمیش واتە ڕێزی سەرکردایەتی بۆتان لە سەر تێروانینێکی خۆڕایی نەوەستاوە بەڵکو پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەیەکی مەنتیقی وزانستیی دەوری نیشتمانپەروەرانەتان لەم قۆناغە ناسکەی ژیانی عێراقدا.

ڕاگەیاندن. بە نیسبەت ئێمەو ئەوانیش کە کاری تیادەکەن کە هەمان بۆچوونیان هەیە، بریتی نیە لە پڕوپاگەندە کردن بەڵکو بریتیە لە دەرخستنی ڕاستی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بریتیە لە حاڵەتی خوڵقاندنی بارودۆخێکی شیاوی وا کە کارێکی وا بکا هۆکارەکانی هێز لە بواری ڕاگەیاندندا بتوانن دەوری کاریگەری ڕاستی خۆیان بگێڕن لە ژیاندا بە مەبەستی ئەو ئەرکانەی کە دەسنیشان کراون بۆ کەرتی ڕاگەیاندن.. ئایا وا نیە؟

بەڵام ڕاگەیاندن بە نیسبەت دوژمنەکەتانەوە.. ئەوان هەمیشە سەرزەنشتی ڕاگەیەنەرەکان دەکەن..

زۆر جار دەخوێنینەوە یا دەبیسین کە کاربەدەستانی ئێران سەرزەنشتی ڕاگەیەنەرەکان دەکەن و پێیان دەڵێن ئێوە ئەرکەکانتان بەوجۆرە ڕانا‌پەڕێنن کە پێویستە.. لایان وایە ئەرکی ڕاگەیێنەر ئەوەیە کە درۆ بکا لەگەڵ گەلدا وەك چۆن ئەوان درۆ لەگەڵ گەل دەکەن.. بەڵام لە ڕاستیدا ئەرکی ڕاگەیێن ئەمە نیە.

ئەرکی ڕاگەیێن ئەوەیە کە دەتوانێ ڕاستی بخاتە سەر کورسیەك کە تا ڕادەیەك بەرز بێ بە جۆرێ کە دوورترین کەس کە ئێستا لێرەدا یا لە دەرەوەی ئەم هۆڵەدا ڕاوەستابێ ببیبینێو.. دەتوانێ بە جۆرێ شکڵەکە دانێ بە شێوەیەکی وا لە هەر سووچێکەوە سەیری بکا هاووڵاتی بە تەواوی ببیبێنێ لە هەموو ڕوانگەکانی ترەوە وەکو ئەوەی کە لە هەموو لایەکەو سەیری بکا نەك هەر لە یەك لاوە.

کەوایە مەرجی سەرەکی پیاوی ڕاگەیێن چیە.. مەرجی یەکەم ئەوەیە کە باوەڕی بە مەسەلەکەی ببێو کارەکەی خۆی خۆش بوێ.

مەرجی دووهەمیش ئەوەیە کە ڕۆشنبیریەکی گشتیی وای هەبێ کە وردە کاروباری ژیانی پێ ببا بەڕێوە بە شێوەیەکی ڕاست لە پایەی شارەزاییەوە.

مەرجی سێیەمیش ئەوەیە کە تەفاعولێکی ئادمیزادانەی ڕاست ڕووبدا لە پێوەندیی ڕۆژانەی ئیش و کاری ئیداریدا لە نێوان بەرزو نزمی ناو کەرتی ڕاگەیاندن خۆیو کەرتی ڕاگەیاندن و کاروبارەکانی گەلدا کە داوا دەکرێ ڕاگەیاندن بیانگەیەنێو بە ڕێگای ڕاستدا بیانبا وەك دەسنیشانمان کرد.

سوپاس بۆخوا ئەمە هەیە.. ئاشکرایشە ناتوانین بڵێن بەو ڕادەیە هەیە کە ئاواتمانەو ئاواتتانە.. چونکە تێروانینمان لە کاردا لە سەر ئەوە بنیات نراوە کە هەر بەهایەك پێی بگەین لە کاردا بە دوا لووتەکەی دانانێین بەڵکو بەشێکە لە حاڵەتێکی باڵاتر کە پێویستە بیگەینێ و بەم جۆرە بەرەو ژوور بێ کۆتایی بە ڕێگای پێشکەوتن و داهێنان و کاری بەرهەمهێنی خوڵقێنەردا. بەڵام لە پایەی سەرکردایەتییەوە شادمانین بە ئیش و کارتان.. کاتێکیش کە وەك هاووڵاتییەکی عێراقی سەیری خۆمان دەکەین ئێمەش شادمانین بە کارەکەتان.

تێروانینی هاوڕێ لطیف نصیف جاسم یا تێروانینمان بۆی نەگۆڕاوە لە بەر ئەوەی بوەتە ئەندامی سەرکردایەتی بە ڕادەی ئەرکی تازەی سەرکردایەتییانەی نەبێ.

بەڵام کاتێ کە ئێمە پاڵاوتمان بۆ ئەوەی ببێ بە وەزیرتان بەو جۆرە پاڵاوتمان کە تێکۆشەرێکی لەم پایە تازەوە ڕەفتار دەکا بەم بەرپرسیاریەیە. بۆ ئەوەیش گرنگیی پایەتانتان بێنمەوە یاد نەك بە پێی تێراوانینی پچڕاوی فەرمانبەرایەتی وەك ئەوەی فلان ملاحظ بێو ئەوی تر کاتب و سێهەم نووسەرو چوارەم هونەرمەند.. هتد بەڵکو دەمەوێ لایەك لەو بابەتانە بێنمەوە یاد کە پێوەندی بە دەوری مێژوو بیتانەوە هەیە تا لە مێشکتان ون نەبێ کاتێ کە ئەرکتان جێبەجێ دەکەن.

ئەرکی سەرشانی هەموومان لە صدام حسین موە بیگرە تا هەر عێراقییەك لە هەر کونجێکی عێراقدا بێ یا لە بەرەدا ئەوەیە وا بکەین لە سەرباز کاتێ کە چاوی لە چەکەکەیەوە بەرەو دوژمن ڕاکێشێ دوژمن بکوژێ کاتێ کە بیەوێ عێراق داگیرکا.. ئا ئەمەیە بە کورتی.. واتە ئێمە هەموومان چۆن وا دەکەین لە سەرباز لە سەنگەری پێشەوەدا.. نەهێڵێ دوژمن عێراق داگیرکا.

هەندێ جار مەشق بە سەربازەکان دەکەن و لە ماوەیەکی دیاری کراودا هەرایان پێ دەکەن و نزیکیان دەکەنەوە لە هەندێ نیشانەی دانراوو ئەنجا بە سەربازەکە دەڵێن تەقە بکە لە نیشانەکان. کاتێ کە ماندوو دەبێ پاش هەڵاکردن و چونکە تفەنگ یا هەر جۆرە چەکێکی تر بۆ ئەوەی دوژمن ببێکی پێویستت بە ئارامییەکی دەروونیو لەشی هەیە.. هەندێ جار هەندێکیان ئەگەر زۆر ماندووبن پاش ئاگرنە نیشانەکەو ئەگەر لەوە پێشیش ئەم جۆرە مەشقەی نەکردبێ.

دەوری ئێمە ئەوەیە وا بکەین لە سەرباز کاتێ کە نیشانەیەکی دوژمن لە کاتی شەڕدا لە بەردەمیا پەیدابێو تەقەی لێ بکا ببینێ.

ڕاگەیاندن دەوریکی سەرەکی دەگێڕێ لەوەدا کە کارێکی وا بکا سەرباز نیشانە ببێکێ بە هۆی ئارامیی ئەم سەربازەوە لە دەروون و بیرداو بە هۆی باوەڕیەوە بەوەی کە تەقەکردن لە نیشانەکەی دوژمن بە گورجی خراپەی پێ دووردەخاتەوەو پێکانی دەبێتە هۆی پاڵ پێوەنانی خراپە لە هەمووی عێراق و بەڵکو لە هەمووی نەتەوەی عەرەب.

لە ڕاگەیاندنیشدا.. کاتێ کە یەکێکتان وێنەیەك و یەکێکیتر هەڵبەستێك و سنەهەمێك شتێ داتاشێو چوارەم وتارێ بنووسێو پێنجەم کتێبێ بنووسێ ئەمە هەمووی دەورێکی سەرەکی نزیك دەبینێ لە دەوری سەرکردایەتی سیاسییەوە بۆ ئەوەی سەرباز ئارام بێ لە بیرو دەروونداتا نیشانەکە ببێکێ.

کە وابوو ئەمەیە ئەرکتان لە چوارچێوەی تێروانینی مێژوویدا بۆ کاروبارو.. کاتێ کە هەریەکێ لە شێوەی ئەوەی بێتەوە یاد کە ئەرکی ئەوەیە دەستی بخاتە سەر دەستی سەرباز لە بەرەداو بە جۆرێکی وا بیگوشێ تا دەروون و لەشی ئارام ببێو پێکەوە دەست بە پەلەپێتکەکەدا بنێ تا دوژمن ببێکێ پێویستە لە سەری بەرزبێتەوە لە بەرپرسیاریدا لە تێروانینن و ڕەوشتی ڕۆژانەدا بەم ڕادەی دەسنیشانکردنەی کە دیاریمان کرد.. لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە ئەرکتان لە هەموو ئەو چالاکییانەدا کە دەیکەن.

من دڵنیام ئێوە ئەم ئەرکە نیشتمانییە شەرافەتمەندە جێ بەجێ دەکەن.

سڵاوم بگەیەنن بە هەموو ئەوانەی کە لە ڕاگەیاندن و شانۆو سینەماو ئێستگەو تەلەفزیۆن و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان.

شایانی باسە کە لە پێشوازی کردن و بەڕێ خستنی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دا لە کاتی سەردانی جەنابیا لە وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن بە ڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن ئامادەبوو.

شەهید - پاشماوە

گەشەی شەهید لەم پێناوەدا مانشێتی سەرکەوتن و پاراستنی خاکی پیرۆزی نیشتمانی پێ تۆمار کردووە، وون نەبووەو وون نابێت و لە ئاسۆی سەرفرازیی نیشتمان و لە ئاڵا شەکاوە بڵندەکەی عیراق دا پاریزراوەو دەشپاریزرێت.

یەکی کانوونی یەکەم کە ڕۆژی شەهیدی عیراقە، ئەو ڕۆژە بەشکۆیە عیراقییەکان تێیدا لەبەر باڵای بەرزی شەهیددا سەری ڕێزو وەفاداری دادەنەوێنن و بەوپەڕی ڕێزەوە هەندێك لەو وەفادارییە دەدەنەوە بە شەهید کە ئە ستۆیاندایە.

بە هەشتی ڕەنگینی یەزدان جێی شەهیدان بێت و، پەیمانیش لە هەموو عیراقییەکانەوە بۆ شەهیدان دووبارە دەکەینەوە کە شوێنیان لەناو دڵ و گیانماندایەو هەردەم لەو شوێنە پڕ وەفایەدا دەیانپارێزین کە ناوی نەمرییان تێدا بۆ خۆ هەڵبژاردووە.

● هاوکاری ●

هەڵو - پاشماوە

ئەرکی جەنگیو پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەمیش هێرشیان کردووەتە سەر ئامانجێکی دەربایی‌ی نزیك بە کەنارەکانی ئێران و پیکاویانەو بە ساغ و سەلامەتی گەڕاونەتەوە خاکی نیشتمان.

لە کەرتی ناوەڕاستیش هێزمکانی فەیلەقی دوو هێرشێکی سەرکەوتوویان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و زیانێکی باشیان لێ داو بەساغی گەڕانەوە بنکەکانیان و حەوت سەنگەری پیادەیان وێران کردووەو یەکێك لە دوژمنیان پێکاوەو کۆمەڵێکی تەقەمەنییان گڕ تێ بەرداوە.

لە کەرتی ڕۆژهەڵاتی بەسرەیش هێزەکانمان سەنگەرەکانی دوژمنیان داوەتە بەر تۆپخانەو هاوەن و سەربازێکی دوژمنیان کوشتووەو دوو سەنگەری پیادەیان تێك داوەو ڕەشاشێك و کۆمەڵێك تەقەمەنییان سووتاندووە.

هێزمکانی خومەینی‌ی جادووگەر شاری بەسرەو قورنەو مەندەڵو خانەقین و بیارەیان بەر تۆپی دوورمەودا داوەو چەند زیانێکیان بەو شوێنانە گەیاندووە.

وتەی - پاشماوە

هەرشوێنێکی تریش بۆ نەوت ناردن ئامادە بکەن حاڵی لە حاڵی لاراك و سریو لافان و خەرج باشتر نابێ گەر خراپتر نەبێ..

ئێمە لە کاتێك دا هەواڵی لەناوبردنی لاراك ڕادەگەیەنین دەمانەوێ جارێکیتر بەهەموو جیهانی ڕابگەیەنین کە ئەو ماڵوێرانیەی بەسەر ئێران دا هاتوەو ئەو ئابوورییە نالەبارەش کە تێی‌کەوتوە بەهۆی لێدانی دەزگاپیشەسازی‌و ئابوورییەکانیەوە لەلایەن هەڵۆکانمانەوە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەوجیەتی‌و نەفامی ڕژێمەکە کە مل بۆ ئاشتی نانێو لەسەر دەستدرێژی خۆی بۆسەر خاکی خۆشەویستمان هەربەردەوامە.. ئێمەش بۆ ئەوەی ئەو توانا دارایی‌یەی لەدەست بکەینەوە کە بە هۆیەوە درێژە بەجەنگ دەدا ئێستاو لەمەدوا لەسەر لێدان و لە ناوبردنی هەموو ناوچەیەکی نەوتی‌و دەزگایەکی ئابووری کارگە پیشەسازیەکانی ئێران بەردەوام دەبین و تا مل بەرژێم بۆ ئاشتی کەچ نەکەین دەست لەم کارە هەڵناگرین و ئۆبالی خۆیان بە ئەستۆی خۆیان.

چاتاڵ - پاشماوە

کتێبە مێژوویەکان و بیروڕای مێژوو نووسان: کە ژیانی مرۆڤ بە سەرهتایی لە قەڵەم دەدەن، لە ڕۆژگارەکانی بەر لە (چەرمۆ)ی کوردستان و (ئەریحا)ی فەلەستین، واتە ٧٠٠٠ ـ ٨٠٠٠ ساڵ بەر لە زاین.

بە ئەمەیشدا ڕاستیەکی گرنگ بەدەر دێخێت، کە مرۆڤ ژیانی‌ی لە چەرخی «چەرمۆ»، «ئەریحا»و «چاتاڵ» بەرایی‌یان سەرەتایی نەبووە، بەڵکوە ژیانێکی پڕ لە گەشەکردندا بووەو نیشانەکان ژیاری پێشکەوتووی، تێدا بەدەر ئەکەوت... «لەوانەیە ژیان لە هەرێمە هاو چەرخەکانی ژیاری «چاتاڵ» بەرایی بێت.. وەك «چەرمۆو «ئەریحا» بەڵام وەکو گوتمان: لە چاتاڵ ژیان پێشکەوتوو بووە.

هەڵکەوتی «چاتاڵ وجوگرافیای:ـ

کۆنەواری چاتاڵ دەکەوێتە ناوەڕاستی «تورکیا»ی ئێستا، واتە هەرێمی ئەنادۆڵ یا بە واتایەکی تر: دەکەوێتە ناوچەی دەشتی قۆنیای بە پێت و پێز کە ٣٢٠ کم لە ئەنکارەی پایتەخت دوورەو بە ئاوو هەوایەکی سارد سەقەم و کیشوەریانە ناودارە، بەرزایی ناوچەکەشت لە ئاست ی دەریا ١٠٠٠ مەترە.

وەبە پشکنینی (ڕادیۆ کاربۆنی) ئاشکرابووە کە چەرخی ژیان لە چاتاڵدا لە نێوان ساڵەکانی ٥٤٠٠ ـ ٦٢٥٠ پ.ز بووە وەهەروا بە هۆی پشکنینی ڕەگی دارەکانی ناوچەکە، گەشە کردنی‌ی لە ساڵەکانی بەر لە ٧٢٠٠ ـ ٧١٠٠ ی زایین بووە! ئەمەش بەڵگەیە کە چاتاڵ بەر سۆمەر هاتووە بە دووهەزار ساڵێك، بێ ئەوەی لە ڕووی گەشەکردندا کەمتر بێ لێی‌و لەهی میسر.

کۆنەشارەکەش بریتی‌یە لە دوو گرد، کە یەکێك لە چۆمەکانی ڕووباری (چاراکامبا)؟ جوێیان دەکاتەوە لە یەکتر... ڕووبەری گردی ڕۆژاواکە «١٥» هیکتارەو ئەوەی تریان «١٣» هیکتارە .... وەکاری پشکنین وڤەکۆڵین تەنها لە سەر ئی بچووکە کەیە.. وەبەرادەی (ڕێژەی ٣٠/١ی کۆنەوارەکە).

بەگشتی ڕووبەری کۆنەوارەکە (شارەکە) ٢٨ هیکتارەو دانیشتوانی شارەکە ـ بەگوێرەی گۆترەی زانیان ـ چواردە هەزار کەس بووە!... بەمەیش لە دانیشتوانی شارۆکەی ئەریحای هاوچەرخی زیاتر بووە بە چوار جارو نیوێك.(*)

«ئاواکاری‌ی شارەکە»

لەم ڕووەوە.. ئەو شتەی کە سەرنجی مرۆڤ ڕانەکێشێت ئەوەیە کە شارەکە شارێو شەقامی نەبووەو خانووەکان زۆر لە یەکتر نزیك بوون ـ هەندێ جاریش دیواری خانووەکان بەتەواوی بەیەکەوەلکابوون وە شێوەی تاخەکانی «گەرەك» شار هەر بە شانە (خلێف)ی مێش هەنگوین ئەچوون.

سەیرتر لەمەش: خانووەکان بێ دەرگاو گوزەر بوون و چووە‌ڕووەوە گوزەرین بە هۆی پەیژەی گوێزراوە بوو کە لە دار دروست دەکرا... ئەم دیاردەیەش مەبەست لێی خۆپاراستن بوو لە دزەندەو هێرش لە پڕیان بۆ شارەکەیان: خۆپاراستن لە دزو جەردەکان.

چاتاڵیەکان بۆ ئاوەدا نکردنی شارەکەیان قوڕی سووڕکراوی ناو ئاگریان ـ واتە «خشت» یا «کەرپوچ» بەکار دەهێنا.

ـ ئەمەش بەڵگەیەکی گەشەکردنە، چونکە سۆمەری‌و میسریەکان هەمان کەرستەیان بەکار هێناوە بۆ ئاوا کاری‌ی.

ئەندازەی خانوە کانیش (بەگشتی) لە هۆڵێکی سەرەکی‌و فرەوان (ڕووبەری نزیکە ٦ × ٤م ئەبوو) بڕ لە (هۆڵ)یش دیسان ستەرکی (کۆکردنی دانەوێڵەو پێویستیەکانی‌ماڵ)، پێك دەهات.

«ماڵداری»

بۆ خەوتن چاتاڵیەکانی تەخت (سیسەم)یان بەکار دەهێناو، لە سەری دەنووستن و تایبەتیش بوو بۆ دایك و باوك، ئەگەر بزانین کە تەختی نووستنەکە دووان بوون، گەورەکەیان بۆژن (دایك)و بچوکەکەشی بۆ مێرد (باوك) بوو!.. ئەم تەختانەش بە نوێنی لە نەمەد (لباد) دروست کراو، ڕاپۆش دەکرا... وەگۆڕەپانی هۆڵی ماڵەوە بە حەسیر ڕاپۆکش دەکرا...

بۆ ئاشپەزخانەش: پێکهاتبوو لە گۆڕکێك (فورنێك) کە بە هۆیەوە ئاشیان ئامادە ئەکرد.. وە ئەردی ژووری ئاشپەزخانە بەشدەکرا بۆ چەند یاخود کۆمەڵە چاڵێکی بچووك کە هێزوباری پاژنی لە ناویاندا دادەنرا و دەپاریزرا؟!

خۆراکی باووباڵاوی چاتاڵیەکان، گۆشتی مانگا بوو، بژەویش نانی گەنم و باقڵەمەنی وەك فاسۆلیاو.. بازەڵو.. هتد.. و سەوزەمەنی زۆر دەخورا لە ژەمەکانیان.. هەروەها خەڵکە کە ڕۆنی ڕوەك بەتایبەتی ڕۆنی عەرعەر خەردەلیان لە چێشت لێناندا بەکار دەهێنا.

بۆ خانووەکانیان سولاوکەی ئاویان هەڵواسی بوو پێیان، بۆ نە هێڵانی پونگرانی ئاوی باران لەسەر بانووی‌خانووەکە.. ئەمەش لایەك لە هۆشیاریی خەڵکەکە لە ڕووی تەندروستیەوە دەردەخات.

وەبۆ دەردانی دووکەڵی پەیدابوو لە ئەنجامی داگیرساندنی گۆڕك و ئاگردانی ژوورەکانی ماڵ.. کولانگی (کلاوروشنە)ی دوکەڵیان لە سەر بانووی خانووەکان چەقاندبوو!

وە لە بارەی مردن و نەریتی (ناشتن)ەوە، خەڵکەکە یا خود کۆمەڵی (چاتاڵ) گۆڕستانیان نەزانیبوو، وەگەر کەسێکیان بمردایە، ئەوا لاشەکەیان (لە دوور شار فڕێ ئەدایە بەر دەمی «خەردال»و «سیسارکە» گۆشتخۆرەکان تا ئێسقانەکانی مردوویان ڕووت ئەکردەوە لە گۆشتەکەیان، پاش ئەم هەتك پێ کردنە، خاوەنی «لاشەکە ئێسقانەکانی بەپاکی کۆ ئەکردەوەو لەژێر تەختەکانی ماڵیان وە وەبەقوڵایی ١,٥ ـ ١,٨م دەینا شتنەوە!! مەبەستیش «لەم دیاردەیە سەیرو نەریتە ئەنتیکەیە» پاراستنی تەندروستی خەڵکەکە بووە تەنها !؟

«گوزەرانی‌ی»

کشتوکاڵ لە هەرێمی چاتاڵدا بەفرەوانی‌و لێزانینی‌یەوە دەکراو دوژمن لە کاتی شەڕدا لە بەردەمیا پەیدابێو تەقەی لێ بکا ببینێ.

ڕاگەیاندن دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لەوەدا کە کارێکی وا بکا سەرباز نیشانە ببێکێ بە هۆی ئارامی‌ی ئەم سەربازەوە لە دەروون و بیرداو بە هۆی باوەڕیەوە بەوەی کە تەقەکردن لە نیشانەکەی دوژمن بە گورجی خراپەی پێ دووردەخاتەوەو پێکانی دەبێتە هۆی پاڵ پێوەنانی خراپە لە هەمووی عێراق و بەڵکو لە هەمووی نەتەوەی عەرەب.

لە ڕاگەیاندنیشدا.. کاتێ کە یەکێکتان وێنەیەك و یەکێکیتر هەڵبەستێك و سنەهەمێك شتێ داتاشێو چوارەم وتارێ بنووسێو پێنجەم کتێبێ بنووسێ ئەمە هەمووی دەورێکی سەرەکی نزیك دەبینێ لە دەوری سەرکردایەتی سیاسییەوە بۆ ئەوەی سەرباز ئارام بێ لە بیرو دەروونداتا نیشانەکە ببێکێ.

کە وابوو ئەمەیە ئەرکتان لە چوارچێوەی تێروانینی مێژوویدا بۆ کاروبارو.. کاتێ کە هەریەکێ لە شێوەی ئەوەی بێتەوە یاد کە ئەرکی ئەوەیە دەستی بخاتە سەر دەستی سەرباز لە بەرەداو بە جۆرێکی وا بیگوشێ تا دەروون و لەشی ئارام ببێو پێکەوە دەست بە پەلەپێتکەکەدا بنێ تا دوژمن ببێکێ پێویستە لە سەری بەرزبێتەوە لە بەرپرسیاریدا لە تێروانینن و ڕەوشتی ڕۆژانەدا بەم ڕادەی دەسنیشانکردنەی کە دیاریمان کرد.. لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە ئەرکتان لە هەموو ئەو چالاکییانەدا کە دەیکەن.

من دڵنیام ئێوە ئەم ئەرکە نیشتمانییە شەرافەتمەندە جێ بەجێ دەکەن.

سڵاوم بگەیەنن بە هەموو ئەوانەی کە لە ڕاگەیاندن و شانۆو سینەماو ئێستگەو تەلەفزیۆن و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان.

شایانی باسە کە لە پێشوازی کردن و بەڕێ خستنی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دا لە کاتی سەردانی جەنابیا لە وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن بە ڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن ئامادەبوو.

چاتاڵ - پاشماوە

کتێبە مێژوویەکان و بیروڕای مێژوو نووسان: کە ژیانی مرۆڤ بە سەرەتایی لە قەڵەم دەدەن، لە ڕۆژگارەکانی بەر لە (چەرمۆ)ی کوردستان و (ئەریحا)ی فەلەستین، واتە ٧٠٠٠ ـ ٨٠٠٠ ساڵ بەر لە زاین.

بە ئەمەیشدا ڕاستیەکی گرنگ بەدەر دێخێت، کە مرۆڤ ژیانی‌ی لە چەرخی «چەرمۆ»، «ئەریحا»و «چاتاڵ» بەرایی‌یان سەرەتایی نەبووە، بەڵکوە ژیانێکی پڕ لە گەشەکردندا بووەو نیشانەکان ژیاری پێشکەوتووی، تێدا بەدەر ئەکەوت... «لەوانەیە ژیان لە هەرێمە هاو چەرخەکانی ژیاری «چاتاڵ» بەرایی بێت.. وەك «چەرمۆو «ئەریحا» بەڵام وەکو گوتمان: لە چاتاڵ ژیان پێشکەوتوو بووە.

هەڵکەوتی «چاتاڵ وجوگرافیای:ـ

کۆنەواری چاتاڵ دەکەوێتە ناوەڕاستی «تورکیا»ی ئێستا، واتە هەرێمی ئەنادۆڵ یا بە واتایەکی تر: دەکەوێتە ناوچەی دەشتی قۆنیای بە پێت و پێز کە ٣٢٠ کم لە ئەنکارەی پایتەخت دوورەو بە ئاوو هەوایەکی سارد سەقەم و کیشوەریانە ناودارە، بەرزایی ناوچەکەشت لە ئاست ی دەریا ١٠٠٠ مەترە.

وەبە پشکنینی (ڕادیۆ کاربۆنی) ئاشکرابووە کە چەرخی ژیان لە چاتاڵدا لە نێوان ساڵەکانی ٥٤٠٠ ـ ٦٢٥٠ پ.ز بووە وەهەروا بە هۆی پشکنینی ڕەگی دارەکانی ناوچەکە، گەشە کردنی‌ی لە ساڵەکانی بەر لە ٧٢٠٠ ـ ٧١٠٠ ی زایین بووە! ئەمەش بەڵگەیە کە چاتاڵ بەر سۆمەر هاتووە بە دووهەزار ساڵێك، بێ ئەوەی لە ڕووی گەشەکردندا کەمتر بێ لێی‌و لەهی میسر.

کۆنەشارەکەش بریتی‌یە لە دوو گرد، کە یەکێك لە چۆمەکانی ڕووباری (چاراکامبا)؟ جوێیان دەکاتەوە لە یەکتر... ڕووبەری گردی ڕۆژاواکە «١٥» هیکتارەو ئەوەی تریان «١٣» هیکتارە .... وەکاری پشکنین وڤەکۆڵین تەنها لە سەر ئی بچووکە کەیە.. وەبەرادەی (ڕێژەی ٣٠/١ی کۆنەوارەکە).

بەگشتی ڕووبەری کۆنەوارەکە (شارەکە) ٢٨ هیکتارەو دانیشتوانی شارەکە ـ بەگوێرەی گۆترەی زانیان ـ چواردە هەزار کەس بووە!... بەمەیش لە دانیشتوانی شارۆکەی ئەریحای هاوچەرخی زیاتر بووە بە چوار جارو نیوێك.(*)

«ئاواکاری‌ی شارەکە»

لەم ڕووەوە.. ئەو شتەی کە سەرنجی مرۆڤ ڕانەکێشێت ئەوەیە کە شارەکە شارێو شەقامی نەبووەو خانووەکان زۆر لە یەکتر نزیك بوون ـ هەندێ جاریش دیواری خانووەکان بەتەواوی بەیەکەوەلکابوون وە شێوەی تاخەکانی «گەرەك» شار هەر بە شانە (خلێف)ی مێش هەنگوین ئەچوون.

ومئاشکرایە کە ئەم دەردە بە هۆی مێشوولە مەلاریا بڵاو دەبێتەوە.. کە لە هەر یەکێکی ساردو چاییگی وەك چاتاڵ دا ناژیت!

لەکۆتایدا لەوانەیە.. ئەم پرسیارەمان لە زەین دا بێتە دی.. ئاخۆ بوکوێ کۆچ و مشەختیان کر دووە!؟

ئەوەی ئاشکراشە کە مێژووی ئەم کۆ چکردنە لە ساڵی ٥٤٠٠ی پێش زاینە.. بەڵام بو کوێ؟ ئایا دەبێت لە وەڵاتی دووزێ (مسیۆپۆتامیا ـ عیراق) ی بەپێت وپێز، ڕەشماڵی ژیاریکی نوێیان هەڵچەقاندبێت.. کە بەسۆمەر.. ناودارە؟ ئایا ئەمانەن سۆلان و باپیرە نادیارەکانی سۆمەریەکانن یا خود نا....؟!

پەراوێز..

١ ـ ٢ = «مێژووەی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد..ل(٨)

٣ ـ کۆنەواری قەڵای (چەرمۆ) دەکەوێتە نێوەند چەمچەماڵ و سلێمانی.. کۆنترین دێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نموونەی دێی کشتوکاڵی کۆنە...

کاری هەڵکۆڵین و پشکنینی دێیەکە بە بەردەوامی بەرهەمەکەی ئاشکرا بوونی شازدە چینی دانیشتن و لێ ژیان بوو..

بڕوانە: العراق في التاريخ لا: ٥٣ و لمحه عن الاكراد لا:٩.

٤ ـ مێژووی ئاوەدا نکردنەوە «ئەریحا» بۆ ٤ هەزار ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە، ئاشکراشە کەنعانیەکا ـ ڕەگەزێکی سامی کۆنن ـ یەکەم کەس بوون کە نیشتەجێی بوونە.

کۆنەواری شارەکە دەکەوێتە ڕەخ ڕووباری ئەردەن و مێژووی کۆنی بەهۆی ئەو کەرەستەو ئامێرە کۆنانە ڕوونە کە بۆ هەمان ڕۆژگاری چەرمۆ ـ ٨٠٠٠ سال پێش زاین ـ دەگەڕێتەوە.. [بڕاوانە ـ العرب واليهود في التاريخ الملخص.. تقديم جعفر الخليلي» ـ بغداد].

٥ ـ دانیشتوانی شاری ئەریحا لە ڕۆژگاری ٨٠٠٠ ـ ٧٠٠٠ پ.ز نزیکەی ٣٠٠٠ کەس بوو.

٦ ـ خلێف: شانەی هەنگ

٧ ـ پەرستن و پیرۆز کردن (تقدیس)ی ئافرەت لە لایەن گەلانی سەرەتای مێژووی مرۆڤ، کارێکی باو بوو. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ژن لە کرداری زاوزێو پەیدا کردنی نەوەی نوێ لەم کردارەش یەکێك لە ـ نهێنیە سەیرەکانی ژیان ـ دادەنرێت.

نمونەش بۆ ئەم ڕاستیە زۆرن....

وەك (ئینانا ـ ئینانێ) یا (خاتوونی ئاسمان)ی سۆمەریەکان و ئیشتاری.. ئاشوریەکان و «دایکەخواوەند» «داموزی» یا «دایکی مەزنی»، گەلانی تری هەرێمی کوردستان و وڵاتی دووزێی کۆن.

بڕوانە: دراسات كردية في بلاد سوبراتو.. جمال رشيد احمد لا ١٥.

٨ ـ مالم: کاهن، مرۆڤی ئایینی‌ی.

٩ ـ مێژووی پەیدا بوونی سۆمەریەکان لە وڵاتی دووزێ (عراق) وەرگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری وەرکا «الورکاء» ٣٥٠٠ ـ ٣٠٠٠ پ.ز [بڕوانە: العراق في التاريخ لا:٦٨

Institut kurde de Paris

هەرجارێ نووسینێك

لە بیرەوەری شەهیدانمان دا

گولیزار

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەد بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

یاد کردنەوی ئەو جوامێریو قوربانیەی شەهیدانی هەر گەلێك لە گەلانی جیهان لەرێی پاراستن و سەربەستی و خۆشگوزەرانی وڵاتەکانیان و گەلەکانیان دوایانە کە بە خوێنی ئاڵیان شەرەف و ئازادییان پاراستوە چاکەدانەوەی ئەو مەردایەتی و لە خۆ بووردنەیە کە ئەو شاسوارانە لە کاتی خۆیدا نواندویانە جا ئەگەرچی ئەمە لە دەمێکەوە بۆتە نەریتێك و گشت گەلانی ئازادیخواز لە رۆژی تایبەتی خۆیدا بە ئامەنگ و خۆشیەوە یادی دەکەنەوە بەڵام ئەم یادکردنەوەیە لە وڵاتی ئێمەدا وڵاتی عیراقی خوشەویست لەگەڵ ئەوپەری ڕێزمان بۆ شەهیدانی گشت گەلانی جیهان مانایەکی گەلێ قووڵ و پیروزی لە دەرونی هەموو عیراقیەك دا دروست کردووە.. چونکە جەنگی ئێمە لەگەڵ دوژمنمان دا لەگەڵ دەست درێژکەرانی ئێران دا شێوازێکی تایبەتی هەیە جەنگی ئێمە تەنها بۆ بەرگری کردن لە وڵات واتە لە سەربەخۆیی وڵات نیە بەڵکو بۆ ئەوەیە نەهێڵین زەوت بکرێ بەڵکو بۆ ئەویە ئابرووی گەلەکەمان نەبرێ بەڵکو بۆ ئەوەیە وڵاتمان نەکرێتە هێلانەی پیلانگێڕو کۆنەپەرستان و بزەی جوانی سەرلێوی منداڵانمان نەدزرێ...

شەهیدانمان لە پێناو پاراستنی مانای جوان و قووڵی نیشتمانپەروەریو مرۆڤایەتی دا سینگی خۆیان کرد بە قەڵغان و پەرژینێ نیشتمانیان پاراست.. ئەگەر چی تیری دوژمن پێکانی بەڵام خوێنی گەش و جوانیان خاکی نیشتمانی داشت و بەرەکەیان وا سەدان هەزار لاوی ترە کەدەستەو یەخە دلێرانە ڕووبەڕووی دوژمن لە سەرانسەری سنووری وڵاتمان دا وەستان و ئەو سرودو وشەجوان و پیروزانە دەمارێزن کە شەهیدانمان لە گەرمەی جەنگ دا دەیانوت ئێمسال حەوت ساڵە ڕۆڵەی بەشەرەفی ئەم خاکە بەرگری لە هەموو مانایەکی پیرۆزی مرۆڤایەتی دەکا حەوت ساڵە دژی تاوان و دەستدرێژیو کۆنەپەرستیەتی وەستاوە حەوت ساڵە هاوار دەکا دەڵێ ئەم شەرفرۆشانە فریان بە ئیسلامەوە نیە بەناوی پیرۆزی ئیسلامەوە بیروباوەری دواکەوتوانەی خۆیان بۆ وڵاتانی ئیسلام دەنێرن هاوپەیمانانیان ئەسەدی خائین و قەزافی بەچکە جوولەکە کە هەردوکیان لە سەر هەمان هێلی خومەینی شەرفروش دەرۆن و بی وچان بەهەموو هەوڵ و تەقەلایەکیانەوە ویستیان ڕووی ڕەشی ڕژێمێ ئێران بەندێ دروشمێ بێ ڕێ وجێ بپۆشن و وا لە ڕای گشت جیهان بگەیەنن کە ڕژێمی ئێران ڕژێمێکی پێشکەوتوخوازە لەگەڵ ماف و چارەنووسی گەلی فەلەستین و گەلانی تری ماف لێ زەوتکراودایە لە شەڕ ناگەڕێو شەڕی پێ فرۆشراوە.. هەموو ئەو بەندو بالۆرانە دەرکەوتن چین و کێ لە پشتیەوەن و ڕژێمی ئێران چیەو چۆن بەڕێوە دەبەرێو چۆن چۆنی زایۆنیەت بەناوی قەرزی شا لە سەر (ئیسرائیل)چ یارمەتیەك بە ئێران دەگەیەنێ..

لەگەڵ ئەمەدا کە هۆی ئەم جەنگەی نێوان ئێمەو ڕژێمی خومەینی ڕوون و ئاشکرایەو ئاشکراشە کە چۆن پشتی گیراوەو زۆربەی کۆنەپەرستانی جیهان یاریدەی دەدەن و گشت پێداو یستێکی چەك و جەنگی بۆ ئامادە دەکەن لە گەڵ ئەمەش دا گەلی عیراق بە پشتیوانی خوای مەزن و بلیمەتی سەرکردە جوامێرەکەی صدام حسین توانیویەتی گشت هەوڵێکی خومەینیەکان پووچەڵ بکاو جلەکاوەرانی دڵسوزی وڵات لەسەر هەمان ڕێو شوێنی شەهیدانی نەمرمان مەردانە وڵاتیان پاراستوەو ئالای پیرۆزمان هەر لەو شەکاوەیی دایەو ڕۆژ بە ڕۆژیش تادێ وڵاتەکەمان و گەلەکەمان پێشکەوتن و بەختەوەری زیاتر بە خۆیەوە دەبینێو دوژمنانیش تادێ زیاتر ماڵ ویرانیو شکستیو دواکەوتوویی دەچێژن و خۆیان و نەخشەکانیان لەسەر ڕووی زەوی دەسڕدرێنەوە...

دوای ئەوەی لقی هەولێر دەستی کردەوە بە پێش کەش کردنی وەرزی ڕۆشنبیری خۆی، چەند کۆڕێکی هەمە ڕەنگی لەم وەرزەدا سازکرد کە ژمارەیەك لە ئەدیب و نووسەران بەشداربوون و گەلێك چالاکی تریش بەدەستەوەیە کە ئەنجام

لە چالاکیەکانی دەزگاکەمان لە هەولێر

«فکرت» ئەوەی دەرخست کە هەرچەندە ئەم یاسایە هەموو لایەنێکی کامڵ نیە، بەڵام نووسەران، ئەدیبان، شاعیران، هونەرمەندان بە بەشداربوونیان لە تێکردنی مادەکانی دەتوانن یاسایەکی کامڵ پێکەوە بنێن.. لە

«مافی داهێنان» لە کۆڕێك دا...

بدرێت..

لەنێوان ئەو کۆرانەدا، دەزگاکەمان میوانداری لە پارێزەر [فکرت عزت] کرد بۆ خوێندنەوەی باسێك دەربارەی [مافی داهێنان لە بەر ڕۆشنایی یاسای عیراقی‌دا]، وەلە سەرەتای کۆڕەکەدا کە لە هۆڵی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەردا سازکرا، مامۆستا [محمود زامدار] بەناوی دەزگاوە ووتەیەکی خوێندەوە کە بایەخی بەردەوام بوونی ئەم چەشنە چالاکیانەی ڕوون کردەوەو ئەخشەی ڕۆشنبیری دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی ڕوون کردەوە لە پێناو پێش کەش - کردنی هەموو پلانێك بۆ خزمەت گەیاندن بە بزووتنەوەی ئەدەب و کەلەپووری کوردی..

ئینجا کاك [فکرت] لە باسێکی تێرو تەسەل پەنجەی بۆ ئەو یاسایە درێژکرد کە بریتیە لە یاسای تایبەتی بۆ پاراستنی مافی داهێنان کە لایەنی ئەدەب و هونەرو زانست و هەموو بوارێك دەگرێتەوە کە داهێنەران لەو بوارانەدا دەتوانن بەرگری ڕاستەوخۆ لە مافی ڕەوای داهێنانی خۆیان بکەن، بەو شێوەیە کە ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ڕاست دەتوانێت ئەم مافە بپارێزێ.. لە هەمان کات «هەروەك کاك فکرت ووتی» سنووریك بۆ ئەو ڕەخنەو ڕەخنەکاریەیە دانەنێت کە بەڵگەی ئەوساکە دەبێتە بەڵگەی یاسایی بۆ پاراستنی ماف و پاك کردنەوەی بواری ئەدەب و هونەر لە تیرو توانجی تایبەتی کە ئەو

یاسایە سنوورێك بۆ ئەم مەسەلەیە دانەنێت...

هەروەها کاك [فکرت]ی پارێزەر، هەموو ئەو سووچ و لایانەی ڕوون کردەوە کە زیان بەداهێنانی ئەدەب و مافی نووسەران دەگەیەنێو ئەو هۆیانەی دەست نیشان کرد کەنووسەران دەتوانن بەهۆیەوە بەرگری لە خۆیان و نووسراوەکانیان بکەن.. لێرەدا کاك هەمان کات، کۆرەکە، دەرگای گفتوگۆیەکی گەرمی لە بەردەم ئامادەبووندا کردەوە کە ژمارەیەك لە نووسەرو شاعیران بەشداربوون، لەوانە، احمد تاقانە، عباس عبدالله یوسف، حسن جاف، صلاح شوان و کۆرەکە نزیکەی [٣] سەعاتی خایاند.

شێرزاد: لقی هەولێر

داوای _____

بەخشین _____

خوێنەرانی (گەشتی ژیانم) لێم ببوورن کە ئالقەی شەشەم ئەمجارەش دواکەوت: بەشی دووەمی (زاراوەی پێوانە) نۆرە بری لێکرد کە دەبوو بە دوا بەشی یەکەمدا نەوەخرێت. ژمارەی ئایندەی (ڕۆشنبیری نوێ)، بەخێر، ئەو ئالقەیەی شەشەمی تێدا دەر دەچێت.

مسعود محمد

تکایەك بۆ نووسەرو خوێنەرانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)

تکا لە نووسەران و خوێنەرانی ڕۆژنامەی (هاوکاری) دەکەین، ئەو نووسین و وتارو لێکۆڵینەوانەی بۆ ئەم ڕۆژنامەیەی ڕەوانە دەکەن، با لەسەر لاپەڕەی هێڵ دار ڕوونووسیان بکەنەوەو هێڵ بەجێبهێڵن و تەنیا یەك دیوی پەڕەکە بنووسن، با نووسینەکانیان شاش بن و بەجوانی بن و بەجوانی نووسرابن و پوخت و کورت بن و درێژەی زۆر بە وتارەکان نەدەن، جگە لەوەی دەبێت لەسەر ڕێبازی ڕێنووسی نوێ نووسرابنەوە، ئەو ڕێبازەی کە (کۆڕی زانیاری‌ی کورد) بریاری لەسەر داوە، هیوامان وایە هەموو لایەکتان هاریکاری لەگەل ڕۆژنامەکەتان دا بکەن و، پێشەکی سوپاسگوزارتانین.

● هارکاری ●

بەرەو کاروانی مرۆڤ

نووسینی: کاروان محمود عبدالرحمن

بە هەموو مرۆڤێك ناوترێت مرۆڤ نابێت هەموویان بە یەك چاو سەیر بکەین، ئەو ئادەمیزادانەی کە لەسەر شەقامەکان دەیان بینین هەموو چۆن بیرکردنەوەیەکیان هەیە کە لەگەڵ جۆرە هەڵسووکەوتی خۆیان دەگونجێت.

هەندێکیشیان هەیە تەنانەت لەگەڵ هەست و بیری خۆی‌دا ناتوانێت هەڵسوو کەوت بکات واتە دەست بەسەر خۆی‌دا بگرێت، توانای نییە کە گیروگرفتێکی خۆی چارەسەر بکات ئەگەر هات و بچوکیش بێت.

لەبەر ئەوە ناتوانیت بەهەموو مرۆڤێك بڵێیت مرۆڤ، هەندێك کەس هەیە کە بەس بە دوای ڕووناکی بۆ ناو ژووری خۆیان دا دەگەڕێت بیر لە زانست و ژیری ناکەنەوە بۆ پێش کەوتنی خۆیان و گەلەکەیان وە بەرزکردنەوەی ڕادەی زانیاری گەل.

بەڵام هەندێ کە کەسیش هەیە لە نیشتمان پەروەرمکان کە بەدوای جۆرەها شتی تازەو سەر سوورهێنەردا دەگەڕێن وە هەر لە هەڵسووکەوت دان بۆ پێش خستنی وڵات و فۆلکلۆری وڵاتەکەیو دۆزینەوەی چارەیەك بۆ سەربەستیو ڕزگاری نیشتمانەکەی، بەدەم یان بە نووسین لەسەر لاپەڕەکانی ژیان و چارەنووسی ئادەمیزاد، کە دەیەوێت تیشکی ڕووناکی بناسێنێت بە نیشتمان و خاکەکەی کەوا گەل بکەوێتە ژێر ئەو ڕووناکیەیە زانستە ڕۆشنبیرەوە، کەوا کەم لە گەلان دەتوانێت ئەو تیشکی ڕووناکیەیە بخاتە ناو نیشتمانەکەیەوە.

کەواتە بەم جۆرە مرۆڤانە دەتوانین بڵێین مرۆڤ، کە تەنها بەس بۆ خواردن و خواردنەوە نەژی، چارەنووسی گەلەکەی بگرێتە دەستیو ببێت بە تاجی سەری میللەت و ناو بڵاوبکاتەوە لە نێو وڵاتانی جیهان دا، لە کۆتایی‌دا دووبارە دەیڵێینەوە کەوا:

بە هەموو مرۆڤێك ناوترێت وە ناتوانرێت بووترێت مرۆڤ!

«تەمسیلی گوڵاڵە»

لەم دوایەدا کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد.. مەلبەندی گشتی سلیمانی زنجیرەی چیروکی تەمسیلی - گوڵاڵە - ی لە سێ حەلەقەدا تۆمار کرد بۆ تلفزیونی تأمیم ئەم زنجیرەیە لە ئامادەکردنی شەمال عەبەڕەش و دەرهێنانی هونەرمەند [سعدون یونس]ە.. و بە بەشداری هونەرمەند شەمال عبدالله ڕەش و شادان فؤادو فؤاد محمدامین و عبدالقادر مصطفی و دلیر مصطفی و سمیرەو نجاح عبدالکریم وحمە سعید مصطفی و فریاد خلیل و غفور عبدالله. چەند هونەرمەندێکی ترە..

هونەرمەند زاهیر عبدالله بەشداری ئەم بەرهەمەی کردووە وەك یاریدەدەری دەرهێنەر..

گوڵاڵە بریتیە لە ڕوداویکی کۆمەلایەتی.. چارەسەری کێشەیەك دەکات کە تائێستاش لە ڕۆربەی شوێنی کوردەواریماندا بەردەوامە..

Institut Kurde de Paris

چیرۆك بۆ منداڵان

نرخی کارکردن

محمد ڕەنجاو

کردوویە بە کوردی

لەڕۆهانی کۆنداو، لە شارێکی دورە دەستدا ئاسنگەرێك دەژیا، کوڕێك هەبوو ناوی پیرۆت بوو، پیرۆت هەموو ساتە وەختەکانی بە تەمبەڵیو بێکاری دەبردە سەر ئاسنگەر تا هێزو گوڕی تێدابو لە پێناوی وەدەست هێنانی بژێوی کوڕو ژنەکەیدا ڕەنجی دەدا، بەڵام وردە وردە پیری سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکرد، بۆیە ئائومێدیەوە دەیڕوانیە ئایندەی تاقانەکەی کە خۆی بەو تەمبەڵیەوە گرتبو، ڕۆژێ بانگی ژنەکەی پێی وت، ئافرەت وا من پیر بووم، ئەمساڵ بێ یا ساڵێکی تر دەمرم و پیرۆتیش بەو تەمبەڵیە پەروەردە کراوە، پاشە ڕۆژێکی ناهەموار چاوەڕێی دەکا، بۆیە دەبێ هەر لە ئێستاوە بۆ ئیشن ڕابیبێنین ژنە غەمگین بوو، چونکە دەیزانی هێندەیان پیرۆت بە خاوو خلیچکی پەروەردە کردوە، لە توانایدا نیە عانەیەك پەیدا کات، نەشی دەویرا لە ڕوی داواکاری مێردەکەیدا سەرپێچی بۆیە بۆ بەیانی هەندێ پارەیدا بە کوڕەکەیو وتی بڕۆ کوڕم تا ئێوارە مەیەوە بۆ ئەوەی باوکت وابزانێ بۆ کارکردن ڕۆیشتوی.

کوڕە کە ئێوارە گەڕایەوە ئەو پارەیەی دایکی دابویە، خستیە چنگی باوکیو ووتی ئەوە کرێی ڕۆژانەی کارکردنمە. باوکی بۆنێکی پارەکەی کردو خستیە کوڕەی ئاگرەوەو ووتی ئەم پارەیەت بە ڕەنجی شان و ئارەقەی نێو چەوانت پەیدا نەکردوە.

بۆ بەیانی دایکی هەندێکی تری پارە دا بە پیرۆت و ووتی: ڕۆڵە بڕۆ لە بەیانیەوە تا ئێوارە یاری لەگەڵ هاوڕەکانتدا بکە تا ماندو دەبیو عارەقە دەکەی تا باوکت بزانێ لە کارکردن بویو ئەو پارەیەت بە عارەقی نێوچەوان پەیدا کردوە.

پیرۆت ئامۆژگاریەکانی دایکی لە گوێ گرت و ئێوارێ کە گەڕایەوە دیسانەوە باوکی بۆنی پارەکانی کردو فرێیدانە ناو کوڕەکەوەو وتی: دەتەوێ فریوم دەی، ئەم پارانەشت بە عارەقی ناوچەوانت پەیدا نەکردوە.

دوایی دایکی بانگی کردو پێی ووت: ئیتر ڕۆڵە بەسە چیتر باوکت فریو مەدە، لە بەیانیەوە بڕۆ کارێ بۆ خۆت بدۆزەوە باوکت بۆ تۆیەتی..!

پیرۆت بەیانی زوو، لە ماڵێ چوە دەر ئەو ڕۆژە لە کێڵگەیەکدا ئیشی توتن چەقاندنی کردو ئێوارێش کە گەڕایەوە ماڵێ پارەی ئیشەکەی لە چنگی باوکی کرد. باوکیشی یەکسەر فرێیدایە ناو کوڕەی ئاگرەکەو ووتی:

بروا ناکەم ئەو پارانەت بە ڕەنجی شان پەیدا کردبێ. بەڵام ئەمجارەیان پیرۆت بە دەستە ناسکۆڵەکانی پریدایە ناو کوڕەکەو لە ناو پشکۆ سورەکانەوە پارەکەی هێناییەوە دەرێو هەمو دەستی داخ بوو، بە باوکی وت: ئەوە چدەکەی من لە بەیانیەوە لەو بەر خۆرە گەرمە بازوم کوتاوەو وەك زەنگوڵەم عارەق لە نێوچەواندا هەڵوەراندوە، تا ئەو پارەیەم پەیدا کردوە، تۆش ئاوا سوك و ئاسان فڕێی دەدەی؟

باوکی کە زانی پیرۆت فێری کارکردن بوو، زەردەخەنەیەکی هاتێو پێی ووت:

کاتێ پارەکانی ترم فرێدایە ناو کوڕەکە هیچ لە خەمیدا نەبوی چونکە بە عارەقی نێو چەوانت پەیدات نەکردبو بەڵام ئەمەیان ڕەنجی کارکردنت بوو، چاوت لێیە چەند بە نرخە، کوڕە تاقانەکەم خۆ زانیت کارکردن چەند بەنرخە پیرۆتی توند لە ئامێز توندکردو تێر تێری ماچ کرد، لە کاتێکا دوو دڵۆپ فرمێسکی شادومانی بەسەر ڕیشە سپیەکەیەوە قەتیش مابون، تەماشایەکی ژنەکەی کردو ووتی: کوڕەکەمان بوو بە پیاو.

× × ×

بەدەستکاریەکی کەمەوە لە نامیلکەی ئەفسەکانی خەڵکی شورەوی چاپی دومم کە تایبەتە بە منداڵان کراوە بە کوردی

شیعر بۆ منداڵان

هاوکاری

هەموو هەفتەیەك دادێت
ڕۆژنامەکەت ئەگا بێت
دوا لاپەڕەی هاوکاری
بۆ منداڵانە دیاری
وێنەی بە نرخ و شیرین
شیعرو چیرۆك و زانین
بڵاو ئەکرێنەوە بۆت
تۆیش بیخوێنەوە بۆ خۆت
ئاگادار بەو شت فێر بە
زانا و ئازا و دلێربە
گەر خەباتت مەبەستە
خوێندنەوەت پێویستە

وشیار احمد اسود

بۆ زاخاوی مێشك

ئامادە کردنی: محەمد ئەحمەد شاسوار

دوای کوژانەوەی ئەم دوو دێرە
هۆنراوەیەی گۆرانی مەزن (١١)
پێت ئەمێنێتەوە کە بەدوو برگە
ناوی ئەکتەرێکی ناسراوی کوردە.
بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە

ل	ه	د	ی	ه	ح	خ	ا	ب	ه	ب
م	ڵ	و	گ	ر	م	ه	ه	ب	ل	ك
ه	و	ه	ن	ا	م	س	ا	ك	ه	ه
د	ت	ل	ڕ	ی	م	ن	و	ه	ش	س
ح	ف	س	و	ا	ك	ه	ل	ر	م	ت
ن	ه	ه	و	ز	ه	ر	د	ه	ی	ێ
ی	ر	و	م	ه	ه	ر	ۆ	ز	ح	ر
و	د	ی	ل	م	ج	ن	ر	ه	س	ه
ه	ك	د	ا	ه	ه	و	م	ژ	پ	م

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی
کوردی
وەزیریە
تەنیشت
(المعهد القضائی)

تەلەفون
٤٢٥١٨٤٦
٥ خەت